

# ئایا لە پرۆسەی بونیادی دیموکراسیدا ئەلتەرناتیڤ بۆ پارتە سیاسییەکان دروست دەبێت؟

## نابێت پارتە سیاسییەکان چاوەڕێی ئەوەبن خەڵک بزانێت لە خەمی چیدان، دەبێت پارتەکان لە خەمی ئەوەدابن خەڵک لە چی نیگەرانە

• پارته سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا ڕووبەڕووی چەندین تەحدی و گرفت دەبنەوە، بەشێکیان پەیوەندی بە خودی پارتە سیاسییەکانەوە هەیە و بەشێکیشی پەیوەندی بە چەمکی دژایەتیکردنی پارتە سیاسییەکانەوە هەیە، بەڵام وێڕای ئەو هەموو تەحدیانە و ڕەخنە زۆرانەی لە پارتەکان دەگیرێن، بەڵام هەتا ئێستاش لە بونیادی دیموکراسیدا ئەلتەرناتیڤی پارتە سیاسییەکان بوونی نییە.

• وروژاندنی ئەم پرسیارە بەو ئامانجە نییە بەرگرییەکی کوێرانە لە پارتە سیاسییەکانی وڵاتی خۆمان بکەین، یان بمانەوێت بە خەڵك بڵێین حزبە سیاسییەکان هیچ ئەلتەرناتیڤێکیان نییە و دەبێت هەرچی بکەن ئێمە پێی ڕازی بین و ئەوان نەبن ئیتر ئەزموونە دیموکراتییەکەمان دەکەوێتە مەترسیەوە.

• هەروەها بەو ئامانجەش نییە، کەبڵێین ئەو قۆناخە کە پێویستمان بە بوونی پارتە سیاسییەکان هەبوو، کۆتایی هات و ئیدی پێویستمان بە هیچ پارتێکی سیاسیی نییە.

• ئەم بەدواداچوونە بۆ ئەوە نییە پاساو بۆ کەموکورتی پارتە سیاسییەکانی کوردستان بهێنێتەوە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ شرۆڤەی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەدا، ئەمەش بەیەك ئاراستە شرۆڤە ناکات بەڵکو ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا تاوتوێ دەکات، دیاریشە لە هەندێك حالەتدا ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان تا ئەو پەڕی سلبیە و لەهەندێك حالەتی دیکەشدا تا ئەوپەری ئیجابییە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەوڵبدرێت کەموکوڕی پارتە سیاسییەکان بخرێتە ڕوو بەمەبەستی چاکسازی لە نێو خودی پارتە سیاسییەکاندا، یاخود بە جارێك واز لە پارتە سیاسییەکان بهێنین و بە دوای بەدیلی دیکەدا بگەڕێن؟ ئایا بەدیلی پارتە سیاسییەکان لە بونیادی دیموکراسی چین؟ ئایا هەتا ئێستاش پارتە سیاسییەکان پێویستیەکن بۆ سیستەمی دیموکراتی؟ ئەگەر پێویستین ئایا چۆن بەڕێگەی پارتە سیاسییەکان دەتوانین سیستەمە سیاسییەکە بپارێزین؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستمان بە چوارچێوەیە کە هەتا بتوانین بیروبۆچۆنە جیاوازەکانی تیا جێگە بکەینەوە و مەسەلەکە تەنیا ئەوەندە نییە، پارتە سیاسییەکان هەبن یا نەبن؟ یان دەبێت پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان لە دەرەوەی حکومەت و سیستەمە سیاسییەکە بێت یان لە ناو حکومەت و سیستەمە سیاسییەکەدا بێت؟ هەروەها پارتە سیاسییەکان ئەگەر لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە چالاك بن و پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتییان و حکومەت و سیستەمە سیاسییەکە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکبخەنەوە، حزبی دەسەڵاتدار یان هاوپەیمانی دەسەڵاتدار بە دەستێوەردان لە کاروباری حکومەت تۆمەتباری بکات؟ یان چاو پۆشی لەسەرجەم ڕەفتارە خراپەکانی پارتە سیاسییەکان بکەین و ئەم ڕەفتارە خراپانەش بە بیانووی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەدا پەردەپۆش بکەین؟

بێگومان چوونە ناو باسێکی وا ئاڵۆز هەروا کارێکی ئاسان نییە و ناشبێت ئەم مەسەلە گرنگە لەوەدا کورتبکرێتەوە کە ئەم بۆچوونە لایەنگری ڕۆڵی پارتە سیاسییەکانە لە کۆمەڵگە بە هەموو کەموکورتییەکانی پارتە سیاسییەکانەوە، هەروەها ناشبێت بەو جۆرە سەیر بکرێت ئەم بۆ چوونە هەموو بۆچوون و ڕەخنەکانی ئەو لایەنانە ڕەتدەکاتەوە کە لە پارتە سیاسییەکانی دەگرن، نەخێر، ئەم بۆ چوونە بۆ دروستکردنی زەمینەی هاوبەشە لە نێوان هەردوولادا بۆ شیکاری ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە و لە بونیادی دیموکراسیدا، ئەم باسە ئەو بۆ چوونە ڕەتناکاتەوە کە بانگێشە بۆ جیاکردنەوەی حزب و حکومەت دەکات، بەڵام ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، بۆچی وشەی حزب بە تاك بە کاردەهێنرێت؟ ئایا لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا دیاردەی دەستێوەردانی تاك حزبی هەیە؟ یان دیاردەی فرە حزبی؟ گریمان هەموو هەوڵەکانمان بەو ئاراستەیە سەرکەوتوو بوو، توانیمان پارتە سیاسییەکان لە حکومەت جیا بکەینەوە، ئایا ئەو هەوڵانە بەرەو کوێمان دەبەن؟ ئایا هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە کەسێکی بە هێز دەربکەوێت حکومەت بەڕێوەببات و کەس نەتوانێت ئەلتەرناتیڤی حکومڕانی بۆ دروست بکات؟ ئایا کۆمەڵگەیەك توانای بەرهەمهێنانی ئەلتەرناتیڤی حکومڕانی لەمەی ئێستا باشتری نەبێت، پێی دەگوترێت کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی؟ ئایا ئەگەر بەردەوام پارتە سیاسییەکان لە ناوخۆیاندا دابەش نەبن بۆ پارتی دەسەڵاتدار و پارتی ئۆپۆزسیون دیموکراسیەت بەردەوامی دەبێت؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە ئیشکالیەتی کۆمەڵگەی دیموکراتین و دەبێت بشزانین کۆمەڵگەی دیموکراتی بێ تەنگژەو تەحدی نییە، بەڵام چۆن ڕووبەڕووی ئەو تەنگژەو تەحدیانە دەبینەوە ئەمە کرۆکی مەسەلەکەیە و نابێت بیرو بۆچوونە جیاوازەکان، وەك بیروبۆچوونی دژ بەیەك سەیر بکرێن، بەڵکو دەبێت بڕوامان بەوە بێت کارلێکی بۆ چوونە جیاوازەکان زەمینەی تێگەیشتنی هاوبەش و چارەسەری واقعیانەی دوور لە توندوتیژی وسەپاندن دێنێتە ئاراوە، کە ئەمیش سیمای کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بونیاد دەنێت.

## تەنگژەی پارتە سیاسییەکان تەنگژەیەکی جیهانییە و کاریگەریشی لەسەر سیستەمە سیاسییەکان دروستکردووە

پرۆفیسۆر کینس پۆلاك کە سەرۆکی سەنتەری ناشناڵ دیموکراسییە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگە تازەپێگەیشتوەکاندا دەڵیت : من بە دوو سیفەت لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە قسەدەکەم، یەکەمیان وەك سەرۆکی سەنتەری ناشناڵ دیموکراسی کە دیراسەتی دیموکراتی لەسەرانسەری جیهان دەکات، دووەمیان وەك چاودێرێکی نزیکی بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ) ئاماژە بەم خاڵانە دەکات :

١- پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتوو و پێشکەوتووەکانیشدا ڕووبەڕووی تەنگژە بوونەتەوە.

٢- پارتە سیاسییەکان کۆمەڵێك کەموکورتی دیاریان هەیە.

٣- بەڵام هێشتا ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە بوونیادی دیموکراسیدا نییە.

پرۆفیسۆر ۆلاك لەمەش زیاتر جەخت لەسەر پێویستی پارتە سیاسییەکان بۆ بونیادی دیموکراسی دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەوڵەکانی پێشتر بە درێژایی مێژوو بۆ بونیادی دیموکراتی بەبێ بوونی پارتە سیاسییەکان شکستیان هێناوە، بۆ

●●●
**کۆمەڵگەیەک توانای بەرهەمهێنانی ئەلتەرناتیڤی حکومڕانی لەمەی ئێستا باشتری نەبێت، پێی دەگوترێت کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ؟ ئەگەر بەردەوام پارتە سیاسییەکان لە ناوخۆیاندا دابەش نەبن بۆ پارتی دەسەڵاتدار و پارتی ئۆپۆزسیون دیموکراسیەت بەردەوامی دەبێت ؟**
●●●

●●●
**جۆرج واشنتۆن حزبی سیاسیی وەک خراپترین دوژمنی دیموکراتی میللی پۆلێن کردووە، شارڵ دیگۆلیش کە دامەزرێنەری کۆماری پێنجەمی فەرەنسایە هەموو هۆکارەکانی شکستی فەرەنسا بۆ پارتە سیاسییەکان دەگەڕێنێتەوە**
●●●

ئەم شکستەش نموونەی دووسەرکردە دەهێنێتەوە کە لەسەر ئاستی دوو نەتـــەوەی گەورەی وەك نەتەوەی فەرەنســـا و ئەمەریکا وەك پاڵەوانـــی رزگاری و باوکی نەتەوە پێناســـە کراون، کە ئەوانیش ژەنراڵ دیگۆل و جۆرج واشنتۆنە.
مێـــژوو پێمـــان دەڵێت ئەم دوو ســـەرکردە گەورەیە کـــە توانییان دوونەتەوەی مەزن رزگار بکەن، ئەو دووســـەرکردەیەن کە زۆر لە پارتە سیاســـییەکان بێزار بوون، تەنانەت جۆرج واشنتۆن لەیەکێك لە گوتارەکانیدا کە ئاراســـتەی گەلی ئەمەریکای دەکات، زۆر راشـــکاوانە گەلی ئەمەریکا لەو مەترسییانە هۆشیار دەکاتەوە کە بەرنگەی حزبە سیاسییەکان رووبەڕووی گەلی ئەمەریکا دەبێتەوە، زیـــاد لەمەش جۆرج واشـــنتۆن حزبی سیاســـیی وەك خراپترین دوژمنی دیموکراتی میللی پۆلێن کردووە، شـــارڵ دیگۆلیش کە دامەزرێنەری کۆماری پێنجەمی فەرەنسایە هەموو هۆکارەکانی شکستی فەرەنســـا بۆ پارتە سیاســـییەکان دەگەڕێنێتەوە، بەڵام هەردوو ســـەرکردە (واشنتۆن و دیگۆڵ) هەوڵەکانیان بۆ بونیادی سیســـتەمێکی نوێ بەرەو ئەو سیستەمە هەنگاوی پێهەڵگرتن کە پارتی سیاسیی دەکاتە بنەمای دیموکراسی.

(Generals George Washington and Charles de Gaulle extremely disliked political parties. Nevertheless, each of them contributed towards the establishment of anew political system that led to a stable party-based democracy)

کەواتە پارتە سیاســـییەکان بەم ئاراستەیە لەو جوغزە دەردەچن کە ئێمە وەك لایەنگیری پارتەکان یان دژی بوونی پارتەسیاسییەکان لە کۆمەڵگە سەیری دەکەین، راستە پارتە سیاسییەکان پێویستیەکی گرنگـــی بونیادی دیموکراســـین، بەڵام خۆشـــی لە و راســـتیە دوورناخاتەوە لە کاتێکدا پارتە سیاســـییەکان بێ هێز بن و نەتوانن رۆڵی خۆیان ببین، ئەوا دەبنە تەماشاکەری کودەتا سەربازییەکان و گردبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی دیکتاتۆرێکی بەهێزدا، نموونەی ئەو حاڵەتانە لە دەوروبەری خۆمان هەن، وەك بارودۆخی سیاسیی هەشـــتاکانی تورکیا و کۆتایی نەوەتەکانی پاکســـتان، لە هەردوو حاڵەتدا ســـوپا لـــە هەردوو وڵات پەنای بۆ کودەتای ســـەربازی بردووە و حزبە سیاســـییەکان هیچیان پێنەکراوە، پاشـــانیش لەژێر سایەی کودەتای سەربازی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادەکردووە و بەشـــداری هەڵبژاردنیان کردووە، لە روسیای سەردەمی بۆریس یەڵتسن و فلادمیر پۆتینیشـــدا، هەردووکیان (پۆتین و یەڵتسن) دژی رۆڵی پارتە سیاســـییەکان بوون و تەنانەت پوتین ئەندامی هیچ پارتێکی سیاســـیی نەبووە و تەنیا حزبێك کە پشتگیری لە پوتین کردبێت رێژەی لە٢٥٪ی کورســـیەکانی دۆمای بەدەســـت هێناوە، ئەمە نیشـــانەی ئەوەیە کاتێك پارتە سیاسییەکان رۆڵیان نابێت یان بونیان نەبێت ئەوە سیستەمە سیاسییەکەی دیموکراسی دەکەوێتە مەترسیەوە، هەروەك چۆن ئێستا لە پاکستان بارودۆخەکە دەبینن و لە روســـیاش فلادمیر پۆتین ئەو تاکە کەسە بەهێزەیە کە خەریکە پرۆسە دیموکراسیەکە بە لارێدا دەبات.

## ئەو کاتانەی پارتە سیاسییەکان

## دەبنە هەڕەشە لەسەر دیموکراسی

ئیشکالیەتی سیســـتەمی دیموکراسی (مەبەســـت لە سیستەمی دیموکراســـی، دیموکراســـیەتی نوینەرایەتیە، نەك دیموکراتیەتی میللی کە هەرگیز دروســـت نابێت) ئەوەیـــە کە بێ بوونی پارتە سیاسییەکان دروســـت نابێت، بەڵام هەموو پارتە سیاسییەکانیش دیموکراســـیەت بەرهەم ناهێنن، ئەوەی گرنگـــە لێرەدا، راگرتنی ئەو باڵانســـەیە، پارتـــەکان دەبێت چۆن بن بۆ ئەوەی پرۆســـەی دیموکراســـی بـــەردەوام بێت؟ ئایا بێجگە لە پارتە سیاســـییەکان میکانیزمێکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ دەسەڵات بکات؟ هەندێك پێیان وایە بەڵێ ســـەروەریی یاسا دەتوانێت بریارە هەڵەکان رەتبکاتەوە، سەرۆکی دەوڵەت دەتوانێت دوای هەڵبژاردنی پێشـــوختە بکات، پەرلەمان دەتوانێت دانیشـــتنی گوێگرتن بۆ ســـەرۆکی حکومەت سازبکات و پاشان مەســـەلەکانی رووبەڕوو بکاتەوە..هتد.
بـــەڵام هەموو ئەم میکانیزمانە ناتوانێـــت بەدیل بۆ حکومڕانی دستنیشان بکات و بڵێت ئەوە ئەو حکومەتە متمانەمان لێسەندەوە و بڕیارە سبەی حکومەتێکی دیکە پێکبهێنرێت،بە پێچەوانەوە هەموو ئـــەو میکانیزم و هەوڵانە بۆ ئەوەیە کە جارێکی دیکە زەمینەیەك دروســـتبکرێت بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان ئەلتەرناتیڤی خۆیان بخەنە بەردەستی دەنگدەران و ئەو حکومەتە بگۆڕن.
ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستە کردنە، مەرج نییە هەموو جارێك ئەو پارتەی دەســـەڵاتی حکومەتی بەدەســـتەوەیە، وەك تاوانبار مامەڵـــەی لەگەڵـــدا بکرێت و لە حکومـــەت دووربخرێتەوە، یان هاوڵاتیان دەنگی پێنەداتەوە، بۆ ئەمەش نموونە لەبەر دەستن وەك تورکیا کە نزیکترین دراوسێی هەرێمی کوردستانە :

- لە مارتی ٢٠٠٧ بەهۆی تەنگژەی نێوان ســـوپا و پارتی داد و گەشەپێدان کەحکومەتی بەدەستەوە بوو، سەرۆك کۆماری تورکیا بریاریدا کە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە تەموزی ٢٠٠٧ ئەنجامبدرێت و پارتە سیاســـییەکان بەدیلی دیکە بخەنە بەردەم دەنگدەران، بەڵام وەك هەموومان بینیمان هاوڵاتیانی تورکیا نەك هەر متمانەیان لە پارتی داد وگەشـــەپێدان نەســـەندەوە، بەڵکو بە جۆرێك متمانەیان پێدایەوە، کە نەك هەر حکومەت بەڵکو پارتی داد و گەشـــە پێدان ئەمجارەیان پۆستی سەرۆك کۆماریشی بردەوە.لێرەدا ئەگەر لەسەر ئـــەو گریمانەیە قســـە بکەین و بڵێین ئەگەر بەپێی دەســـتوور و دادگای بـــاڵای تورکیـــا و دوور لە حزبە سیاســـییەکان مامەڵە لەگەڵ پارتی داد و گەشەپێدان بکرایە، ئایا سیستەمی سیاسیی تورکیـــا بەرەو کوێ هەنگاوی هەڵدەگرت؟ ئایا ئەگەر پارتی داد وگەشـــە پێدان متمانەشی لێنەســـرابایەوە ئەم حکومەتەی ئێستا دەبوو؟ ئایا پارتە سیاســـییەکانی تورکیا دەگەیشـــتنە قەناعەت، کە هاووڵاتییان ئـــەو بەدیلەیان قبوڵ نییە کەئەوان دەیخەنەڕوو.؟ ئایا بێجگە لە پارتە سیاســـییەکان هیچ کەســـێك دەیتوانی باس لەوە بکات دەســـتورەکەی ئەتاتورك پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە؟ ئایا لایەنگرانی سیســـتەمی سیاسیی ئەتاتورك بەوە رازی دەبوون پارتێکی سیاســـیی کە پاشـــخانێکی ئیسلامی هەیە بە شێوەیەك کاربکات کە لەگەڵ سیســـتەمە ســـکۆلاریزمەکەی تورکیا دژ و پێچەوانە نەبێت؟
- جۆرج بوش ســـەرۆکی ئیدارەی ئەمەریـــکا لە ٢٠٠٠-٢٠٠٨

●●●
لە کاتێکدا پارتە سیاسییەکان بێ هێز بن و نەتوانن رۆڵی خۆیان ببین، ئەوا دەبنە تەماشاکەری کودەتا سەربازییەکان و گردبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی دیکتاتۆرێکی بەهێزدا وەک بارودۆخی سیاسیی هەشتاکانی تورکیا و کۆتایی نەوەتەکانی پاکستان
●●●

●●●
هەتا ئێستاش تەنیا پارتی و یەکێتی دەتوانن بەدیلی حکومڕانی بۆ یەکتری دروست بکەن، لەدەرەوەی پارتی و یەکێتی هەر بەدیلێک دروست بکرێت سەرکەوتوو نابێت
●●●

خاوەنــی بڕیاری گەورەترین دووشــەڕی ئەمەریکایە لە دەرەوەی ســنوری خۆی و خاوەنی ئەو بڕیارەیە کــە دوو وڵاتی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان داگیربکات و شەرعییەتیش بە داگیرکردنەکەی بدات کە ئەویش ئەفغانستان و عێراقە.
ئاشــکرایە بۆ شــەڕی یەکەم کە رووخانی رژێمــی تاڵیبان بوو، جورج بوش هەم شەرعییەتی نێو دەوڵەتی بەدەستهێنابوو، هەمیش کۆنگرێس شەرعییەتی پێدا کە ئەو شەڕە بکات، بەڵام بۆ دووەمیان کە رووخانی رژێمی ســەدام حوسێن بوو، شەرعییەتی نێودەوڵەتی بۆ ئەو شــەڕە پێنەدرا، بەڵام کۆنگرێس وێــرای بوونی ناڕەزایی دیموکراتەکان کەچی شەرعییەتی شەڕەکەی پەسەند کرد، ئەمەش واتە بەپێی یاساکانی دەوڵەتی ئەمەریکا سەرۆکەکەی دەسەڵاتێکی شــەرعی هەیە بۆ ئەوەی ئەو شــەڕە بــکات، بەپێی بۆ چوونی ئەوانەی پێیان وایە کە دەبێت حزب لە حکومەت جیابکرێتەوە، دەبوو دیموکراتەکان ئیدی بۆ بەدیل نەگەڕێن و لەبەر ئەوەی کونگرێس شــەرعییەتی بە بــۆش داوە ئیدی دروســتکردنی بەدیلی دیکە دەبێت بە دەستێوەردانی حزب لە حکومەت، نەخێر، دیموکراتەکانی ئەمەریکا نەك هەر لە دروستکردنی بەدیل رانەوەستان بەڵکو پێش ئەوەی گەلی ئەمەریکا بگەیەننە قەناعەت، کە ئەو ســتراتیژەی جــورج بۆش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەحەدیەکانی ســەدەی ٢١ گرتویەتە بەر هەڵەیە، بەڵکو توانییــان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێت:

●●●
**دەبێت واز لەو بۆچوونە تەقلیدیە بێنیین کە پێمان وایە ئەندامی حزب دەبێت لە هەموو بۆچوونەکانیدا لەگەڵ حزب یەکبگرێتەوە**
●●●

١- پێش هەموان و لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٤ی ئیسپانیا، ئیسپانیا ناچار بوو هێزەکانی لە عێراق بکێشێتەوە.
٢- لــە ســاڵی ٢٠٠٧ تۆنــی بلێر ناچــار بوو دەســت لە کار بکێشێتەوە.
٣- لــە ٢٠٠٨ دیموکراتەکان ســەرکەوتنێکی ئەو تۆیان بەســەر کۆمارییەکان بە دەســت هێنا، کەپێش کۆتایی هاتنی بە فەرمی لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان جۆن ماکینی رکابەر و ســەرۆك بوش پیرۆزباییان لە سەرۆکی هەڵبژێردراو باراك ئۆباما کرد.
ئۆباما لە هەموو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، هەڵەکانی سیاسەتی ئیدارەی بوشی خستە بەردەم دەنگدەرانی ئەمەریکا، ئەوەی ئۆباما ودیموکراتییەکان بە هەڵە خســتیانە بــەردەم دەنگدەران، هیچیان بەپێی دەســتوور و یاســاکانی ئەمەریکا هەڵەنین، بەڵام لەدیدی دیموکراتەکان و شەخســی ئۆباما بەردەوام بوون لەسەر ئەم شێوازە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەســەر ئاستی دەرەوە و ناوەوە دەخاتە مەترسیەوە، بێگومان دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٤ یش هەمان هەوڵیانــدا، بەڵام ئەو کات نەیانتوانی ئەو بیروبۆچوونەی هەیانبوو وەك بەدیل بۆ سیاســەتی بوش دەنگدەرانی ئەمەریکای پێ رازی بکەن، هەندێك لە ســاڵی ٢٠٠٤ بەو شێوەیە تەفسیری چۆنیەتی دەنگدانــی دەنگدەرانی ئەمەریکایــان دەکرد، گەلی ئەمەریکا کە دەوڵەتەکەی لە شەڕدا بوو دەنگ بەو سەرۆکە دەدات کە ئەو شەرە بەرێوە دەبات، بەڵام دیموکراتەکان سەلماندیان لەگەڵ ئەوەی ئەم بۆچوونە تارادەیەك راستە بەڵام گەلی ئەمەریکا هەموو کات پشتگیری شەڕ ناکات کە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بخاتە مەترسییەوە.

●●●
**پارتی و یەکێتی دەبێت خەمی سەرەکیان ئەوەبێت چۆن وەڵامی پرسیارەکانی خەڵک دەدەنەوەو چۆن لەبەر رۆشنایی گلەیی و گازندەی هاوڵاتیان چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزنەوە.؟**
●●●

ســەرۆك بوش بۆ راســتکردنەوەی هەڵەکانی یان بۆ پێداچوونەوە چۆنییەتی بەرێوەبردنی ئەو شــەڕە لە ســاڵی ٢٠٠٦ پەنای بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی دوو پارتی (دیموکرات و کۆمارییەکان) برد بۆ ئەوەی دیراســەتی بارودۆخەکەی بۆ بکەن کە ئەویش لیژنەی بیکەر هاملتۆن بوو، راســتە رەزامەندی کۆنگرێسی وەرگرت بۆ ناردنی هێزی زیاتر بۆ عێراق، بەڵام دژایەتی دیموکراتەکان بۆ ئەو هەوڵانە نەخرانە ئەو قاڵبەی کە دیموکراتەکان دەست لە کاروباری حکومەتی ئەمەریکا وەردەدەن.
ئیسپانیاش هەمان شــێوازە، حکومەتی ئیسپانیا کەیەکێك بوو لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی پرۆســەی رزگارکردنی عێراق، دوای رەزامەندی پەرلەمان و بەبڕیاری حکومەت هێزی رەوانەی عێراق کرد، بەڵام پارتی بەرهەڵستکار دژی ئەم بڕیارە بوو، بۆیە بەدیلی بۆ حکومەتی ئیسپانیا دروستکرد و لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت و دوای سەرکەوتنیشــی یەکەم دەوڵەتــی نێو هاوپەیمانییەکە بوو هێزەکانی لە عێراق کێشایەوە.
ئەم نموونانە پێمان دەڵین، حزبی سیاسیی لە سیستەمی سیاسیی دیموکراتیدا چەنــد گرنگن، هەروەها پێمــان دەڵێت تەنیا حزبی سیاسیی دەتوانێت بەدیل دروست بکات و هەڵەکان راستبکاتەوە.

## پارتە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان



لە هەرێمی کوردستاندا دیاردەی فرە حزبی نەك لەسەر ئاستی بیروبۆچوونی سیاسیی بەڵکو لەسەر ئاستی جیاوازی ئەتنی و ئایینیش بوونییان هەیە، هەموشیان پێکەوە لە پرۆسە سیاسییەکە وەك بەشدار لە حکومەت و دەسەڵات بەشدارن، ئەم بەشداربوونەش بە جۆرێکە کە دەتوانین بڵێین لایەنی ئۆپۆزسیون لە کوردستان بوونی نییە، یان ئەگەر بونیشی هەبێت لەو ئاستە نییە کە بەدیلی بۆ ئەم دەسەڵاتە هاوبەشە بەگشتی و دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەتایبەتی هەبێت، لە کاتێکدا ئەگەر لایەنی ئۆپۆزسیون و بەرهەڵستکاری بەرنامە و بەدیلی باشیشی هەبێت بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە، پێگەی خۆی لەو ئاستە نییە کە خەڵك متمانەی پێبکات یان متمانەی خۆی تەسلیم بکات.

ئەم ئیشکالیەتەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان هەروا لە خۆوە دروست نەبووە، هەروەها قبوڵکردنیشی لەلایەن هاووڵاتییانی کوردستانەوە بە بێ هۆکار نییە، بۆ ئەوەی باشتر خاڵبەندی ئەم واقیعە بکەین، دەبینن :

١- پارتی و یەکێتی کە دوو لایەنە گەورەو سەرەکییەکەی کوردستانن و تەنیا بەم دووپارتەش لە هەرێمی کوردستاندا



دیموکراسیەت بەردەوامی دەبێت (مەبەستمان لەوەی تەنیا بە پارتی و یەکێتی پرۆسەی دیموکراتی بەردەوامی دەبێت ئەوەیە، هەتا ئێستاش تەنیا پارتی و یەکێتی دەتوانن بەدیلی حکومڕانی بۆ یەکتری دروست بکەن، لەدەرەوەی پارتی و یەکێتی هەر بەدیلێك دروست بکرێت سەرکەوتوو نابێت، کە دەڵێن سەرکەوتووش نابێت مەبەستمان ئەوە نییە خەڵك لە گۆڕانگاری یان پرۆسە سیاسییەکە نائومێد بکەین، بەڵکو ئەمە واقیعی کوردستانە و ئێستاش بێجگە لە پارتی و یەکێتی تێکڕای حزبە سیاسییەکانی کوردستان ڕێژەی لە ١٠٪-١٥ی دەنگەکان بەدەست ناهێنن،) بەڵام گرفتی سەرەکی پارتی و یەکێتی لەو خاڵەدا شکستی هێناوە کە نەیانتوانیوە لەگواستنەوەی خواستەکان لەسەر ئاستی تاك بۆ سەر ئاستی نیشتمانی سەرکەوتوو بن، ئێستا پارتی و یەکێتی هەوڵی ئەوە دەدەن خەڵك لە سیاسەتەکەیان تێبگات و بزانن خەریکی چین، هەروەها پارتی ویەکێتی مەسەلەی ڕەفتاری نابەرپرسانەی ئەندامەکانیان وەك دەرهاویشتەی قۆناخی ئینتقالی سەیر دەکەن، لەبەر ئەوەی خۆیان بە ئاسایی سەیری دەکەن، دەیانەوێت خەڵکیش بە ئاسایی سەیری بکات، ئەم حاڵەتە دیاردەیەکی سەیر و نەشازی دروستکردووە کە بەبۆچوونی ئێمە بریتیە لە:

- هاوڵاتیانی کوردستان هەتا ئەو خاڵە پشتگیری لە سیاسەتی پارتی و یەکێتی دەکەن.، کە گەیشتوونە قەناعەت بۆ ئەمڕۆ تەبایی و یەك هەڵوێستی پارتی و یەکێتی خزمەتی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانیان دەکات.
- بەڵام هاووڵاتییانی کوردستان لەو خاڵەدا دژ و پێچەوانەی سیاسەتی پارتی و یەکێتین، کە دەبینن ئەم ئامانجە پیرۆزە لەلایەن دەستەبژێری سیاسیی هەردوولاوە ئیستغلال کراوە و کاریگەری سلبی لەسەر بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتی وەك تاك دروستکردووە.
- بۆ ئەم قۆناخە کە هەتا ئێستاش بەرێژەی ٨٠٪ی خەڵکی کوردستان بێجگە لە پارتی و یەکێتی لایەنێکی دیکە بە شایستە نازانێت کە متمانەی خۆی پێبدات وبە بەدیلی پارتی و یەکێتیان بزانێت، نابێت ئەم قەناعەتەی خەڵك لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە ئیستغلال بکرێت، بەپێچەوانەوە دەبێت لق و مەڵبەندەکان و ناوچە و کۆمیتەکان، ڕێکخراو و پۆلەکان، شوێنی گونجاوی وتوێژی گۆڕانکاری و دروستکردنی بەدیل بێت بۆ ئەو ئەندامانەی پارتی و یەکێتی کە پێشتر هەردوولا وەك شیاوترین کەس بۆ پۆستە گشتیەکان پاڵاوتویانوون.
- دەبێت پارتی و یەکێتی بەوەفا بن بۆ دروشمەکانییان، بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان، دەبێت ڕۆڵیکی کاریگەر لە چارەسەرکردنی کێشەکان بگێڕن، نەك هەوڵبدەین لە پرۆسە سیاسییەکە جیایان بکەینەوە، ئەم جیاکردنەوەیەی پارتی و یەکێتی لە حکومەت و پرۆسەی سیاسیی، خەڵکی کوردستان لە پارتی و یەکێتی نائومێد دەکات، بەڵام نابێت هیچ کەس بە نائومێد بوونی جەماوەر لە پارتی و یەکێتی دڵخۆش بێت. بۆچی؟

لەبەر ئەوەی : یەکەم / لە دەرەوەی پارتی و یەکێتی بەدیل نیە، دووەم /نائومێدبوونی جەماوەر لە پارتی ویەکێتی دەبێتە نائومێد بوون لە پرۆسە سیاسییەکە و بەشدار نەبوونی خەڵك لە پرۆسە سیاسییەکەدا، ئەمەش سەرەتا پرۆسە سیاسییەکە دووچاری شەلەل دەکات. بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئامانجی ئێمە ئەوەیە

●●●

**پارتە سیاسییەکانی کوردستان دەربڕین و لێدوانی بوێرانەیان هەبێت و دان بەوەدا بنێن کە (بەشێکی گەورە وسەرەکی ئەو کەموکورتیانەی ئەمڕۆ لە سیستەمە سیاسییەکەدا هەیە دەکەوێتە سەرشانی ئەوان)**

●●●

●●●

**دامەزراوەیەکی نموونەیی بێ کەموکورتی نییە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەکی نیشتمانی ناتوانێت بەبێ ڕۆڵی حزبەکان بە باشی کارەکانی بەڕێوە ببات، لە سەرو هەمووشیانەوە حکومەت**

●●●

پرۆســه سیاسییەکە تووشی شەلەل بکەین، یان لە چەقبەستوویی رزگاری بکەین و بیکەینە سیســتەمێکی چالاکی ئەوتۆ کە لە ئاستی خواستەکانی جەماوەر بێت.

• دەبێت ئەندامانی پارتی و یەکێتی چیدیکە بە بیانووی ئەوەی فلان وەزیر ئەندامی مەکتەبی سیاســیی پارتییە یان یەکێتی یە، یان فلان بەرێوەبەری گشــتی ئەندامی لــق یان مەڵبەندە، هەڵە و کەموکورییەکان نەشــارنەوە، بــە پێچەوانەوە دەبێت لە ناو لق و مەڵبەندەکانەوە کەموکوری ئەو بەرپرسانە بگاتە جەماوەر و هەر لە ناو لق و مەڵبەندەکانیشــەوە بە دیلەکانییان بە خەڵك ئاشنا بکرێن، لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە بە دیلەکان هەر تەنیا ئەندامانی پارتی و یەکێتی بن، بەڵکو دەشێت کەسێکی پسپۆڕیان تەکنوکرات بێت، پارتــی و یەکێتی پێیان وابێت بۆ ئــەم قۆناخە ئەم گۆڕانکارییە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردستان دەکات.

**نابێت کۆمەڵگەی مەدەنی بە سیاسیی بکرێت**

• خالێکی دیکە کە بۆتە هۆکاری شــاردنەوەی سەروەرییەکانی پارتی و یەکێتی لەم قۆناخە هەستیارەدا، چۆنیەتی کاندید کردنی ئەندامەکانی خۆیانە بۆ پۆســتە گشتیەکانی حکومەت.لەوانەیە ئەندامێکی پارتی یان یەکێتی بە کەسێك رازی بێت لە ناو حزبەکەی خۆیدا بەرپرســیاریەتێکی حزبی هەبێــت، هەربۆنموونە لەوانەیە ئەندازیارێك یان پزیشــکێك کە ئەندامــی پارتی و یەکێتیە، بەوە رازی بێت یەکێك لەوانەی پارتی و یەکێتی بۆ پۆستێکی گشتی کاندیدی دەکات، کە بەرپرســی بێت لە چوارچێوەی حزبدا،بەڵام رازی نەبێت پۆستێکی گشــتی پێبدرێت، لەوانەش هۆکاری ئەو رازینەبوونەشی راســت بێت، بەڵام کەس نەبێت گوێی لێبگرێت، بۆیــە گرنگە پارتی و یەکێتی کاندیکردنــی ئەندامەکانییان بۆ ســەرکردایەتی یان لق و ناوچەکان لە کاندیکردنی ئەندامەکانیان بۆ پۆستە گشتیەکانی حکومەت جیابکەنەوە، واتە نابێت پرۆسەی کاندیکردنی ئەندامانی پارتی ویەکێتی بۆ پۆستەکانی حکومەت، پرۆسەیەکی داخراوی ناو مەکتەبی سیاسیی هەردوولا بێت وبەس، بەڵکو پێویستە ئەم پرۆسەی کاندیدکردنە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت و لە باتی کاندیدکراوێك چەند کاندیدێك بۆ پۆســتە گشتییەکان لەبەردەم مەکتەبی سیاســیی هەردوولابێت، لەلایەکی دیکە دەبێت کاندیدی پۆســتە گشتییەکان (کە لەوانەیە لەم قۆناخەدا پۆستی وەزیرەکان لەبەر ئەوەی پۆســتێکی سیاســییە مەرج نەیگرێتەوە) بەتایبەتی لە خوار پۆســتی وەزیرەکانەوە مەرجدار بێت و مەرجی پســپۆری و بڕوانامە و ئەزموون لەبەرچاو بگیرێت وجەماوەری پارتی یان یەکێتی پێی رازی بێت، خۆ ئەگەر بکرێت جەماوەری هەردوولاش پێــی رازیبن ئەوە باشــتر و گۆڕانکارییەکان خێراتر دەکات. ئەمــە پێمان دەڵیت دەبێت شــەفافییەت و کرانەوە لە ناو خودی پارتی و یەکێتیەوە دەســت پێبکات ئێمە ناتوانین چاوەڕێی کۆمەڵگەییەکی کراوە و شەفاف بین لە کاتێکدا پارتی و یەکێتی بڕوایان بە کرانەوە و شەفافییەت نەبێت.

**دەبێت ژیانی سیاسیی نێو پارتەسیاسییەکان، بەردوام مەشقپێکردنی ئەندامانی حزبەکە بێت بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە یان ئامادەبکرێن بۆ ئەو کاتانەی وەک کاندیدی حزب بۆ پۆستە گشتییەکان کاندید دەکرێن**

• دەبێــت پارتی و یەکێتی بگەنە قەناعــەت کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدنی جێگەی ئەوان ناگرنەوە، بۆیە پێویستە چیتر هەوڵنەدەن سیمای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان بگۆڕن بۆ سیمای ڕێکخراو و کەرتەکان، دەبێت واز لەو بۆچوونــە تەقلیدیە بێنیین کە پێمان وایە ئەندامی حزب دەبێت لە هەموو بۆچوونەکانیدا لەگەڵ حزب یەکبگرێتەوە، هــەر بۆنموونە لەوانەیــە ڕێکخراوی مامۆســتایان لەگەڵ ئەو بڕیــارەی پارتی و یەکێتی یەکنەگرنەوە کە بڕیارییانداوە قوتابیان یان خویندکارانی کەســوکاری شــەهید چەنــد نمرەیەکییان بۆ زیادبکرێت بۆ ئەوەی لە کۆلێژ وپەیمانگاکان وەربگیرێن. بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە مامۆســتایان (ئینجا چ ئەندامی پارتی بن یان یەکێتــی ) کە دژی یەکێتین یان پارتی، بەپێچەوانەوە ئەو مامۆســتایانە هەر ئەندامی پارتــی و یەکێتین و دەبێت یەکێتی و پارتیش وەك مامۆســتایانی خەمخۆر بۆ ئایندەی زانســت لە کوردســتان موناقەشــەیان لەگەڵدا بکات، نەك بڵێت ئەوەی بەو بڕیارە رازی نەبێت لە حزب دەردەکرێت.

• دەبێــت پارتی و یەکێتی چۆن لە رۆژانی ســەردەمی خەباتی شاخ دروشمەکانییان شەفاف و ئاشکرا بوو، راستەخۆ بە ئەندامانی خۆیــان دەگووت : ئــەوەی دەبێتە پێشــمەرگە دەبێت بزانێت چ ئاکامێك چاوەڕێی دەکات، دەبێت بزانێت بێجگە لەوەی خۆی وەك پێشــمەرگە هەموو کات لەگەڵ مەرگ رووبەڕوودەبێتەوە، ئەوا ژن و ماڵ و کەســوکار و دایك وباوکشیمان رووبەڕووی چەندین گرفت وکارەســات دەبنەوە و دەبێت ئەوەی لا ئاشکرابێت قۆناخی رزگاری نیشتمانی چ باج وقوربانیدانێکی دەوێت، دەبێت ئەمڕۆش دروشمەکانییان شــەفاف وئاشکرا بێت و بەئەندامەکانی دوێنی و ئەوانەش ئەمڕۆ دێنە ریزەکانییانەوە بڵێین، دروشــمی ئەمڕۆمان پاراســتنی دیموکراسی و پێشــکەش کردنی حکومڕانی باشە بۆ خەڵکی کوردســتان، ئەمەش وەك قۆناخی رزگاری نیشــتمانی پێویســتی بە باج و قوربانیدانە، بەڵام چۆن دروشمی ئەمڕۆمان لەگەڵ دوێنێ جیاوازە، بەهەمان شێوە باج وقوربانیدانی ئەمڕۆشمان لــە دوێنێ جیاوازە و ئەمڕۆ ئەرکی سەرشــانی ئەندامانی حزب ئەوەیە:

١- نابێــت ئەندامانــی پارتی و یەکێتــی ئەوەیان لاگرنگ بێت هاووڵاتییان چۆن وەڵامی پرسیارەکانییان دەداتەوە، دەبێت خەمی سەرەکیان ئەوەبێت چۆن وەڵامی پرســیارەکانی خەڵك دەدەنەوە؟و چۆن لەبەر رۆشــنایی گلەیی وگازندەی هاوڵاتیان چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزنەوە.؟

٢- دەبێت ئەندامانی پارتی و یەکێتی سوربن لەسەر ئەوەی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بدۆزنەوە، دەبێت بزانن هەڵبژاردنی کەسەکان بۆ شــوێنە گشــتییەکان، حزب دەخاتە بەردەم هەڵســەنگاندنی جەماوەر و ئەوکەسە دەبێتەپێوەر بۆ رەفتار و سیمای باش وخراپی حزب لەبەردەمی جەماوەردا، ئەمە لە هەڵبژاردنی کەســەکان بۆ پۆســتەکانی ناو حزب بەو ئاستە کێشە نییە، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەندامانی حزب بە بڕیاری سەرکردایەتیەکەیانەوە پابەند بن و لێی دەرنەچن، بەڵان ئەم پابەندبوونە لەبەرامبەر پۆســتە گشتییەکاندا لای جەماوەر بوونی نییە.

٣- پاداشتی ماندوبوون و قەرەبوکردنەوەی بنەماڵە تێکۆشەرەکان، پێدانی ئیمتیاز نییە لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتییان، دەبێت هەموو کات ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئەگەر ئەو شەهیدە زیندو بێتەوە و ببینێ لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی پاداشتی قوربانیدانەکەی دراوەتەوە، ئەوا شــەرم لەو ئامانجەش دەکاتەوە کە لە پێناویدا شەهید بووە، یان ئەو بەرپرسانەی ئەمڕۆ کە دەیانەوێت خەباتی دوێنیان بە نەوەی ئەمڕۆ ســاخبکەنەوە، ئەگەر تۆزێك لە

رابردووی خۆیان رابمێنن و لە خۆیان بپرسن ئێمە بۆچی خەباتمان کرد؟ ئایا بەوە رازی دەبن داوای پاداشـــتی رابردومان لێبکەنەوە؟ ئایا لە خۆی نەپرسیووە ئەو بەرێزە قەرەبووکرنەوەی سەرکردەکانی پێش خۆی ئەرکی سەرشـــانی نییە، کە زۆربەیان لە پێناوی ئەم رۆژەدا لە ســـێدارە دراون، ئایا ئەوان بەوە رازی دەبن بە کۆشك و تەلار و پارە قەرەبوو بکرێنەوە، یان داوامان لێدەکەن خەبات بەردەوام بێت بۆ رزگاری و خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی.

٤- ئایـــا ئەندامانی پارتی و یەکێتی لە خۆیان پرســـیووە بۆچی گەنجـــەکان وەك پێویســـت هاوکاریان ناکەن، ئایـــا بەرنامەیەکی ئاشکرایان هەیە بۆ کێشەی گەنجان ولاوان؟

٥- ئایـــا ئەندامانی پارتی ویەکێتی ئەو راســـتیەیان لەبەر چاوە ئەگەر پارتی و یەکێتی لەم قۆناخە ناســـکەدا ســـەرنەکەون یان لاوازبن، بۆشـــاییەکانی ناو حکومەت چـــۆن پردەکرێتەوەو چۆن دیاردەی گەندەڵی سەرتاپای کۆمەڵگە دەگرێتەوە؟ ئایا لە خۆیان پرســـیووە ئەگەر ئەوان رۆڵی خۆیان نەبینی ئەو بۆشاییانە چۆن پردەکرێنـــەوە؟ ئایا لە خۆیان پرســـیوە بێئومێد بوونی جەماوەر لە سیاسەتەکانییان هیواو خۆزگە بۆ گەرانەوەی دیکتاتۆرییەت زیاد دەکات؟

## چۆن ئەم باردۆخە ناهاوسەنگە راستدەکرێتەوە

حزبە سیاسییەکانی کوردســـتان بە گشتی وپارتی و یەکێتی بە تایبەتی نابێت بەو بنەما سەرەکیانەی دیموکراسی لە خۆبگۆڕن کە دەڵیت :(دیموکراســـی بە بێ بوونی پارتە سیاسییەکان بوونی نییە) هەروەها پارتی ویەکێتیش نابێت ئەو واقیعەی کوردســـتان کە دەڵین (لـــەم قۆناخەدا لە دەرەوەی پارتـــی و یەکێتی بەدیل نییە) سەرخۆشـــیان بکات و پێیان وابێت مـــادام بە دیلیان نییە ئەوە جەماوەر بە هەموو شـــتێك رازییە، نەخێر دەبێت لەبەرامبەر ئـــەم گرنگییەی رۆڵی حزبەکان بۆ بونیادی دیموکراســـی،پارتە سیاسییەکانی کوردســـتان دەربڕین و لێدوانی بوێرانەیان هەبێت و دان بەوەدا بنێن کە (بەشێکی گەورە وسەرەکی ئەو کەموکورتیانەی ئەمرۆ لە سیســـتەمە سیاســـییەکەدا هەیە دەکەوێتە سەرشانی ئەوان) و دەبێت ئەوان بەرپرســـیاریەتی سەرەکی چارەسەرکردنی ئەم واقیعە لە ئەســـتۆ بگرن، دوای ئەمە پێویســـتە دان بەوەشدا بنرێت کـــە حزبە سیاســـییەکان وەك دامەزراوەیەکی ســـەرەکی کۆمەڵگە کۆڵەگەی سیتەمە سیاسییەکەیە و دەبێت پارتەکان وەك دامەزارەوەی دەوڵەت مامەلەیان لەگەڵ بکرێت و خۆشـــیان وەك دامـــەزراوە لە ناو کۆمەڵگەدارۆڵی خۆیان بگێرن.تیپ ئۆنیل کە یەکێکە لە کۆنگرێسمانەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە رۆڵی پارتی سیاســـیی دەڵێت :(لای هاوڵاتی یان دەنگدەر هەموو سیاسەتێك، سیاســـەتی ناوخۆیە و ئەوەی راســـتەوخۆ پەیوەنـــدی بە ژیانی ئەوەوە هەیە، بۆیە گۆڕینی ئەم بۆچوونە لەســـەر ئاستی ناوخۆ بۆ ئاســـتی نیشتمانی ئەرکی پارتە سیاســـییەکانە، دەبێت ببنە رایەڵی پێکەوە گرێدانەوەی سیاسەتە ناوخۆییەکان بە بەرژەوەندی گشتی نیشتمانییەوە)، لەلایەکی دیکە پێویستە ئەوە ئاشکرابێت کە دامەزراوەی حزب، دامەزراوەیەکی نموونەیی بێ کەموکورتی نییە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەکی نیشتمانی ناتوانێت بەبێ رۆڵی حزبەکان بە باشی کارەکانی بەرێوە ببات، لە سەرو هەمووشیانەوە حکومـــەت. کەدەبێت ئەوە ئاشـــکرابێت حکومـــەت بە فەرمانی دادوەری یان بە کەســـی بەهێز یان بە ئاژاوە بەرێوە ناچێت، بەڵکو ئەوە پارتە سیاسییەکانن کە پەرە بەبیرو بۆچوونە هاوبەشەکان دەدەن و گوشار لەسەر سیســـتەمی سیاسیی دروست دەکەن بۆ ئەوەی کاروبارەکان بە باشـــی بەرێوە بچن.کەواتە سیستەمی دیموکراتی بەمجۆرە بەرێوە دەچێت :

١- جیاوازی بۆچوونەکان لەسەر پرانسیپەکانی بەریوەبردنی کاری حکومەت.

٢- لێبوردەیـــی، فرەیی، جیاوازی بۆچونەکان دەبنە بەشـــێکی گرنگی پرۆسە دیموکراتیەکە.

٣- لـــە سیســـتەمی دیموکراتیدا بیروبۆچوونـــە دژ بەیەکەکان، زەمینەی تێگەیشـــتنی باشـــتر لەمەســـەلەیەك دروست دەکات، هەروەها زەمینەی دەسنیشانکردنی کێشەکان دروست دەکات.

٤- کاتێك سیستەمی سیاسیی رووبەڕووی حالەتێکی چەقبەستوو دەبێتەوە، ئەوا باشترین چارەسەری تەفعیلکردنی حزبە سیاسییەکان دەبێـــت، بۆ ئەوەی لە ئاکامـــی ئالوێرکردنی بۆچوونەکان بگەنە دیدێکی هاوبەشی تازە بۆ کارکردن، یان کۆمپرۆمایزکردن لەسەر ئەو کێشانەی پێویستیان بە چارەسەر مامناوەندی هەیە.

٥- دەبێت ژیانی ناوخۆی حزبە سیاسییەکان بۆ نمونە لە کوردستان، دەبێت ژیانی ناوخۆیی حزبی پارتی و یەکێتی هەوڵدان بێت بۆ:

أ- تەرجەمەکردنی سیاســـەتی پارتی و یەکێتی بۆ سیاســـەتی گشتی، ئایا پارتی ویەکێتی بە و سیاسەتەی لە ناو حزب پیادەی دەکەن، دەتوانـــن کۆمەڵگە بەریوەبەرن،یان دەبێت ئەم سیاســـەتە بگۆرن بۆ سیاسەتی گشتی؟

ب- دەبێـــت ژیانی سیاســـیی نێـــو پارتەسیاســـییەکان، بەردوام مەشقپێکردنی ئەندامانی حزبەکە بێت بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە یـــان ئامادەبکرێن بۆ ئەو کاتانەی وەك کاندیدی حزب بۆ پۆستە گشتییەکان کاندید دەکرێن.

ت- دەبێـــت ئەندامانی حزب فێربکرێن کاتێك لە ناو دەســـەڵات دێنە دەرەوە دنیا کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو دەســـپێکی پرۆسەیەکی دیکەیە کە خۆی وەك بەدیـــل جارێکی دیکە دەخاتەوە بەردەمی هاوولاتییان بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو بباتەوە.

٦- دەبێـــت پارتـــەکان هاوبەشـــی رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی بـــن، نابێت کۆمەڵگەی مەدەنی بە سیاســـیی بکرێت، ئەگەر ئەمە بکا ئەوا ئەو هاوکێشە هاوسەنگەی پەیوەندی نێوان حکومەت و هاوڵاتی رێکدەخات تێکدەچێت.کە ئەم هاوسەنگیەش تێکچوو دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت گورزی کوشـــندەمان لە گرنگترین پرۆسەی ناو حکومەت وەشاندووە کە ئەویش پرۆسەی لێپرسینەوەیە.

٧- گێڕانەوەی متمانـــەی هاوڵاتییان بۆ پارتە سیاســـییەکان، ئەمەش لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە حزب ژیانی ناوخۆیی حزب لە ژیانی گشتی جیابکاتەوە.

ئەم چەنـــد خاڵەی لەم راپۆرتە دەسنیشـــانمان کرد هەنگاوێکی بچووکە بـــۆ چوونە ناوباســـێکی گرنگی ئەو تـــۆ کە هەموو کۆمەڵگـــەی دیموکراتـــی پێوەی ســـەرقاڵە، هەربۆیە دەخوازین بـــە خوێنەری خۆمان بڵین ئەوەی لـــە ولاتی خۆمان پێی دەڵێن دەسەڵات و ئۆپۆزسیون بوونی نییە، لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا دەسەڵاتی دیموکراسی بەبێ ئۆپۆزسیونی بەهێز بوونی نییە.

**دەبێت ئەندامانی حزب فێربکرێن کاتێک لە ناو دەسەڵات دێنە دەرەوە دنیا کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو دەسپێکی پرۆسەیەکی دیکەیە کە خۆی وەک بەدیل جارێکی دیکە دەخاتەوە بەردەمی هاووڵاتییان بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو بباتەوە**

**لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا دەسەڵاتی دیموکراسی بەبێ ئۆپۆزسیونی بەهێز بوونی نییە**

نیکۆلاس وایت، دیپلۆماتێکی سەربەخۆیە و لەیەکێتی ئەورپا کاردەکات و ئەندامی گرووپی قەیرانە نێو دەوڵەتییەکانە ( ئینتەر ناشـــناڵ کیسس گروپ ) ە و کار لەســـەر مەســـەلە پەیوەندارەکانی تایبەت بە تەنگژەی پارتە سیاسییەکان و حکومەتەکانی دوای کۆمونیســـت کاردەکات و پێشتریش ئەندامی ســـەنتەری ناشناڵ دیموکراسی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی بووە، لەم بوارەشدا بەرێوەبەری پرۆگرامەکانی پارتە سیاسییەکانی دوای کۆمونیست بووە لە سەنتەری ناشناڵ دیموکراسی.
نیکۆلاس وایت کاری لەسەر زۆربەی پرۆسە دیموکراتییەکانی جیهان کردووە و ئاگاداری ململانێ و رەفتاری حزبە سیاسییەکانی ناو ئەم پرۆسە دیموکراتییە جیاوازانە هەبووە، هەر بۆیە سەبارەت بە گرنگی رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا پەیوەندیمان بە نیکۆلاس وایت کردو بەرێزی بەمجۆرە بیر وبۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

## نیکۆلاس وایت بۆ گوڵان:

# روسیا نەیتوانیوە سیستەمی فرە حزبی پەرە پێبدات ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر بارودۆخی سیاسیی و ئابووری هەبووە

لە وڵاتی سەنگافوورە کە پارتێکی دیاری کراو باڵادەستە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەوی لە بازاڕی ئازاد دەکات

***هەندێك دەڵێن یموکراسی بەبێ پارتی سیاسیی بوونی نییە، هەندێکیش دەڵین پارتە سیاسییەکان رەنگدانەوەی کێشەی کۆمەڵگە دیموکراتییەکانن، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا چین؟**

- پارتە سیاسییەکان سێ رۆڵیان هەیە لە دیموکراسیدا، یەکەمیان پارتە سیاسییەکان ئامرازێکن بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان، واتە سیاسییەکان دەتوانن پارتەکان بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دەنگدەران. دووەم لە کاتی بردنەوەی پارتێکی دیاری کراو ئاسانتر دەتوانرێت وەزیر و راوێژکارەکان لە هەمان پارت دیاری بکرێن. سێیەم بە هۆی پارتە سیاسییەکانەوە دەنگدەران دەتوانن بەشداری بکەن لە دارشتنی سیاسییەتدا، واتە سیاسییەکان ئەو کارە دەکەن کە دەنگدەران خوازیارن. بۆ بەشی دوەمی پرسیارەکە ئەوا ئەمە کارێکی قورسە، بەڵام مەحاڵ نییە. ئەوەی روونە ئەوەیە لە حاڵەتی بوونی چەند پارتێکی سیاسیدا ئاسانتر دەتوانرێت دیموکراسی بهێنرێتەدی، بەڵام لە حاڵەتی بوونی تەنیا حزبێکدا ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانین هەڵبستین بە بنیاتنانی دیموکراسییەتێکی بەهێز.



*** تۆ باسی ئەوەت کرد ئەگەری ئەوەهەیە لە سیستەمی تاك حزبیشدا دیموکراسییەت بونیاد بنرێت، بەڵام مەرجی ئەوەت دانا کە دیموکراسییەکە بەهێز نابێت، ئەمەش واتە ئەو هەوڵانەی چین و کوبا بەم ئاراستەیە لای بەرێزتان ئومێدێکە بۆ بونیادی دیموکراسی، ئایا تۆ مەبەستت بەم شێوەیە بوو؟**

- هێشتا پرۆسەکە لەو وڵاتانەدا نەگەیشتۆتە کۆتایی، بەڵام لە وڵاتانی ئەورووپیدا توانرا پەرە بە سیستەمی فرەحزبی بدرێت. دەکرێت لەم رووەوە ئاماژە بە چەند وڵاتێکی ئاسیا بکەین، بۆ نموونە لە وڵاتی سەنگافوورە کە پارتێکی دیاری کراو باڵادەستە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەوی لە بازاڕی ئازاد دەکات.

***سەنگافورە هەم وڵاتێکی بچکۆلەیە هەمیش دەوڵەمەندە، لە ئەورووپای رۆژهەڵات و ناوەڕاستیش سیستەمی فرە حزبی هەیە، بەڵام کۆنترۆڵی بازار و ئیستغلالی دەوڵەتیش هەیە، ئایا ئەمە چۆن تەفسیر دەکەن ؟**

- ئەوە لێکدانەوەیەکی نارەوایە، ئەو وڵاتانەی ئێوە ئاماژەی بۆدەکەن توانیویانە سیستەمێکی فرەحزبی جیددی بهێننە ئاراوە، لە کاتی بوونی فرەحزبیدا دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە

لە کاتی بوونی فرەحزبیدا دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە و سەقامگیرانە و بە هۆی هەڵبژاردنەکانەوە هەڵبستین بە گۆڕینی حکومەت

و سەقامگیرانە و بە هۆی هەڵبژاردنەکانەوە هەڵبستن بە گۆڕینی حکومەت و من پێموایە وڵاتە ئەوروپییەکان توانیویانە ئەم ئامانجە بەدەست بهێنن. دەکرێت لەو وڵاتانە بڕوانین کە هێشتا ئەم ئامانجەیان نەهێناوەتەدی، بڕوانە ئەرمینیا، هەروەها روسیا کە هێشتا نەیتوانیوە بە تەواوەتی سیستەمی فرەحزبی پەرەپێبدات، کە ئەمەش دەرئەنجامی خراپی هەبووە لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە.

*** ئایا دەبێت چی میکانیزمێك بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی پارتەکان لە بەرژەوەندی گشتی کاربکەن؟**

- ئەمە تا رادەیەك پرسیارێکی هەڵەیە لەبەر ئەوەی پارتەکان هەمیشە نوێنەرایەتی چینێکی دیاری کراوی کۆمەڵگە دەکەن، تەنانەت لە ئەوروپای رۆژئاواشدا پارتەکان لە ناو گروپێکی دیاری کراو، یان لە ناوچەیەکی دیاری کراودا بەهێزن، مەسەلەکە ئەوە نییە پارتەکان نوێنەرایەتی چ چینێك دەکەن بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئایا لە چ سیاقێکدا ئەو کارە دەکەن، ئایا هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی چ سنوورێك بۆ دەسەڵاتەکانی حکومەت دابنێن، لە راستیدا ئەوەش کلیلی سەقامگیری سیاسییە.

*** بەڵام زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە دەبێت پارتێکی سیاسی بەرهەڵستکاری بەهێز هەبێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی پارتی حکومڕان بکات، ئایا رۆڵی پارتی بەرهەڵستکار چییە لە بنیاتنانی دیموکراسیدا؟**

- من زانیاریەکی زۆر کەمم هەیە دەربارەی هەلومەرجی وڵاتەکەی ئێوە، لەبەر ئەوە ناتوانم دەقا و دەق ئەوە دیاری بکەم کە پێویستە چی بکرێت، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە وڵاتەکەی ئێوە لە قۆناغی ئینتقالیدایە، لە زۆرێك لەو وڵاتانەی ئەم حاڵەتدا تێپەڕیون ئەوە ئاساییە ببینن کە پارتێکی دیاری کراوی بەهێز لە ئارادابێت و بە تێپەڕبونی کات لایەنگیری دەنگدەران دەگۆڕێت و دەنگ بە پارتەکانی دیکە دەدەن. بەڵام وەڵامدانەوەی گشتی من بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە پارتە بەرهەڵستکارەکان دەبنە کەناڵێك بۆ خۆسازدانی سیاسی بۆ ئەو کەسانەی پشتگیری حکومەت ناکەن، بەڵام لە چوارچێوەی بونیادەکانی دەوڵەت دەرناچن. ئەمەش پەیوەستە بەوەی ئایا ململانێ سیاسییەکانی داهاتوو بە هۆی ئامرازە دیموکراسییەکانەوە یەکلادەکرێنەوە یان بە هۆی رێگاچارەکانی دیکەوە.

***، بەڵام لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستیدا نەتوانراوە ئەم پەیوەندیانە بەڕێوەببردرێن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین سەرکەوتوانە ئەم پەیوەندیانە بەڕێوەببەین؟**

- ئەوە پێویستی بەو پرۆسەیە هەیە کە بەهۆیەوە بتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین دامودەزگاکان لە کوێدا بەهێزن و پارتەکان چ رۆڵێکیان هەبووە لەم رووەوە، بۆ نموونە لە بەلجیکا حکومەت دەستی لەکارکێشایەوە لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیران دەستێوەردانی کردبوو لە سیستەمی دادوەریدا، هەرچەندە هێشتا ئەم بانگەشەیە نەسەلمێنراوە، بەڵام بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت، لەبەر ئەوە دەبێت بەردەوام هەوڵ و کۆشش بکەین بۆ باشترکردن و پەرەپێدانی سیستەمەکە.

*** بۆچی خەڵکی کەمتر باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە وەك لەوەی پێشتر هەیانبوو؟**

- من دڵنیانیم لە راستی ئەم لێکدانەوەیە، رەنگە ئێوە ئاماژە بۆ روسیا بکەن کە حاڵەتێکی تایبەتە، کە بە داخەوە لە ماوەی گەشەکردنی دیموکراسیدا وڵاتەکە بە لاوازیەکی ستراتیجی و ئابووریدا تێپەڕی. رەنگە زۆرجار هۆکاری ئەمەش دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان بێت. ئەوەی پەیوەندی بەوە هەیە چۆن بتوانین دیموکراسییەتی لیبراڵی دەستنیشان بکەین، بە هۆی لە ئارادابونی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات کە پارتی حکومڕان بە هۆی پاڵپشتی دەنگدەرانەوە شەرعیەت بەدەست دەهێنێت.

*** لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە لە رووی ئیتنی وئاینییەوە هەمەڕەنگە، یاخود کەمینە و زۆرینە هەیە و هەمیشە زۆرینە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، چۆن دەتوانرێت دیموکراسی بنیات بنرێت لە حاڵەتێکی لەم چەشنەدا؟**

- من ئاگاداری بارودۆخی عێراق نیم، بەڵام لە وڵاتێکی وەك بەلجیکادا نوێنەرایەتیەکی یەکسان هەیە بۆ پارتەکانی ئەم وڵاتە، یاخود لە هەندێ وڵاتی بەلقاندا کە کارم تێداکردووە زەمانەتی ئەوەکراوە کە تێکڕای پێکهاتە سیاسییەکان نوێنەرایەتیان هەبێت لە بونیادە سیاسییەکەدا.



●●●
**لە وڵاتێکی وەک بەلجیکادا نوێنەرایەتیەکی یەکسان هەیە بۆ پارتەکانی ئەم وڵاتە، یاخود لە هەندێ وڵاتی بەلقاندا کە کارم تێداکردووە زەمانەتی ئەوەکراوە کە تێکڕای پێکهاتە سیاسییەکان نوێنەرایەتیان هەبێت لە بونیادە سیاسییەکەدا**
●●●

●●●
**پارتە بەرهەڵستکارەکان دەبنە کەناڵێک بۆ خۆسازدانی سیاسی بۆ ئەو کەسانەی پشتگیری حکومەت ناکەن، بەڵام لە چوارچێوەی بونیادەکانی دەوڵەت دەرناچن. ئەمەش پەیوەستە بەوەی ئایا ململانێ سیاسییەکانی داهاتوو بە هۆی ئامرازە دیموکراسییەکانەوە یەکلادەکرێنەوە یان بە هۆی رێگاچارەکانی دیکەوە**
●●●


▪ ▪ ▪

**پرۆفیسۆر تود لاندمان، ئوستادی بەشی حكومەتە لە زانكۆی ئێسێكس Essex لە بەریتانیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بوارەكانی پەرەپێدان و دیموكراسی و بەراوردكردنی سیاسییەت و میتۆدی سیاسەتی بەراوردكاری و بزاڤە كۆمەڵایەتییەكان و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ، هەروەها بەڕێوبەری سەنتەری دەوڵەت بۆ دیموكراسی و لەساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ یش ئەدامی پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان UNDPبووە، پرۆفیسۆر تود بێجگە لەوەی چەندین كتێب و دیراسەتی لەسەر پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و دیموكراسی هەیە، ئەوەی پێ ڕاگەیاندین ئێستا سەرپەرشتی چەند قوتابییەكی كورد دەكات كە خەریكی توێژینەوەن لەسەر ڕەوشی كەركوك لە زانكۆی ئێسێكس لەبەریتانیا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە ئاگاداری بارودۆخی هەرێمی كوردستان و عێراقیشە، سەبارەت بە كاریگەری پارتە سیاسییەكانیش بۆ بونیادی دیموكراسی بەڕێزی بەمجۆرە بۆچوونەكانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

▪ ▪ ▪

### تود لاندمان بۆ گوڵان:

# بونیادی دیموكراسی
# بەبێ بوونی پارتە سیاسییەكان كارێكی زۆر زەحمەتە



*** ئایا ڕۆڵی پارتە سیاسییەكان چییە لە كۆمەڵگەی دیموكراسیدا، ئایا دەتوانرێت بێ بوونی پارتە سیاسییەكان دیموكراسی بنیات بنێین؟**

- بنیاتنانی دیموكرسی بێ بوونی پارتە سیاسییەكان زۆر زەحمەتە، بە تایبەتی لە كۆمەڵگە گەورەكاندا، ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆڵی پارتە سیاسییەكانەوە هەبێت ئەوا ئەوان نوێنەرایەتی تێڕوانین و بەرژەوەندییەكانی چین و گرووپەكانی ناو كۆمەڵگە دەكەن لە ناو پەرلەماندا و لەم ڕوانگەیەوە هەڵدەستن بە داڕشتنی سیاسییەت و بڕیارەكان، لەلایەكی دیكەوە بوونی پارتە بەرهەڵستكارەكان گرنگی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی هەڵدەستن بە ڕووبەڕووكردنەوەی پارتە حكومڕانەكان بە بەرپرسیارێتی خۆیان.

*** ئەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی دیموكراتیدان پارتەكان تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیان كاردەكەن، ئایا دەبێت چی میكانیزمێك بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی پارتەكان لە بەرژەوەندی گشتی كاربكەن؟**

- ئەوە كێشەیەكی زۆر جیدییە لەبەر ئەوەی هێشتا سیستەمێكی پارتایەتی گەشەسەندو و نەهاتۆتە ئاراوە و زۆربەی پارتەكان لە سەرەتای پرۆسەی دیموكراسیدا تەنیا نوێنەرایەتی نوخبەیەكی سیاسیی دیاری كراو دەكەن و دەبنە ئامرازێك بۆ ئەوەی كەسێكی دیاری كراو دەسەڵاتی زیاتر بەدەست بهێنێت بێ ئەوەی بەرژەوەندی گشتی و ئایندەی كۆمەڵگەكە لەبەرچاوبگرێت. ئەمە بۆ هەموو كۆمەڵگە دیموكراسییەكان ڕاستە، بەڵام پتر لەو كۆمەڵگایەنەدا ڕوودەدات كە لەسەرەتای پرۆسەی بەدیموكراتیكردندان.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە دەبێت پارتێكی سیاسی بەرهەڵستكاری بەهێز هەبێت بۆ ئەوەی كۆنترۆڵی پارتی حكومڕان بكات، ئایا ڕۆڵی پارتی بەرهەڵستكار چییە لە بنیاتنانی دیموكراسیدا؟**

- ڕۆڵی پارتە بەرهەڵستكارەكان زۆر گرنگە بە تایبەتی لە سیستەمە سەرۆكایەتییەكاندا كە ڕۆڵێكی گەورە دەبینن لەو لیژنانەی پێكدەهێنرێن بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر كابینەی حكومەت و لەسەر خەرجی و مەسەلە داراییەكان، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە لە هەڵبژاردنەكانی داهاتوودا سەركەوتن بەدەست بهێنن و ببنە پارتی حكومڕان لەبەر ئەوە دڵسۆز دەبن بۆ سیستەمە دیموكراسییەكە، بەو پێیە بوونی پارتێكی بەرهەڵستكاری بەهێز كە پارتی حكومڕان ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەكان بكاتەوە دیاردەیەكی تەندروستە.

*** لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپادا گۆڕان لە كۆمۆنیستییەوە بۆ دیموكراسی كارێكی ئاسان نییە، ڕاستە**

▪▪▪

**هێشتا سیستەمێكی پارتایەتی گەشەسەندو و نەهاتۆتە ئاراوە و زۆربەی پارتەكان لە سەرەتای پرۆسەی دیموكراسیدا تەنیا نوێنەرایەتی نوخبەیەكی سیاسیی دیاری كراو دەكەن و دەبنە ئامرازێك بۆ ئەوەی كەسێكی دیاری كراو دەسەڵاتی زیاتر بەدەست بهێنێت بێ ئەوەی بەرژەوەندی گشتی و ئایندەی كۆمەڵگەكە لەبەرچاوبگرێت**

▪▪▪

**زۆرێك لە وڵاتانەی پێشتر كۆمۆنیستی بوون، وەك ڕۆمانیا و كۆماری چیك و وڵاتی سلۆڤاكیا توانیان پەرە بە سیستەمێكی پارتایەتی گەشەسەندو و بدەن تا ئەو ڕاددەیەی توانیان ببنە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی یەكێتی ئەورووپا و دواتر بوونی ئەندامی ئەو یەكێتیە**

▪▪▪

**چیتر کۆمۆنیستی لەو وڵاتانەدا بوونی نەماوە، بەڵام هێشتا ئیستغلالی ئابووری و تێکەڵکردنی پارتی سیاسی بە ژیانی سیاسی بوونی هەیە، بۆچی سیستەمی فرەحزبی هێشتا نەیتوانیوە دیموکراسی بەرهەم بهێنێت؟**

- رەنگە ئەمە لێکدانەوەیەکی فراوان بێت، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە وڵاتانەی پێشتر کۆمۆنیستی بوون، وەك رۆمانیا و کۆماری چیك و وڵاتی سلۆڤاکیا توانیان پەرە بە سیستەمێکی پارتایەتی گەشەسەندو و بدەن و لەم رووەوە بەرەوپێشچوون بەدی بهێنن تا ئەو رادەیەی توانیان ببنە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا و دواتر بوونی ئەندامی ئەو یەکێتیە، هەروەها دەکرێت ئاماژە بە وڵاتی مەنگۆلیا بکەین کە توانی گۆڕانگاری بهێنێتەدی لە ساڵی ١٩٩٠دا و هەڵبژاردن ئەنجام بدات کە سەرەتا پارتی کۆمۆنیستی سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دواتر هێزی دیموکراتی پێکهات و توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات روویدات. گۆڕان لە کۆمۆنیستیەوە بۆ دیموکراسی کارێکی قورسە، لە رووی سیاسییەوە پێویستە ئەوە یەکلابکرێتەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ نوخبە حکومڕانەکانی پێشو دەکەین، زۆرێك لەو وڵاتانە رێگەیان گرت لەوەی ئەو نوخبانە پۆستێکی سیاسی وەربگرن، لە هەندێ وڵاتی دیکەدا پرۆسەی ئاشتەوایی روویدا. هەروەها لە رووی ئابوورییەوە گۆڕان لە ئابووری کۆنترۆڵکراو لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد روویدا کە زۆرجار جیاوازی و دروست کرد لە دابەشکردنی داهاتەکاندا و هەندێ کەس و لایەنی دیاری کراو بە خێرای دەوڵەمەند بوون بۆ نموونە لە روسیا، ئەمەش بووە تەحەددایەك بۆ سەقامگیرییە سیاسییەکە.

*** لەو وڵاتانەی خاوەنی دیموکراسیەتی لیبراڵین دام و دەزگا حکومییەکان و سەروەری یاسا توانیوویانە پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان و حکومەت بەڕێوەببەن، بەڵام لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستیدا نەتوانراوە ئەم پەیوەندییانە بەڕێوەببردرێن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین سەرکەوتووانە ئەم پەیوەندییانە بەڕێوەببەین؟**

- یەکێك لە دامودەزگا گرنگەکان کە دەبێت لەسەرەتاوە پەرەی پێبدرێن بریتییە لە بوونی سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ، لە زۆرێك لە وڵاتان ئەم ئەرکە رووبەڕووی سەختی و دژواری بۆتەوە، حکومەتەکان خوازیاری بوونی دەزگایەکی قەزائی لاوازن، بەڵام سەربەخۆیی ئەم دەزگایە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی لەبەر ئەوەی هەڵدەستێت لێکۆڵینەوە لە دەستووری بوونی یاسا و بڕیارەکان، هەروەها چاودێری رەوشی مافەکانی مرۆڤ دەکات و رێگری دەکات لەوەی کەڵکی خراپ لە دەسەڵات وەربگیرێت یاخود لەوەی حکومەت سنوری دەسەڵاتەکانی تێپەڕێنێت.

*** لە وڵاتانی کۆمۆنیستی وەك چین و کوبا کە هێشتا پارتە کۆمۆنیستییەکان حکومڕانی دەکەن بانگەشەی کرانەوە و گرتنبەری بازاڕ ئازاد ئەکەن، بەڵام رێگە بە سیستەمی فرەحزبی نادەن، واتە لە لایەك چاکسازی ئابووری دەکەن و لە لایەکی دیکەوە سیستەمێکی تاکڕەوانەیان هەیە، ئایا دەکرێت بەم رژێمانە بوترێت دیموکراسی؟**

- نەخێر ناتوانین پێیان بڵێین رژێمێکی دیموکراسین، ئەوان رژێمێکی شمولین بەڵام پەیرەوی لە بازاڕی ئازاد ئەکەن و چەندین نموونەی ئەم حاڵەتەش لە ئارادایە، لە چین هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی لە ناو خودی پارتی کۆمۆنیستیدا پرۆسەی دیموکراسی دەست پێبکرێت، بەڵام تاوەکو ئەم ساتەوەختەش هیچ بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکاری رەسمی لە ئارادانییە، بە هەمان شێوە لە کوبا ئەو کەسانەی هەوڵیاندا لە پارتی حکومڕان جیاببنەوە و پارتێکی سەربەخۆ پێکبهێنن یان دەستگیرکران، یان لە سێدارەدران یاخود وڵاتیان جێهێشت. بەڵام هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد دەستکراوە بە کرانەوەی ئابووری و وڵاتی چین بە هۆی پیادەکردنی بازاڕی ئازادەوە گەشەسەندنێکی ئابووری گەورەی بەدەست هێنا، بەڵام حاڵی حازر بەهۆی بوونی تەنگژەی ئابوورییەوە کە تا رادەیەکی گەورە کرێکاران رووبەڕووی زیانی گەورەبوونەتەوە هەوڵی ئەوە دەدرێت بەرهەڵستکارییەکی سیاسی پێکبهێنرێت، بەڵام بە شێوەیەکی رەسمی هیچ شتێك لە ئارادانییە لەم رووەوە.

*** بۆچی خەڵکی کەمتر باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە وەك لەوەی پێشتر هەیانبوو، ئایا هۆکارەکە رەفتاری دەسەڵاتدارە سیاسییەکانە، ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن متمانەی خەڵك بەدەست بهێننەوە؟**


- زۆرجار خەڵکی نائومێد دەبن لە پرۆسە دیموکراسیەکە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکێك لە هۆکارەکان بریتیە لەوەی خەڵکی هەست دەکەن جیاوازییەکی گەورە نییە لە نێوان پارتەکاندا کە زۆرجار خەمساردی روو لە هاووڵاتییان دەکات و رێژەی دەنگدان رێژەیەکی نزم دەبێت، هۆکارێکی دیکە بریتییە لە ئەدای لاوازی ئابووری کە لەم حاڵەتەدا راستەوخۆ ئۆباڵەکە دەخرێتە ئەستۆی دیموکراسی و خەڵك دژی دیموکراسی هەڵوێست وەردەگرن، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە ئەو تێڕوانینە لای هاووڵاتییان دروست دەبێت کە پارتە سیاسییەکان ئامرازێکی شەخسین بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندییە شەخسییەکان.



●●●
**بوونی پارتێکی بەرهەڵستکاری بەهێز کە پارتی حکومڕان رووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکان بکاتەوە دیاردەیەکی تەندروستە**
●●●

●●●
**یەکێك لە دامودەزگا گرنگەکان کە دەبێت لەسەرەتاوە پەرەی پێبدرێن بریتییە لە بوونی سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ، لە زۆرێك لە وڵاتان ئەم ئەرکە رووبەڕووی سەختی و دژواری بۆتەوە، حکومەتەکان خوازیاری بوونی دەزگایەکی قەزائی لاوازن**
●●●

●●●
**لە چین هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی لە ناو خودی پارتی کۆمۆنیستیدا پرۆسەی دیموکراسی دەست پێبکرێت، بەڵام تاوەکو ئەم ساتەوەختەش هیچ بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکاری رەسمی لە ئارادانییە**
●●●



## دۆسان سڤیتۆلیک جانجیک بۆ گوڵان:

# ١٩٩٢ میلۆسۆڤیج هەوڵیدا بەبێ پارتە سیاسییەکان هەنگاو بۆ دیموکراسی هەڵبگرێت بەڵام بینمان بەرەو دیکتاتۆریەت ملی نا

**پرۆفیسۆردۆسان جانجیک، سەرۆکی سەنتەری دیراساتی سیسۆلۆژییە لە زانکۆی بەلگراد لە سربیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوە و هەروەها پێناسەکردنی نەتەوە و زیاتر لە ١٠٠ دیراسات و کتێبی لەو بوارەدا هەیە، پرۆفیسۆر دۆسان یەکێکە لە دیموکراتخوازەکانی سرب و دژی سیاسییەتی سلۆبدان میلۆسۆڤیچی سەرۆکی پێشووی سربیاییە، کە پاشان بە هۆی تۆمەتبارکردنی بە تاواناکانی جەنگ دەستگیرکراو رەوانەی دادگای تاوانەکانی لاهای کرا، لەم بوارەشدا دۆسان بایەخێکی گرنگی بە پێکهاتەکانی یوگسلافیای پێشوو و سربیای ئێستا داوە و هەروەها بایەخی بەسەرجەم سیستەمە سیاسییەکانی دوای سیستەمی کۆمونیستی داوە، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە بۆ ئەم راپۆرتە ئەوەیە کە پرۆفیسۆر دۆسان شاهیدی چەند قۆناخێکی جیاوازی سیاسیی یوگسلافیا و ئەورووپای رۆژهەڵات و ناوەڕاست بووە، هەروەها ئاگاداری یوگسلافیای سەردەمی تیتۆ و سەردەمی دیکتاتۆرییەتی میلۆسۆڤیچ بووە، بۆیە پەیوەندییمان پێوە کرد و بەرێزی بە سوپاسەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

***لەوانەیە کارێکی باش بێت مەسەلەی رۆڵی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ پسپۆڕێکی ئەورووپای رۆژهەڵات باس دەکەین، بۆیە بەوە دەست پێدەکەین ئێوە وەك پسپۆڕێك لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا چۆن رۆڵی پارتە سیاسییەکان دوای هەڵوەشانەوەی کۆمۆنیست سەیر دەکەن ؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپاوە هەبێت ئەوا دیموکراسی گرێدراوە بە سیستەمی فرەحزبییەوە، لەبەر ئەوە ناکرێت بێ بوونی پارتە سیاسییەکان دیموکراسی بنیات بنرێت، بۆ نموونە لە سربیا و لە ساڵی ١٩٩٢دا میلۆسۆڤیج هەوڵی بنیاتنانی دیموکراسی دا بێ ئەوەی پارتە سیاسییەکان لە ئارادابن، بەڵام ئەم هەوڵە شکستی هێنا و سەری کێشا بۆ تاکرەوی میلۆزۆڤیج. لەلایەکی دیکەوە تەنیا بوونی فرەحزبی زەمانەت نییە بۆ دیموکراسی، دیموکراسی پێویستی بەوە هەیە رای گشتی وڵاتەکە مەیلێکی دیموکراسییان هەبێت، دامودەزگا گەلێکی بەهێزهەبێت کە کار و وەزیفەی خۆیان ئەدابکەن بە چاوپۆشین لەوەی چ پارتێکی سیاسی حکومڕانە.

*** سربیا کە میراتگری یوگسلافیای پێشووە، نمونەیەکی باشە بۆ گواستنەوە لە شیوعییەتەوە بۆ دیکتاتۆری میلۆسۆڤیج و لەوێشەوە بۆ دیموکراسی، ئایا حزبە سیاسییەکانی سربیا چۆن کار لەم پرۆسەیەدا دەکەن؟**

- بنیاتنانی دیموکراسی لە کۆمەڵگە دەوڵەمەندەکاندا ئەرکێکی ئاسانترە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك سربیادا کە کۆمەڵگەییەکی هەژاری هەیە پارتەکان هەوڵ دەدەن پۆستەکانییان لە حکومەت و پەرلەماندا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن، نەك بۆ بەرژەوەندی گشتی. بەڵام سربیا بە چەشنی عێراق کۆمەڵگەیەکی دابەشبووی هەیە و چەندین پارت هەیە لەم وڵاتەدا لە نێویاندا ئەو پارتانەی نوێنەرایەتی کەمینەکان دەکەن، ئەمەش ناچارییان دەکەن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن، بەو پێیە ناچاردەبن بیر لەپەرەپێدانی بەرژەوەندی گشتی بکەنەوە.

*** ئایا بە بوونی پارتی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز دەتوانرێت دەسەڵات ناچار بکرێت بیر لە بەرژەوەندی گشتی بکاتەوە، ئەگەر ئەمە نەبوو بارودۆخەکە چۆن دەبێت ؟**

- بوونی پارتی بەرهەڵستکار گرنگی خۆی هەیە، پارتی بەرهەڵستکار بریتییە لە حکومەتی ئایندە لە رێی ململانێکردنی پارتی حکومڕانەوە و راکێشانی سەرنجی رای گشتی بەلای خۆیدا. بەڵام ئەگەر پارتی بەرهەڵستکار لاوازبوو ئەوا نابێتەهۆی سەقامگیرکردنی دیموکراسی، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی لاوازکردنی، ئەگەر پارتی بەهەڵستکار رێساکانی دیموکراسی قبوڵ نەکرد ئەوا نابێتە هێزێك بۆ پاڵپشتی کردن و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی.

***لە وڵاتانی رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپادا، راستە چیتر کۆمۆنیستی لەو وڵاتانەدا بوونی نەماوە، بەڵام هێشتا ئیستغلالی ئابووری و تێکەڵکردنی پارتی سیاسی بە ژیانی سیاسی بوونی هەیە، بۆچی سیستەمی فرەحزبی هێشتا نەیتوانیووە دیموکراسی بەرهەم بهێنێت؟**

- لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستیدا دوا حاڵەتمان بەدی کرد بە تایبەتی لەو وڵاتانەی لە دوای لەبەریەکهەڵوەشانی یوغسلافیاوە دروست بوون و سەریانهەڵدا، بۆ نموونە هەندێ لە پارتە کۆمۆنیستییەکان هەوڵیاندا رێگری لەو رەوتی چاکسازی و گۆڕانە بکەن کە هاتنە ئاراوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەندێکی دیکەیان پشتگیریان لە رەوت و پرۆسەی بە دیموکراتیکردن کرد. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی سربیاوە هەبێت ئەوا لەم وڵاتەدا هێشتا دام و دەزگاکان بەهێزنین و پەرەیان پێ نەدراوە، هێشتا کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیە، لەبەر ئەوە پرۆسەی پەرەپێدانی دیموکراسی و پەرەپێدانی سیاسی پرۆسەیەکی دووروودرێژ و درێژخایەنە و پێویستی بە کات دەبێت.

*** بەڵام هەردوو وڵاتی چین و کوبا کە دوو وڵاتی پاشماوەی کۆمونیستین، ئێستا بەرێگەی پەنابردن بۆ بازاری ئازاد و جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت دەیانەوێت بە جیهان بڵێن بەرەو دیموکراسی هەنگاو هەڵدەگرین، ئایا تاچەند چین و کوبا بەرەو دیموکراسی چوون؟**

- نەخێر دیموکراسی نین، دیموکراسی پێویستی بە سیستەمی فرەحزبی و سیستەمی پەرلەمانی هەیە، ئەمانە نزیکبوونەوەن لە دیموکراسی بەڵام دیموکراسی نین. بۆ نموونە لە کوبا کە تەنیا پشت بە وێنە و پاڵپشتی کاسترۆ دەبەست، بەڵام لە دوای کاسترۆوە بازاڕی ئازاد ئەو وڵاتە ناچار بە گۆڕان و هاوکاری کردن دەکات لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا. بەهەمان شێوە لە وڵاتی چیندا ئەم وڵاتە ناتوانێت تا سەر پەرە بە ئابووری بازاڕی ئازاد بدات لە کاتێکدا تەنیا پارتێکی دیاری کراو باڵادەست بێت، لەبەر ئەوەی لە ئابووری بازاڕی ئازاددا گروپە کۆمەڵایەتییەکان پارتگەلێکی سیاسی جیاواز پێکدەهێنن.

*** لەو وڵاتانەی خاوەنی دیموکراسییەتی لیبراڵین دامودەزگا حکومییەکان و سەروەری یاسا توانییوویانە پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان و حکومەت بەڕێوەببەن، بەڵام لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستیدا نەتوانراوە ئەم پەیوەندییانە بەڕێوەببردرێن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین سەرکەوتووانە ئەم پەیوەندییانە بەڕێوەببەین؟**

- ئەوە یەکێکە لە کێشەکان لە وڵاتانی وەك سربیا و بولگاریا هتد، کە ئاستێکی نزمی سەروەری یاسا هەیە لەو وڵاتانەدا، هەروەها دامەزراوەکانی ئەو وڵاتانە لاوازن وەك پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەمەش پێویست بەوەدەکات کە نوخبە سیاسییەکان ناچاربکەین و هەروەها یارمەتییان بدەین بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی سەروەری یاسا و بەهێزکردنی دامەزراوەکان.

*** ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن متمانەی خەڵك بەدەست بهێننەوە؟چۆن وابکەین خەڵك لە سیستەمە دیموکراسییەکە نائومێد نەبێت ؟**


- خەڵکی باوەڕییان بەوە هەیە کە چەسپاندنی دیموکراسی دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانییان، بەڵام نائومێدییەکەیان لە ئەدای حکومەت و پارتە سیاسییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت.

## هەفتەی جیهانی ئاو لە ستۆكهۆڵم:

# بچووكبوونەوەی دێوەزمەی ئەگەری شەڕی ئاو

ساڵانە لە ستۆكهۆڵمی پایتەختی سوید هەفتەی جیهانی ئاو بە سەرپەرشتی (ئەنستیتۆی جیهانی بۆ ئاو) ئەنجامدەدرێت، كە زیاتر لە ٢٥٠٠ كەس لە شارەزا و كەسانی پسپۆر لە بواری ئاودا و سیاسەتمەداران و نوێنەرانی وڵاتانی ١٤٠ وڵاتی دنیا بەشداریان تێدا دەكەن، كە تێیدا چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەكی گرنگ دەكاتە كارنامەی خۆی بۆ چارەسەركردنی قەیرانی ئاو لەجیهاندا.

ئەو كۆنفرانسە ئاو بە موڵكی هەموو مرۆڤایەتی دەزانێت و مافی هیچ كەس و لایەنێك نییە ڕێ لەخەڵكان یاخود وڵاتانی دیكە بگرێت ئاویان بۆ نەچێت. خاڵە سەرەكییەكانی كۆنفرانسەكە بریتییە لە چۆنییەتی گلدانەوە و دابینكردنی یەدەگی ئاوی خواردنەوە بە تایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی كە بە دەست بێ ئاوییەوە دەناڵێنن، كە ئەوەش بۆتە هەڕەشەیەكی گەورە بۆ سەر ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی سەر زەوی. پسپۆران لەو كۆنفرانسە پێیانوابوو كێشەی ئاو تا دێت ڕوو لەزیادبوون دەكات بەتایبەت ئاڵۆزییە هەرێمایەتییەكان كە پەیوەندییان بە سەپاندنی دەسەڵاتی وڵاتانی هەرێمی بەسەر ئاوەوە هەیە، ئەمەش لەكاتێكدا دێت كە وشكەساڵی زۆربەی شوێنە جیاجیاكانی گرتۆتەوە.



شارەزایانی بوارەكە بەدووریان خستەوە كە شەڕی وڵاتان لەسەر ئاو دروست بێت، بەتایبەت دوای ئەوەی پەیوەندی و هاریكاری نێوان وڵاتان ڕووەو باشبوون دەچێت. هەر لەمبارەیەوە پاتریسیا ۆرتز بەڕێوەبەری پەیمانگای توێژینەوەی نێودەوڵەتی بۆ یاساكانی ئاو لە زانكۆی داندی وڵاتی سكۆتلەندا ئەوەی ڕوونكردەوە لەكاتێكدا ٦٠٪ی دانیشتوانی جیهان بەهۆی كەم ئاوییەوە دەناڵێنن زۆر ئاسان و ئاساییە ئەگەر ناكۆكی و ململانێ لەنێوان وڵاتان ڕووبدات. پێشتریش پەترۆس غالی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لەوكاتەی وەزیری دەرەوەی میسر بوو هۆشداری دابوو كە ململانێی داهاتوو لە ناوچەكە لەسەر سیاسەت نابێ بەڵكو لەسەر ئاوی نیل دەبێت. لەلایەكی دیكەوە نەتەوە یەكگرتووەكان پێشبین دەكات ناوچە گرنگەكانی جیهان بە تایبەتی وڵاتانی عەرەب و چین بەهۆی تەنگژەی ئاوەوە ڕووبەڕووی كێشەگەلێكی زیاتر دەبنەوە، هانی ئەو وڵاتانەشی دا بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە پەنا ببەنە بەر زمانی دیالۆگ. هەروەها یاگرسكۆگ كە پسپۆڕێكی بواری گەشەپێدانی ئاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و لە وەزارەتی دەرەوەی سوید كاردەكات، لە پەراوێزی كۆنگرەی هەفتەی جیهانی بۆ ئاو ئاماژەی بەوەدا كە چەند خاڵێك هەیە كە دەبێ بارگرژی و ناكۆكییەكان لەبارەی ئاو هێور بكرێتەوە، لەبەرئەوەی شەڕ لەپێناو ئاودا باجێكی گەورەی دەوێت. بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی بە وڵاتی ئیسرائیل هێنایەوە كە ڕێككەوتننامەی لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل مۆركرد بۆ دابەشكردنی ئاو لەنێوانیاندا. لە بەشێكی دیكەی قسەكانیدا یاگرسكۆگ ڕایگەیاند ئەگەر ئیسرائیل بیویستایە دەسەڵات بكێشێ بەسەر سەرچاوەكانی ئاوی خۆی پێویست بوو لەسەر بە هەمان شێوە دەسەڵات و هەژموونی خۆی بكێشێت بەسەر بەشەكانی سوریا و ئەردەن و لوبنان، بەڵام دواتر ئەو وڵاتە ڕێگەچارەی دیكەی دۆزییەوە ئەویش پشت بەستن بوو بە ئاوی دەریا. هەروەها یەكێكی دیكە لەو هۆكارانەی كە بەشداریان لە كەمكردنەوەی ئاڵۆزییەكان كردووە بریتی بووە لەوەی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات پشتیان بەست بە هاوردەكردنی خۆراك لە وڵاتانی دەرەوە، ئەمەش لەلایەن ئەم وڵاتانەوە كارەكە ئەنجامدرا كە نەتوانن هەندێ جۆری كشتوكاڵ بكەن لەبەر كەم ئاوی ڕووبار و دەریاچەكان.

هەر لەم پێناوەشدا نەتەوە یەكگرتووەكان هەوڵیدا بۆ دانانی یاسایەكی تایبەت بۆ یەكلاكردنەوەی ناكۆكییەكان لەسەر ئاو، بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی ١٩٩٧ گەیشتن بە پەیماننامەیەك بەڵام تاوەكو ئێستا ئەم پەیماننامەیە وەكو خۆی بەرجەستە نەبووە، ئەمەش بەهۆی پابەند نەبوونی ژمارەیەكی بەرچاو لە وڵاتان.

هەروەها پاتریسیا ۆرتەرز ئەم دەقەی لا پەسندە كە دەڵێت: "دابەشكردنی جیهان بەسەر ئەو وڵاتانەی كە دەتوانن ئاو بەدەست بهێنن و ئەو وڵاتانەی ناتوانن ئاو بەدەستبهێنن". پاتریسیا لەدرێژەی ئاخاوتنەكانیدا دەڵێت: ئێمە پێویستیمان بە یاسایەكە كە بەهۆیەوە لایەنە لاوازەكان دەپارێزرێن و لەم پێناوەشدا زەمینەیەك خۆش دەكرێ بۆ ئاشتی و پێكەوەژیان لەلایەن وڵاتان. سەرەڕای نەبوونی چوارچێوەیەكی یاسایی بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان هەوڵێكی زۆریانداوە بۆ نەهێشتنی بارگرژی و ململانێ لەسەر ئاو. هەروەكو بانكی نێودەوڵەتی هەڵسا بە چاودێری كردنی حەوزی نیل بەشێوەیەك ١٠ وڵات بەدرێژایی ئەو ڕووبارە لە كیشوەری ئەفریقیا لەخۆدەگرێ، كە زۆربەشیان وڵاتانی هەژارن و بەردەوام لە غیابی باری سەقامگیری سیاسیی دەناڵێنن، كە شیمانەی ئەوە دەكرێ تا ٢٥ ساڵی دیكە ڕێەی دانیشتوانیان دوو هێندەی لێ بێت، ئەویش بەهۆی ئەو پرسانەی پێوەندیان بە ئاو و سەرچاوە سروشتییەكانی دیكەوە هەیە. للای خۆشییەوە ئالیستێر ریوكلارك ئوستاد و تۆژەر لە زانكۆی داندی هۆشداری دا بەوەی كە زۆربەی وڵاتان پێویستیان بە كۆمەك و یارمەتیدانێكی زۆر هەیە لەهەموو بوارەكانی پسپۆری و ژێرخانی ئابووری، ئەمەش بەر لەوەی بەدواداچوون بكرێت لەسەر چۆنییەتی بەدەستهێنانی ئاو.

هەر لەمیانەی كۆنفرانسەكەدا ڕێكخراوی جیهانی دژی گەندەڵی بە دەزگاكانی چاپەمەنی ڕایگەیاند كە ٤٥٪ی ئەو پارەیەی كە بۆ ئاوی پاك لەجیهاندا تەرخان دەكرێت، كورتی هێناوە، ئەمەش بە هۆی ئەو لایەنانەوەیە كە گەندەڵی دەكەن لەبواری گەیاندنی ئاو بە هاووڵاتیان بەتایبەتی كاتی ئەنجامدانی پرۆژە گەورەكانی ژێرخانی ئابووری ئاو.

ڕێكخراوەكانی سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكان ڕایانگەیاند كە حاڵی حازر ٦ ملیار كەس لەسەر گۆی زەوی بەبێ ئاوی پاك و بەبێ هیچ مەرجێكی تەندروستی دەژین كە ١ ملیاریان منداڵن و هەموو ٢٠ چركەیەك منداڵێك بە هۆی ڕەچاونەكردنی مەرجەكانی تەندروستی لە جیهاندا دەمرێت، كە ساڵانە بەو هۆیانەوە دەكاتە مردنی ١،٨ ملیۆن كەس لەتەواوی دنیادا. هۆكارەكانیشی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی مەرجی تەندروستی خواردن و ئاوی پیسبووی سەرچاوەكانی ئاو. چاوەڕوان دەكرێت تا ساڵی ٢٠١٥ لەجیهاندا ژمارەی ئەو كەسانەی كە لەژێر ئەو مەرجە ناهەموارانەدا دەژین لە ٢٠٪ بۆ ٣٠٪ بەرزبێتەوە، هەر بۆیەش نەتەوە یەكگرتووەكان لە بانگەوازێكدا ڕایگەیاند كە ساڵی ٢٠٠٨ دەكەنە ساڵی بەگژداچوونەوەی خراپی مەرجەكانی تەندروستی و دابینكردنی ئاوی پاك بۆ هاووڵاتیان، كە ئەوەش لە خاڵی سەرەكی بەرنامەكەیاندا هاتووە لەو پێناوەدا و كەمكردنەوەی ڕێژەی تووشبووان كە بەو هۆییەوە دووچاری بوون یان ژیانیان لەدەستداوە و دەخوازن ئەو ڕێژەیە تا ساڵی ٢٠١٥ بكەنە نیوە.

یەهۆی کەمی باران ئەگەری دووبارەبوونەوەی وشکەساڵی و هەڵوەشانەوەی پلانەکانی حکوومەت لەئارادایە

# هەرێمی کوردستان بە پراکتیکی پرۆژەی بەنداوی گەورەی جێبەجێ نەکردووە، بە پێچەوانەی تورکیاو ئێرانەوە

## لەوانەیە ئەو پلانە پێنج ساڵییەی کە بۆ بوژانەوەی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ دارێژرابوو، جێبەجێ نەکرێت



●●●
ئەگەر زۆرترین بارانیش ببارێت ئەوا بەهۆی نەبوونی پلانرێژی گونجاو و زانستییانە (وەک دروستکردنی بەنداو و پرۆژەی ئاودێری گەورە بۆ گلدانەوە و پاشەکەوتکردنی ئاو) بۆ کەڵک وەرگرتن لەو بارانە و دابەشکردن و بەکارهێنانی ئەو سامانە سروشتییە زۆربەی بە هەدەر دەچێ
●●●

### وشکەساڵی کاریگەری دەبێت لەسەر پلاندانان

بەهـــۆی کەمی باران بارین شـــیمانەی ئەوە دەکرێت ئەمســـاڵیش وشکەســـاڵی ڕووبدات و بەمەش پلانە دوورمەوداکانی حکوومەتی هەرێم لەباردەچێت، بەتایبەتی کە حکومەت بڕیاریداوە بۆ ســـاڵانی داهاتـــوو زیاتر لـــە ٤٠٪ی بودجە بۆ کەرتی کشـــتوکاڵ تەرخان بکات.

لەمبارەیەوە ژێدەرێکی پســـپۆر لەبواری کشتوکاڵ پێی ڕاگەیاندین کە ئەمساڵیش ئەگەری ئەوە هەیە هەمدیسان وشکەساڵی هەرێمی کوردســـتان بگرێتەوە، چونکە وا نزیکی سەری ساڵی نوێ دەبینەوە کەچی بەڕێژەیەکی زۆر کەم باران باریوە و بەم هۆیەشـــەوە لەوانەیە ئەو پلانە پێنج ســـاڵییەی بۆ کەرتی کشتوکاڵ دارێژرابوو جێبەجێ نەکرێت.

ســـەبارەت بەم مژارە، عوسمان شـــوان وەزیری پلاندانان بە گوڵانی ڕایگەیاند کە هێشـــتا ماویەتی بڕیاری وشکەساڵی بدەین، هەروەك ڕوونیکردەوە کە پلانە پێنج ســـاڵییەکەی حکوومەت پەیوەســـتە بە کەشوهەوا و بودجەی هەرێمەوە، بۆیە ئەگەر وشکەساڵی ڕووبدات و بودجەی عێراق و کوردستانیش کەم ببێتەوە ئەوا ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر سیاسەت و پلاندانان.

●●●
پسپۆرێکی بایۆلۆژی دەڵێت هۆکارێکی سەرەکی وشکەساڵی لەزۆربەی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی بەکتریا. بۆیە هۆشداری داوەتە ئەو وڵاتانەی وشکەساڵی تێدایە، تاوەکو هەوڵی کەمکردنەوەی پیتاندنی بەکتریا بدەن
●●●

### ICRC ٦ ملیۆن دۆلاری بۆ وشکەساڵی تەرخانکردووە

د. دیندار زێبـــاری ڕێکخەری حکوومەتی هەرێـــم بۆ کاروباری UN کە پێشـــتر سەردانی بارەگای ســـەرەکی ڕێکخراوی خاچی ســـووری نێودەوڵەتی لە جنێف کرد بـــوو، بەگوڵانی ڕایگەیاند کە ڕێکخراوی ICRC بری ٦ ملیۆن دۆلاری بۆ ناوچەکانی توشبوو

بە وشکەساڵی لەکوردستان تەرخانکردووە.
جێگری سەرۆکی بەشی چالاکییەکانیش لەڕێکخراوی (ICRC) باســی لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەی لەهەرێمی کوردستان کردو ڕایگەیاند کە ٦ ملیۆن دۆلاریان بۆ ناوچەکانی ئاکرێ، خانەقین و دەڤەری گەرمیانی تووشبوو بە وشکەساڵی تەرخانکردووە، کە بڕیارە بەم نزیکانە پلانی ڕێکخراوەکە دەســت پێبکات و لەکۆتایی مانگی ئاداری ٢٠٠٩ کۆتایی پێبێت. ئامانجی ئەو پلانەش چاککردنەوەی ئـــەو زەرەر و زیانانەیە کـــە بە کەرتی ئاوەدانکردنەوە گەیشـــتووە، هەڵکەندنی بیری ئاوی نوێ، بەرەو پێشـــبردنی ئاوەڕۆکان و ئاوی خواردنەوە و هەندێ لایەنی پێوەندیدار بە پاراســـتنی باری ئابووری لەگەڵ دابەشـــکردنی خۆراك بەسەر خەڵکی زەرەرمەند بە دیاردەی وشکەساڵی، کە لەو ناوچانەدا دەژین.

## زیادبوونی دانیشتوان و کەمبوونەوەی ئاو

لەکاتێدا لەسەرتاپای جیهان و لەنێویشیاندا هەرێمی کوردستان باری دیمۆگرافیا بەردەوام ڕوو لە گۆڕان و هەژاندایە، بەتایبەتیش لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا. وا چاوەڕوان دەکرێت کە سەرچاوە سروشتییەکان بە تایبەتی ئاو بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشـــتووان و زیادبوونی بەکارهێنانـــی ئاو و هاوکات بەهـــۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما پێشـــبینی کەمبوونەوەی ئاو دەکرێت و تەنگژەی بێ ئاوی دروست دەبێت. لەبەرئەوە ئەگەر کۆمەڵگەی نەتەوەیی بە باشـــی ئیدارەی ســـەرچاوەکانی ئاو نـــەکات ئەوا یەکێك لە ئەگـــەرەکان ئەوەیە کە شەبەحی جەنگی ئاو نزیك دەبێتەوە، کە ئێستا لەهەندێك ناوچە بۆتە هۆی دروستبوونی ململانێی و بارگرژی سیاسیی و هەرێمی.
لەلایەك ئێســـتا تورکیا خەریکی دروستکردنی بەنداوی ئیلیسۆ-یە لەناوچەی حەسەن کێف-ی سەر بەشاری باتمان بۆئەوەی دەروازەی ئاوی دیجلە بـــەڕووی عێراقدا دابخـــات و وەك بارمتەیەك لەژێر ڕێکفی خۆیدا بەکاریبهێنێت. لەملاشـــەوە ئاوی ئەڵوەن لە خانەقین، کە یەکێکە لەو سەرچاوانەی لەئێرانەوە دێتە کوردستان ئەوا خەریکە ئاراستەی ئاوی سیروان لادەبرێت و وشك دەکرێت. بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژیانەش پێویستە لەڕێی سیستمێکی هەرێمی و بەهاوبەشی ئیدارەی سەرچاوەکانی ئاو بکرێت.
بۆیە ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوین یەکێکە لەو ناوچانەی دنیا کە کێشەی کـــەم ئاوی ڕووی تێکردووە، بەتایبەتی کەم بوونی ســـەرچاوەکانی ئاوی شـــیرین بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ و کشـــتوکاڵ و ئاژەڵداری. دەربارەی هەرێمی کوردستانیش بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەوا بە هەرێمێکی دەوڵەمەند دادەنرێت.

## وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو
## ١٠٠ جێگای دەستنیشانکردووە بۆ دروستکردنی بەنداو

ئاو بنەماگەی هەموو پێشـــڤەچوونێك و بوونـــی ژیانە لەجیهاندا، لەبەرئەوەی کۆنترین شارستانییەت لە کەناری ڕووبارەکانەوە دەستی پێکـــردووە. وەك وڵاتانی نێوان هەردوو ڕووبـــاری میزۆپۆتامیا کە کوردستان بەشێکە لەو ناوچەیە. لەبەرئەوەی زۆربەی مەترۆپۆلەکان و شـــار و دێهاتەکانی جیهـــان لە نزیکی ڕووبـــار و کانیاوەکانەوە گەشـــەیانکردووە. هەر بۆیە بایەخی ئاو لەهەموو ســـەرچاوەیەکی سروشـــتی دیکە پێویستە بۆ ژیان و شارســـتانییەت، بە بێ ئاو نە دەتوانین بژین و نـــە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش دەتوانێ نەشـــونما بکات. لـــەم ڕووەوە، گلدانـــەوەی ئاوی ژێر زەوی بـــۆ نەوەکانی داهاتـــوو زۆر گرنگە، بەشـــێوەیەك گەر لەحاڵەتـــی زۆر زەروریدا نەبێت نابێ بەکاربهێنرێت. بۆ ئەمەش پێویستە هەوڵەکانی وەزارەتی ســـەرچاوەکانی ئاو بۆ دروستکردنی بەنداو چڕتر بکرێتەوە تا ببێتە هۆی زۆربوونی ئاوی سەر زەوی. لەساڵانی ڕابردووشدا پرۆژەکانی ئاوی ســـەرزەوی لەبواری ئاودێری و ئاوی خواردنەوە وەکو پێویست دروســـت نەکراون. بۆیە خەڵك بە ناچاری دەستدرێژی دەکەنە سەر ئـــاوی ژێر زەوی و ژمارەیەکی زۆر بیـــر بەمۆڵەت و بێ مۆڵەت هەڵدەکەنرێت. هەر بۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت زۆرترین پرۆژە لەســـەر ئاوی سەر زەوی دروست بکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان هەشت ملیۆن دۆنم زەوی لەباری هەیە بۆئەوەی پرۆژەی ئاودێری لەســـەر بکرێت، بەڵام تائێســـتا کەمتر لە ١٠٪ پرۆژەی لەسەر دروستکراوە.
هەروەها هەرێمی کوردســـتان ٥٠ ملیار مەتر چوارگۆشەی ئاوی هەیـــە، کە تەنیا ١٠ ملیاری کۆنترۆڵکراوە لە بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان و دهۆك.
بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوەکان، سەر بە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێم بەگوڵانی ڕایگەیاند کە، پلانڕێژی کردووە تا کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاو، بەتایبەتی ئاوی ژێر زەوی بکات. بۆ ئەمەش زیاد لە ١٠٠ جێگای دەستنیشانکردووە بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە و بچووك و مام ناوەندی، وابڕیاریشە لەساڵی داهاتوو هەندێك لەو بەنداوانە بخرێنە واری جێبەجێکردنەوە، لەوانەش بەنداوی حەمامۆك لە کۆیە، بەنداوی باوەشاســـوار لە گەرمیان و بەنداوی گۆمەسپان لەهەولێر و هەندێ بەنداوی دیکەش دیزاینەکەی لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم تەواوکراون و دەخرێنە تەندەرەوە.

## بەرزی بەنداوی بێخمە ٦٠٠ مەتر دەبێت

لەلایەکی دیکەشەوە، حکوومەتی ناوەندی عێراق ئامادەیی دەربڕیوە کە، بری ٥ ملیار دۆلار بۆ دروستکردنی بەنداوی بێخمە لەسەر زێی گەورە خەرج بکات، هەروەها دیزاینی بەنداوی تەق تەق تەواوکراوە، کە بە قەد بەنداوی دەربەندیخان دەبێت لەســـەر زێی بچووك، جگە لەبەنداوی باسەڕە لەسلێمانی.
بـــەرزی بەنداوی بێخمە ٦٠٠ مەتـــر دەبێت، کە توانای گلدانەوەی ئاوی ١٧ ملیار مەتری چوارگۆشە هەیە و توانای بەرهەمهێنانی کارەبـــای ١٥٠٠ میگاواتە لەبەرزترین ئاســـتی ئاودا، ئێســـتاش ئاڵتەرناتیڤێـــك دانـــراوە بۆئەوەی لەکاتـــی جێبەجێکردنی پرۆژەکە کەمترین گوند و ناوچە داپۆشـــرێت. بە دروستکردنی زنجیرەیەك بەنداو دەتوانرێ قەرەبووی ئەو کەمکردنەوەیەی توانای گلدانەوەی ئـــاو و بەرزایی بەنـــداوی بێخمە بکرێتەوە. ئەگەر ئێســـتا بەرزی بەنداوەکە کەم بکرێتەوە بۆ ٥٥٠ مەتر لەئاســـتی ڕووی دەریاوە ئەوا توانای گلدانەوەی ئاو دادەبەزێنێت بۆ نیوەی ئاستی پێشوو، توانای بەرهەمهێنانی کارەباشـــی دادەبەزێت بۆ ٨٤٠ میگاوات کارەبا. ئەو گوندانەی پێشتر دایدەپۆشی دەگەیشتە ٦٠ گوند، بەڵام لەحاڵەتی دووەمـــدا کەم دەبێتەوە بۆ ٣٠ گوند. لەهەردوو حاڵەتەکەش دەڤەری بارزان ناکەوێتە ژێر ئاوەوە، چونکە شوێنی بارزان بەرزترە، بەڵام

●●●
**حکوومەتی ناوەندی عێراق ئامادەیی دەربڕیوە کە، بری ٥ ملیار دۆلار بۆ دروستکردنی بەنداوی بێخمە لەسەر زێی گەورە خەرج بکات، هەروەها دیزاینی بەنداوی تەق تەق تەواوکراوە، کە بە قەد بەنداوی دەربەندیخان دەبێت لەسەر زێی بچووک، جگە لەبەنداوی باسەڕە لەسلێمانی.**
●●●

●●●
**بەرزی بەنداوی بێخمە ٦٠٠ مەتر دەبێت، کە توانای گلدانەوەی ئاوی ١٧ ملیار مەتری چوارگۆشە هەیە و توانای بەرهەمهێنانی کارەبای ١٥٠٠ میگاواتە لەبەرزترین ئاستی ئاودا، ئێستاش ئاڵتەرناتیڤێک دانراوە بۆئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە کەمترین گوند و ناوچە داپۆشرێت**
●●●

●●●
**بە دروستکردنی زنجیرەیەک بەنداو دەتوانرێ قەرەبووی ئەو کەمکردنەوەیەی توانای گلدانەوەی ئاو و بەرزایی بەنداوی بێخمە بکرێتەوە. ئەگەر ئێستا بەرزی بەنداوەکە کەم بکرێتەوە بۆ ٥٥٠ مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە ئەوا توانای گلدانەوەی ئاو دادەبەزێنێت بۆ نیوەی ئاستی پێشوو، توانای بەرهەمهێنانی کارەباشی دادەبەزێت بۆ ٨٤٠ میگاوات کارەبا**
●●●

**هەرێمی کوردستان هەشت ملیۆن دۆنم زەوی لەباری هەیە بۆئەوەی پرۆژەی ئاودێری لەسەر بکرێت، بەڵام تائێستا کەمتر لە ١٠٪ پرۆژەی لەسەر دروستکراوە. ٥٠ ملیار مەتر چوارگۆشەی ئاویشی هەیە، کە تەنیا ١٠ ملیاری کۆنترۆڵکراوە لە بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان و دهۆک**

**لەساڵانی ڕابردوودا پرۆژەکانی ئاوی سەرزەوی لەبواری ئاودێری و ئاوی خواردنەوە وەکو پێویست دروست نەکراون. بۆیە خەڵک بە ناچاری دەستدرێژی دەکەنە سەر ئاوی ژێر زەوی و ژمارەیەکی زۆر بیر بەمۆڵەت و بێ مۆڵەت هەڵدەکەنرێت. بۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت زۆرترین پرۆژە لەسەر ئاوی سەر زەوی دروست بکرێت**

دەوروپشتەکەی وەك دەڤەری بلێ و ڕێزان لەحاڵەتی یەکەمدا ژێر ئاو دەکەون.

بەڵام پسپۆڕێك لە بواری پرۆژەکانی هایدرۆپاوەر بۆ گوڵانی ڕوونکردەوە، گەرچی بنیاتنانی بەنداو سوود و ئاکامی پۆزەتیڤی بۆ ئەمبارکردنی ئاو و پرۆژەکانی ئاودێری هەیە، بەڵام پێویستە ئاگاداری لایەنی خراپیشی بین، لەم ڕووەوە پێویستە هەموو پرۆژەیەك کەڵکی ژینگەیی هەبێت، ناکرێت شار و گوند و ڕووبەرێکی فراوانی دەشتایی و کشتوکاڵی بخرێتە ژێر ئاوەوە و زیانەکانی لە سوودەکانی زیاتر بێت و ناوی لێبنرێت پرۆژەی ستراتیژیی، بۆیە بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی دژی دروستکردنی زۆر بەنداون وەکو بەنداوەکانی تورکیا، کە ئێستا لە ناوچەی هەکاری و باتمان بنیات دەنرێت. یاخود ئەو بەنداوانەی ئێران لەسەر زێی سیروان و ئەڵوەند دروستی کردووەو ڕووبارەکانی کوردستانی دووچاری وشکبوون کردووە. بەڵام ئەو پسپۆرە گوتیشی: "حکومەتی کوردستان بە پراکتیکی پرۆژەی بەنداوی گەورەی جێبەجێ نەکردووە، بە پێچەوانەی تورکیاو ئێرانەوە، ئەو پرۆژانەش بمانەوێت و نەمانەوێت جێبەجێ دەکرێت بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کوردیش بە پراکتیکی هەنگاو بەرەو بنیاتنانی پرۆژەی گەورەی بەنداو بنێت. لەوانەش دروستکردن و تەواوکردنی بەنداوی بێخمە کە سوودێکی ستراتیژی دوورمەودای هەیە بۆ هەرێمی کوردستان لەگەل لایەنی جیاجیاوە".

## بەکارهێنانی ئاو بەشێوەیەکی ئابوورییانە

لە زانستی ئابووریدا دوو جۆر خستنەڕووی ئاو هەیە. یەکەمیان خستنەڕووی سروشتییە، کە مەبەست لەهەموو ئەو ئاوانەیە بەشێوەیەکی سروشتی دێنە خاکی وڵاتێکەوە و دووەمیان خستنەڕووی ئابوورییانەیە، کە ئەمیش بەکارهێنانی ئاوەکەیە بەشێوەیەکی ئابوورییانە. بەڵام بە گوێرەی گوتە و لێدوانی پسپۆرانی بواری ئابووری، هەرێمی کوردستان کێشەی یەکەمیانی نییە و لەگەڵ ئەوەی ساڵی ڕابردووش وشکەساڵی ڕوویدابێت ئەوا هێشتا کوردستان بە یەکێك لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەژمێردرێت لەبواری سامانی ئاودا، بەڵکو کێشەکە لە بەکارخستنی ئابوورییانەی ئەو ئاوەدایە لەلایەن بەرپرسانی حکوومییەوە. لەمبارەیەوە وەزارەتە سەرچاوە ئاوییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کێشەکەی بۆ حکوومەتی ناوەندی گەڕاندەوە و ئاماژەی بەوەدا بە درێژایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ڕێگە بەهەرێمی کوردستان نەدراوە کار لەسەر سەرچاوەکانی ئاو بکات و بەم هۆیەشەوە تائێستا زێی گەورە و زێی بچووك و ڕووباری سیروان و ئاوی سپی، پرۆژەی ئاودێریان لەسەر دروست نەکراوە.

## ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی وشکەساڵی و بە بیابانبوون

پاش ئەو وشکەساڵییەی کە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی گرتەوە، پسپۆڕانی بواری کەشناسی دەڵێن ئەگەر ئەمساڵ بارانێکی زۆریش لەهەرێمی کوردستان بباریێت، بەڵام هێشتا حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەك پێویست پلانرێژییان نەکردووە بۆ سوودوەرگرتن لەو بارانە و بەم هۆیەشەوە شارەزایانی بواری ئابووری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەگەر زۆرترین بارانیش بباریێت ئەوا بەهۆی نەبوونی نەخشە و پلانڕێژی گونجاو و زانستییانە (وەك دروستکردنی بەنداو و پرۆژەی ئاودێری گەورە بۆ گلدانەوە و پاشەکەوتکردنی ئاو) بۆ کەڵك وەرگرتن لەو بارانە و دابەشکردن و بەکارهێنان و قۆستنەوەی ئەو سامانە سروشتییە زۆربەی بە هەدەر دەچێ و ناتوانرێ کەڵکی لێوەربگیرێت و بەهۆیەوە تووشی کەم ئاوی دەبینەوە. بۆیە دەبێ حکوومەت بودجەی تەواو بۆ پرۆژەکانی ئاودێری و بەرهەمهێنانی ئاو تەرخان بکات.

وێڕای کون بوونی چینی ئۆزۆن کە پسپۆران بە هۆکاری تواندنەوەی سەهۆڵبەندان و ئەو شەپۆڵەی پلەی گەرما و گۆڕانی کەشوهەوای جیهانی دەگێڕنەوە، هەروەها بەهۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و کەم بوونی ڕووەك و نەمانی دارستانە چڕەکان و ڕێژەی کەسکایی و زیادبوونی بەهەڵمبوون و زیادبوونی کارگە نایاساییەکان و وێرانکردنی سەرچاوە ئاوییەکان وەك بیرەکان و کارێزەکان و کانیاوەکان لەهەموو گوندەکانی کوردستان و پیسبوونی ژینگە ئەوا ڕێژەی کاربۆن زۆر زیادی کردووە. بەمەش ئاو دەبێتە یەکێك لەو سەرچاوانەی کە ئاسایشی نەتەوەیی پێوە بەندە و لەدوای نەتەوە بە گرنگترین سامانی سروشتی پۆلین دەکرێت.

## بەکتریاش هۆکاری وشکەساڵییە

رنەت کرستنەر کە مامۆستای بەشی بایۆلۆژیە لەزانکۆی لویزیان ستەیت، بۆی دەرکەوتووە هۆکارێکی سەرەکی وشکەساڵی لەزۆربەی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی بەکتریا.

ئەم توێژەرە دەڵێت: "ئەو بیرۆدۆزەی کە پێشتر باسی لە کاریگەری کەمی بەکتریا دەکرد لەسەر باران بارین ڕێژەکەی هەڵەیە و زۆربەی وشکەساڵی هەندێ وڵات بەهۆی زۆربوونی بەکتریاوەیە". کرستنەر کە توێژینەوەکەی لەسەر Pseudomonas Syringes بوو، واتە "چۆنیەتی گواستنەوەی بەکتریا" کە لە ١٩ شوێنی جیاوازی سەر گۆی زەوی ئەنجامیداوە بۆی دەرکەوتووە کە بەکتریاکان وەك ئاستەنگێك دەبینرێت لەبەردەم دروستبوونی هەوردا، چونکە چینێکی ناتەواو دروستدەکەن و دەبنە نەگەیەنەرێك بۆ بەهەڵمبوون و دروستبوونی هەور لە ئاسماندا، بۆیە هۆشداری داوەتە ئەو وڵاتانەی وشکەساڵی تێدایە، تاوەکو هەوڵی کەمکردنەوەی پیتاندنی بەکتریا بدەن.

## وشکەساڵی چییە؟

وشکەساڵی لە کەمترین مانایدا ئەوەیە، کە بارینی باران تائاستێکی زۆر کەم دەبێتەوە یان هەر نامێنێت، ئیدی ئەو ناوچەیەی کە دووچاری ئەم وشکەساڵییە دەبێتەوە دەکەوێتە بەردەم زەرەر و زیانێکی زۆر لەهەموو ڕوویێکەوە، سەرباری ئەوەی زیانێکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ دەگەیەنێت. هاوکات کێشە و دەرەنجامی کۆمەڵایەتی زۆریشی لێدەکەوێتەوە و دەمانخاتە بەردەم تەنگژەیەکی سیاسیی و ئابووری گەورەوە. هەر بۆیە لەعێراقدا لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێك کە پەیوەست بێت بە مافەکانی مرۆڤەوە بووەتە هۆی

ئـــەوەی کە پلاندانان بۆ پاراســـتنی ئاو بوونی نەبێـت. لەبەرئەوە مەترسی وشکبوون و بە بیابانبوون زۆرێك لەزانایانی هێناوەتە پای ئەوەی بیر لە توێژینەوەی زیاتر لەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەبارەی کەشـوهەواوە لەجیهاندا ڕوودەدەن، ئەنجام بدەن. چاودێرانی بواری ئابووری سیاسـیی پێیانوایە کوردســتان لەم بارەیەوە پێویستی بە ناوەندێکی ئەکادیمی هەیە کە دەبێت دیراســە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مژارە بکەن، بەتایبەتی پلاندانان لەسەر ئاو. لەبەرئەوە هەرچی زووە دەبێ کۆنفرانسـێك بۆ توێژینەوە لە گرنگی و ئاسایشــی ئاو ببەسترێت.

بەگوێرەی داتا و زانیارییەکان، دوو سەد ساڵ لەمەوبەر و لەبەهاری ١٨٠٨ وشکەســاڵییەکی گەورە ڕوویکردە هەرێمی کوردســتان و زۆربەی ســەرچاوە ئاوییە گەورەکانی دووچاری وشــکبوون کرد. سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن لەزســتانی ١٨٠٨ باران بەشێوەیەکی زۆر کەم باری، لە کوێستانەکانیش بەفــر زۆر بەکەمی بەدیکرا. لەبەهاریشدا باران بەڕێژەیەکی زۆر کەمتر لەزستانەکە باری چونکە بەفربارین لە کوێســتانەکان سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوییە بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستاندا ئەمە سروشتی ناوچەکەیە. هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٤٠- ٢٠٠٨ تائێستا ٦ حاڵەتی وشکەساڵی و بێ بارانی لە کوردســتان تۆمارکراوە، کە ئەوانیش بریتین لە ســاڵی ١٩٥١ و ١٩٩٧ و ١٩٩٨ و ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ و ٢٠٠٨ بەتایبەتــی ســاڵی ٢٠٠٨، کــە لە تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەرێمی کوردســتان بارانێکی کەم باری و بە ساڵی وشکەساڵی ناسێنرا.

## میکانیزمەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی

پســپۆڕانی بواری ئاو پێیانوایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی وشکەساڵی دەبێ ئەو میکانیزمانە بگرینەبەر: ئامۆژگاریکردنی جوتیارەکان بە چاککردنی زەوی و خاك بۆ بەفیڕۆنەچوونی ئاوی باران و جیاکردنەوەی بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوە لەگەڵ ئاو بۆ پێداویستییەکانی دیکە، پاراستن و چاککردنەوە ئاوی کانیاوەکان و زیندووکردنەوەی کارێزەکان و دروســتکردنی بەربەستی بچووك لەو ناوچانەی کە گەرمیان و کوێســتانن. ئەمەش دەبێتە هۆی پاراســتنی ئاو و خاك و زیادکردنی ئەســتووری خاك، کە جگە لەئەمبارکردنی ئاو لەپشــتی بەنداوەکەوە، هۆیەکی گرنگیشــە بۆ زشــك نەبوونی کانیاوەکان و کارێزەکان و زیادبوونی ئاســتی ئاوەکانیان.

پســپۆڕێکی ســەنتەری لێتۆژینەوەی ئاو دەڵێت: شتێکی دیکە هەیە کە تائێســتا لەکوردســتان ڕەچاو نەکراوە، لەبەرئەوەی ئاو بۆ هەموو پێداویســتییەك بەکاردێت، بۆیە دەبێت جۆری ئاوەکە جیابکەینەوە، بۆ نموونە ئاوی خواردنەوە و کشــتوکاڵ و ئاو بۆ ئاژەڵــەماڵییەکان و کارگەکان دەبێــت لێکهەڵاوێرد بکرێت. ئەم جیاکردنەوەیەش پێویستی بە تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو هەیە.

لەبارەی پلانی وەزارەتی ســەرچاوە ئاوییەکان بۆ کێشــەی کەم ئــاوی تاکو کوردســتان لەژێر ڕەحمەتی لافاو و وشکەســاڵی و بەبیابانبــوون ڕزگاری بێت، وەزیری ســەرچاوە ئاوییەکان بە گوڵانی ڕایگەیاند کە پرۆژەی دروســتکردنی بەنداو پێشــنیار کراوە، بەڵام تائێســتا ڕەزامەندی لەسەر تەرخانکردنی بودجەی تەواو نیشان نەدراوە، هەروەك لەهەفتەی ڕابردوو بینیمان بەهۆی ئــەو بارانــە زۆر و کتوپڕەی ڕوویدا بووە مایەی هەڵایســانی لافاو، بەمــەش ژمارەیەك هاووڵاتــی لەناوچەکانی چۆمان و ســمێلان گیانیان لەدەستدا. پێویستە بگوترێ، بەدوای وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ دووەم لایەنی پەیوەندیدارە سەبارەت بە پلانیان بۆ سوودوەرگرتن لەو ئاوانەی دێنە نێو خاکی هەرێمەوە.

بەگوێرەی زانیاری لایەنە پەیوەندیدارەکان، حکوومەتی هەرێمی کوردســتان تەنیا ســێ بەنداوی لەژێر جێبەجێ کردندان، لەوانە بەنداوی (باوە شاسوار) لەشارۆچکەی کفری و (حەمامۆك) لە کۆیە و (کەشکان) لە دهۆك. بەنداوەکەی دهۆك لەسەر بودجەی وەزارەتی ســەرچاوە ئاوییەکانی بەغدایە. بۆ ساڵی داهاتووش لە کۆی ١٢ بەنداو تەنیا ٦ بەنداو لە ســلێمانی ڕەزامەندی لەسەر دراوە. لەشاری هەولێر و دهۆکیش داواکاری پێشکەشی وەزارەتی دارایی کراوە، بەڵام تائێستا ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدراوە.

جێی باســە، حکوومەتی هەرێمی کوردســتان تەنیا لە سلێمانی بەنداوی چەق چەق-ی دروســتکردووە، بەڵام دەبێت سەرلەنوێ هەڵیوەشێنێتەوە لەبەرئەوەی بە هەڵەی تەکنیکی ئەنجامدراوە.

**بە درێژایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ڕێگە بەهەرێمی کوردستان نەدراوە کار لەسەر سەرچاوەکانی ئاو بکات و بەم هۆیەشەوە تائێستا زێی گەورە و زێی بچووك و ڕووباری سیروان و ئاوی سپی، پرۆژەی ئاودێریان لەسەر دروست نەکراوە**

**بەنداوی حەمامۆك لە کۆیە، بەنداوی باوەشاسوار لە گەرمیان و بەنداوی گۆمەسپان لەهەولێر و هەندێ بەنداوی دیکەش دیزاینەکەی لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم تەواوکراون و دەخرێنە تەندەرەوە**





●●●
**ڕاپۆرتەکەی سەنتەری دیراساتی ئابووری و کۆمەڵایەتی تورکیا (TESEV) بە ناونیشانی نەخشەی ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا هەنگاوێکە بە ئاراستەیەکی ئیجابیانە**
●●●

# چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا

# نەخشەی ڕێگەیە بۆ ئەندامییەتی لە یەکێتی ئەورووپا

گەڕان بەدوای چارەسەری کێشەی کورد لە ناوەند و سەنتەرەکانی دیراساتی تورکیا هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە، ئەم نەریتە لەگەڵ ئەوەی لە تورکیا تازەیە بەڵام نەریتێکی دیموکراتیانەیە لە هەنگاوی سینتاکسەکانی ڕۆژئاوا دەچێت، هەربۆیە ڕاپۆرتەکەی سەنتەری دیراساتی ئابووری و کۆمەڵایەتی تورکیا (TESEV ) بە ناونیشانی نەخشەی ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا هەنگاوێکە بە ئاراستەیەکی ئیجابیانە و مانای وایە کاتی ئەوە هاتووە یان لانی کەم ڕۆشنبیرانی تورك ئامادەن گوێ لەو ڕاو بۆچوونانە بگرن کە دەبنە سەرەتایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، ڕاپۆرتەکە کە لە ٤٠ لاپەرە پێکهاتووە تەنیا بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە بەڵام ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە و بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بڵاو کراوەتەوە، ئەم ڕاپۆرتە گەلێك بۆچوونی باش و بونیادنەر لە خۆی دەگرێت و هاوکاتە لەگەڵ کردنەوەی پەخشی کوردی کەناڵی TRT6، کە لە دەسپێکی ساڵی تازەوە دەستی پێکردووە، ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە لەم ڕاپۆرتە هۆشداریدانە بە حکومەتی تورکیا بەوەی کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکە ڕەهەندی ئەتنی و ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەی تورکیا هەیە و ناکرێت کێشەی نەتەوەیەك وەك کێشەی ئیرهاب سەیر بکرێت، لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە کە ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە کە دەنگی کورد بگەیەنێتە حکومەت و پێیان ڕابگەیەنێت کورد خواستی ئاشتییانەی هەیە و دەیەوێت کێشەکەی بەڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت.

●●●
**ئەم ڕاپۆرتە حکومەتی تورکیا لەوە ئاگادار دەکاتەوە کێشەی کورد بە ڕێگە چارەی سەربازی چارەسەر ناکرێت و پەنابردن بۆ هێزی سەربازی تەنیا کارەسات و کاولکاری لێدەکەوێتەوە**
●●●

## گەیشتن بەو قەناعەتەی
## کە رێگەی سەربازی چارەسەری کێشەکان ناکات

ئەم راپۆرتــــە حکومەتی تورکیا لەوە ئاگادار دەکاتەوە کێشـــەی کـــورد بە رێگە چارەی ســـەربازی چارەســـەر ناکرێت و پەنابردن بۆ هێزی ســـەربازی تەنیا کارەســـات و کاولکاری لێدەکەوێتەوە. کەریم یەڵدز کە بۆ ئەم راپۆرتە تایبەت بۆ گوڵان قســـەی کردووە، ســـەبارەت بە گەیشتن بەقەناعەتی سوپای تورکیا کە ئەم کێشەیە بە رێگە چارەی ســـەربازی چارەسەر ناکرێت، دەڵێت: ئێستا لە ناو ســـوپای تورکیا ٢ بۆچوون هەیە هەندێك لە ژەنراڵە سەربازییەکان گەیشـــتونە ئەو قەناعەتەی کە کێشـــەی کورد بە رێگە چارەی ســـەبازی چارەســـەر ناکرێت، بەڵام هەندێکی دیکەیان هێشتا لەو بڕوایەدان کە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ لەناوبردنی پەکەکە دەبێتە چارەســـەری کێشـــەی کورد یان دوای ئەوە کێشـــەیەك لە تورکیا نابێت ناوی کێشـــەی تورك بێت. بێگومان ئاساییە لەلای ســـوپای تورکیا ئەم بۆچوونە هەبێت لەبەر ئەوەی سوپای تورکیا، وەك رۆژنامەنووسی تورك فاتمە دیشلی بە تایبەت بەم راپۆرتەی راگەیاند لەســـەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی تورکیاوە هەوڵدەدات بە رێگەی ســـەربازی مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە بکات و ماوەی زیاتر لە ٨٥ ســـاڵە غەدر لە کورد دەکەن، هەربۆیە ئەگەر ئێســـتا بەشێکی کەمیش لە ناو سوپای تورکیا گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی کورد لە تورکیا بە رێگە چالارەی سەربازی چارەسەر ناکرێت، مانـــای هەوڵی دیموکراتخوازان لەگەڵ ئەوەی نەیتوانیوە گۆڕانی ریشەیش ئەنجامبدات بەڵام توانیویەتی کاریگەری هەبێت، ئەمانە بـــۆ تورکیا کە هەتا پێش دەیەکە باســـکردنی بە قەدەغە دادەنراو ئێســـتا بواری ئەوە هەیە بە ئاشـــکرا لـــە ناو میدیاکانی تورکیا و هەروەها بواری ئەوە هەیە میدیاکارانی تورکیا بە ئازادی رای خۆیان بـــۆ میدیاکانی دەرەوەی تورکیا دەرببڕن، مانای وایە بەرەوپێشـــەوە چوونێك هەیە و دەکرێت هەوڵەکان چڕتر بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئاکامی ئیجابیانەی زیاتری هەبێت.

بێگومـــان لایەنی کوردی لەم هاوکێشـــەیەدا نەرمتـــرەو خاوەنی دەستپێشخەری زیاتریشە، ئەم هەنگاوانە ئەگەر لەلایەن حکومەت و دەوڵەتی تورکیاوە وەڵامدانەوەی پێویســـتی هەبێت ئەوا بێگومان پرۆســـەکە هەنگاوی جدی بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت و کێشەیەکی گەورە چارەســـەر دەبێت کە باجی ســـەرەکی کورد داویەتی نەك دەوڵەتی تورکیا، راســـتە دەوڵەتی تورکیا لە ماوەی شـــەڕی ٢٥ ســـاڵی رابردوو بە سەدان ملیار دۆلاری خەرجکردووە و بە هەزاران سەربازیشی لێکوژراوە، بەڵام کورد وێڕای ئەوەی هەمان قوربانیداوە بە هەزاران گوندی راگوێزاراوە و تەواوی ناوچەکەشی بە بیانووی ئەوەی بارەکەی نائاساییە لە هەموو خزمەتگوزارییەك بێبەش بوون و تەنانەت بە ملیونەها کوردیش بە ناچاری رووی کردۆتە هەندەران یان رووی کردۆتە شارە گەورەکانی تورکیا بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەو باردۆخە رزگار بکات.

## ئاشتی بڕیاری بوێرانەی دەوێت

نکۆڵـــی لـــەوە ناکرێت پارتـــی داد وگەشـــەپێدان(AKP) لەو کاتـــەوەی حکومەت بەڕێوە دەبات چەندین هەنگاوی بوێرانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەکانی تورکیا هەڵگرتووە، دەکرێت سەردانی رەجەب تەیـــب ئەردۆگان بـــۆ ئەرمینیا بە یەکێـــك لە هەنگاوە بوێرەکانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا هەژمار بکەین، کە لە پێناوی چارەســـەرکردنی کێشـــەکاندا هەڵیگرتووە، ســـەبارەت بە هەنگاو هەڵگرتنیش بۆ مامەڵەکردنیش لەگەڵ کێشەی کوردیش لە تورکیا، راستە چەند هەنگاوێکی هەڵگرتووە، بەڵام هەنگاوەکانی بەو ئاستە نەبـــوون کە کوردی تورکیا چاوەڕێی بوون. ئەردۆگان و حزبەکەی هەرچییەك بۆ کوردی تورکیا بکەن هێشـــتا نەیانتوانیوە پاداشتی ئەو هەڵوێســـتەی کوردی تورکیا بدەنەوە کـــە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا دەنگی بە پارتەکەی ئەردۆگاندا، بۆیە کوردی تورکیا بە مافی خۆی دەزانێت چاوەڕێی زیاتر لە AKP و هەروەها بەڕێزان ئەردۆگان و گویلیش بکات.

ئەم خواستەی کورد بەپەخشکردنی بەرنامەی کوردی لەیەکێك لە کەناڵەکانی تورکیا تەواو نابێت، بەڵکو کورد پێویستی بەوە هەیە:

-١ جارێکی دیکـــە ناوچەکانی بە بیانـــووی راگەیاندنی باری نائاسایی نەبێتەوە گۆڕەپانی شەڕ و ئیستیفزازی سوپا.

-٢ کورد نایەوێت ناوچەکانی بە بیانووی قەدەغەکردنی هاتوچۆ و ناوچەی (محرمە) کاولبکرێن و گوندەکانی رابگوێزرێن.

-٣ نایەوێت لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا قســـەکردن بە زمانی کـــوردی قەدەغە بێت و رێگە نەدرێـــت منداڵانی کورد بە زمانی کوردی نەخوێنن.

-٤ کـــورد نایەوێت بە بیانووی ئـــەوەی ناوچەکانی ئارام نییە، لە پرۆژەی خزمەتگوزاری بێبەش بێت.

## هەموارکردنی دەستووری تورکیا و
## ناساندنی کورد وەک هاوڵاتی لە تورکیا

ئـــەوەی بـــۆ چاودێرانی بارودۆخـــی کورد لـــە تورکیا جێگەی هەڵوەســـتەکردنە ئەوەیە، دەوڵەتێك کاندیدکراوی یەکێتی ئەورپایە، بەڵام خاوەنی دەســـتوورێکە کە ئیعتراف بە پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکـــەی خۆی نـــاکات و بێجگـــە لە رەگەزی تـــورك هیچ رەگەزێکـــی دیکە بە هاوڵاتی تورکیا نازانێت، ئەمە لای یەکێتی ئەوروپـــا مەســـەلەیەکە قابیلی قبوڵکردن نییە و دژی ســـەرجەم بنەماکانـــی مافی مرۆڤیشـــە، هەربۆیە کاتێك ئەم پرســـیارە لە یەکێك لە بەرپرســـەکانی یەکێتی ئەوروپا دەکەین ئایا تورکیا هەتا نکۆڵی لە پێکهاتـــەی فرەیی کۆمەڵگەی خۆی بکات، دەرگای یەکێتی ئەورپای بۆ دەکرێتەوە، لەوەڵامدا وەك بەڕێز خاتوو کارینا وێسترهیم ســـەرۆکی لیژنەی مەدەنی تورکیا یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەم راپۆرتە بەتایبەتی پێی راگەیاندن، کە باســـکردنی تورکیا بۆ ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا بە بێ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە خەوێك بەولاوە هیچی تر نییە، کەواتە هەنگاوی یەکەمی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەموارکردنی دەســـتووری تورکیا دەســـت پێدەکات و یەکێك لە راســـپاردەکانی راپۆرتەکـــەی TESEV ئەوەیە کە دەبێت تورکیا دەســـتوورێکی تازەی هەبێت لەسەر بنەمای دیموکراتی دارێژرابێت و پێکهاتەی فرەیی کۆمەڵگەی تورکیا لەبەرچاو بگرێت، سەنتەری TESEV ئەمەی بە نەخشەی رێگە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا داناوە، بەڵام پرســـیار لێرەدا ئەوەیـــە ئەگەر حکومەتی تورکیا ئەم هەنگاوە بوێرانەیە هەڵبگرێت و دەســـتوورەکەی لەسەر بنەماکانی دیموکراتی دابرێژێتەوە، ئایا هیچ ئاســـتەنگێك دەمێنێت بۆئەوەی یەکێتی ئەوروپا لەبەردەم ئەندامییەتی تورکیا دابنێت ؟

ئەوانەی لەم راپۆرتە بەشـــداریان کردووین وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە ئەمەش بۆچوونەکانیانە.

●●●

**ئەردۆگان و حزبەکەی هەرچییەک بۆ کوردی تورکیا بکەن هێشتا نەیانتوانیوە پاداشتی ئەو هەڵوێستەی کوردی تورکیا بدەنەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا دەنگی بە پارتەکەی ئەردۆگاندا**

●●●



●●●

**ئەوەی بۆ چاودێرانی بارودۆخی کورد لە تورکیا جێگەی هەڵوەستەکردنە ئەوەیە، دەوڵەتێک کاندیدکراوی یەکێتی ئەورپایە، بەڵام خاوەنی دەستوورێکە کە ئیعتراف بە پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکەی خۆی ناکات**

●●●

**خاتوو کارینا ویسترهیم ئێستا سەرۆکی لیژنەی مەدەنی تورکیا یەکێتی ئەوروپایە (EUTCC) ئەم لیژنەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ناو یەکێتی ئەوروپا دامەزراوە و کارەکەی بریتییە لە چاودێری کردنی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی تەواوی مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا، پرۆفیسۆر کارینا پێشتر ئوستادی زانکۆی بیرگن بووە لە نەرویج و ئەندامی بۆردی دامەزراوەی راتۆف فاوندیشن بووە، ئەو دەزگایەی لە ساڵی ١٩٩٤ خەڵاتی راتۆفی بە لەیلا زانا بەخشی. خاتوو کارینا لە ساڵی ٢٠٠٥ کە سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیەی لە یەکێتی ئەوروپا دەکات، ٢ کۆنفراسی گرنگی لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا گرێداوەو بەردەوامیش هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە کە کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییان لە تورکیا چارەسەر بکرێت، سەبارەت بە هەنگاوەکانی ئەم دواییەی حکومەتی تورکیا و دەنگوباسی ئەوەی هەوڵێک لە ئارادایە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا بە پێویستمان زانی جارێکی دیکە لە رێگەی خاتوو کاریناوە هەڵویستی یەکێتی ئەوروپا بزانین ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەی خاتوو کارینایە بۆ گوڵان.**

## کارینا ویسترهیم سەرۆکی لیژنەی EUTCC لەیەکێتی ئەورپا بۆ گوڵان:

# تەنیا چارەسەرێکی سیاسییانەی کێشەی کورد دەبێتەهۆی ئەنجامدانی چاکسازی بنەڕەتی لە تورکیا و لە جێبەجێکردنی پێوەرە ئەوروپییەکان نزیکی دەکاتەوە



***گفتوگۆیەکی زۆر دەکرێت لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، ئێوە وەك سەرۆکی لیژنەی مەدەنی تورکی یەکێتی ئەوروپا (EUTCC) باوەڕتان وایە تا چ رادەیەك حکومەتی تورکیا ئامادەیی و توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی هەیە؟**

- ئەمە مەسەلەی باوەڕبوون نییە، ئەمە پەیوەندی بە چەند راستییەکەوە هەیە. چەندین لێدوان دەبیستین لە لایەن سەرۆك وەزیران، ئەردۆگان و ئەوانی دیکەوە، بەڵام کردارێکی سیاسی باش و ئیجابیان لێ بەدی ناکرێت. چەندین هێز و دەستپێشخەری نەتەوە و نێودەوڵەتی هەن کە خوازیارن تورکیا هەڵبستێت بە چارەسەرکردنی کێشەکان و پێوەرە نێودەوڵەتی و ئەوروپییەکانی مافەکانی مرۆڤ پەیڕەو بکات. ناتوانرێت ئەو کێشەیەی پێی دەڵێن کێشەی کورد چارەسەر بکرێت تاوەکو تورکیا درك بەو راستییە نەکات کە کێشەکە کوردەکان یان هیچ گروپێکی دیکە نین، بەڵکو ئەو سیاسەتە وێرانکارییە کە رێگە لە بەرەوپێشچوونێکی سیاسی و دیموکراتی تەندروست دەگرێت. چەند سیاسەتمەدارێکی کورد هەن لە تورکیادا دەتوانن بەشدار بن لەم پرۆسەیەدا، بەڵام هێشتا تورکیا ئیرادەیەکی سیاسی نییە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی گونجاو گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکاندا بکات.

*** بە پێی تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە تورکیا لە بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا نزیك دەکاتەوە؟**

- هەر هەنگاوێکی ئیجابی و بنیاتنەر، کە تورکیا دەیگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی کۆپنهاگن تورکیا نزیك دەکاتەوە لەوەی لە داهاتوودا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. بە داخەوە، هێشتا تورکیا لەبەدەست هێنانی ئەم ئامانجەوە دوورە. ئەو راستییەی کە سیاسەتمەدار و وتەبێژی کوردەکان لەیلا زانا کە بەم دواییە لە لایەن دادگایەکی تورکیاوە بە ١٠ ساڵ زیندانی حوکمدرا. تەنیا لەبەر ئەوەی مافی خۆی بەکارهێنا بۆ ئەوی لە بارەی بارودۆخی کوردەکانەوە بدوێت، ئەوەی دەرخست کە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە دۆخێکی باشدا نییە و ئەمەش ئاستەنگێکی جیددیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. هەروەك خاتوو سارا لەدفۆرد، کە وتەبێژی مافەکانی مرۆڤ و عەدالەتی ئەوروپیە وتی " تەنیا چارەسەرێکی سیاسییانەی کێشەی کورد دەبێتەهۆی ئەنجامدانی چاکسازی بنەڕەتی لە تورکیا و ئەم وڵاتە لە جێبەجێکردنی پێوەرە نێودەوڵەتی و ئەوروپییەکانی مافەکانی مرۆڤ نزیك دەکاتەوە" کوردەکان تورکیایەکی دیموکراتیان دەوێت، خەباتی چەندین ساڵەی ئەوان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بووە. ئەگەر تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا دەبێت بەم ئاراستەیە هەنگاو بنێت.

*** تورکیا بە شێوەیەك لە شێوەکان ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، ئایا ئەم گۆڕانە پەیوەندی بە گۆڕانە**

**نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە، یاخود بە سیاسەتی داد و گەشەپێدانەوە؟**

- ئاسانە لەوە تێبگەین کە دەسەڵاتەکانی تورکیا چین و سەرقاڵی چین، بەڵام ئەوی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە هێشتا گۆڕانکاری راستەقینە رووی نەداوە. پارتی داد و گەشەپێدان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کارێکی زۆر کەمی ئەنجام داوە. هیچ پرۆژەگەلێکی راستەقینە لە ئارادا نییە بۆ بەرەوپێشبردنی هەلومەرجی دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان.

بە تێڕوانینی من هێشتا دەزگای سەربازی تورکیا تا رادەیەکی گەورە سیاسەتی تورکیا دادەڕێژێت. تورکیا دەزگایەکی سەربازی گەورەی هەیە و بە درێژەپێدانی ناکۆکییە چەکدارییەکە دەستکەوتگەلێکی زۆر بەدەست دەهێنێت. لە ساڵی ١٩٢٣ەوە سوپای تورکیا هەمو ئامرازێکی بەکارهێناوە بۆ سەرکوتکردنی هێزە دیموکراتییەکان لە پێناو هێشتنەوە و برەودان بە دەسەڵاتی خۆی. لە سەرەتادا پارتی داد و گەشەپێدان بەو شێوەیە رەفتاری کرد کە بەرهەڵستی سوپا بکات، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات نەیتوانی ئەم کارە بکات. لە راستیدا ئەوەی پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە هەیە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان پارتی حکومڕان و سوپادا نییە، یەکێك لە نمونەکان بریتییە لە بۆردومانکردنی ئاسمانی و زەمینی باشووری کوردستان.

***ئایا چ زەمانەتێك هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە لایەن حکومەتی تورکیاوە ئەگەر پەکەکە چەکی دانا ؟**

- من ئاگاداری ئەو راستییەم کە چەندین دەسپێشخەری لە لایەن کوردەکانەوە کراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە لە چەندین بۆنە و بۆ چەندین ساڵ پەکەکە داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە کە میانگیری لە نێوان ئەم رێکخراوە و حکومەتی تورکیادا بکات بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ناکۆکیەکە بدۆزرێتەوە. بە تێڕوانینی من کێشەکە پەکەکە نییە، بەڵکو نائامادەیی تورکیایە بۆ گفتوگۆ. کێشەکە ئەنجامی چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد و سیاسەتی وێرانکاری تورکیایە لە ماوەی ٨٥ ساڵی رابردوودا. بە دەگمەن پەکەکە بەرهەڵستی کوردەکانی دیکەی کردووە کاتێك بە ناوی ئەوەوە قسەی کردووە، بەڵام هەڵەیە ئەگەر نوێنەرانی پەکەکە لە گفتوگۆکاندا بەشداریان پێنەکرێت. ئایا دەبێت پەکەکە دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگرێت؟ ناچارکردنی پەکەکە کارێکی راست نییە بۆ ئەوەی دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگرێت بێ ئەوەی بە شێوەیەکی رەخنەگرانە باس لە رۆڵی تورکیا بکرێت لەو ناکۆکییە چەکدارییەدا. دەبێت هەردوولا چەك دابنێن. دەبێت مەسەلەی دەست هەڵگرتن لە خەباتی چەکداری لە سەر مێزی گفتوگۆ تاوتوێ بکرێت. ئەو شێوە رەفتارەی تورکیا لە حاڵی حازردا لە ئاست کێشەی کورددا دەیکات، وا دەکات زەحمەت بیت باوەڕ بەوە بکەین تورکیا سیاسەتی خۆی دەگۆڕێت تەنیا لەبەر ئەوەی پەکەکە چەك دادەنێت. تەنیا لە رێی هەوڵی هاوبەشەوە دەتوانین ئاشتی بهێنینەدی.

***لە ئەنجامی دەنگدانی کوردەکانەوە بۆ پارتی داد و گەشەپێدان، ئەم پارتە رێژەیەکی بەرزی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەست هێنا، ئەگەر ئەمجارە کوردەکان دەنگیان بۆ ئەم پارتە نەدا ئایا تا چ رادەیەك ناسەقامگیری لە حکومڕانێتیدا دروست دەبێتەوە بە چەشنی نەوەتەکان؟**

- زۆر کەس گەشبین بوون کاتێك پارتی داد و گەشەپێدان لە دوایین هەڵبژاردنی گشتیدا دەسەڵاتی گرتەدەست. هەروەها باوەڕی وابوو تورکیا دەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. بەڵام بە داخەوە، ئەم پارتە نەك هەر کوردەکان کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بۆ دان، بەڵکو هەموو لایەکی نائومێد کرد. کوردەکان دەنگیان بۆ ئەم پارتە دا، بەڵام کوردەکان بە رێگەیەکی سەخت ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوت کە ئەم پارتە "دەنگ"ی بۆ ئەوان نەدا. ئەوان متمانەیان لەدەستدا و دەبێت بە شێوەیەکی جیددی بە سیاسەتەکانیاندا بچنەوە. من پێموایە باشترە کوردەکان دەنگ بۆ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بدەن، بەڵام دوا بڕیار لای کوردەکان خۆیانە.

*** لەم هاوکێشەیەدا پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر زۆر گرنگن و کاردانەوەی ئیجابیان دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیادا، تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- پەیوەندی نێوان ئەنقەرە و هەولێر راستەوخۆ گرێدراوە بە کێشەی کوردەوە لە تورکیا. ئەگەر تورکیا سەرکەوتوو نەبێت لە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لەگەڵ شەریکی راستەقینەکانیدا لە پرۆسەی دانوستاندندا، ئەوا من گومانم هەیە لەوەی بتوانرێت پەرە بە پەیوەندیگەلێکی بنیاتنەر بدرێت لە نێوان ئەنقەرە و هەولێردا. ئەگەر هەلومەرجی کوردەکانی تورکیا خراپ بێت ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر. هەولێر نوێنەرایەتی لایەنی کوردی دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت پاڵپشتی لێبکرێت. هەروەها نابێت هەرگیز هەولێر رێگابدات تورکیا بەشێکی کوردەکان دژی کوردەکانی دیکە بەکاربهێنێت. رۆژگاری ئەم کارە بەسەرچووە. دەبێت ئامانجی پەیوەندی ئەنقەرە و هەولێر ئەوە بێت کە تورکیا دەستکەوتگەلێکی زۆر بەدەست دەهێنێت ئەگەر هاوکاری لەگەڵ کوردەکاندا بکات. ئەگەر ئەمە بکرێتە خاڵی سەرەتا ئەوا هەولێر دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت. تیروانینی شەخسی من ئەوەیە بێ بانگهێشتکردنی پەکەکە بۆ مێزی دانووستاندن ناکرێت چارەسەرێکی ئاشتییانە و راستەقینە بۆ کێشەی کورد بدوزرێتەوە.

●●●

**هێشتا تورکیا ئیرادەیەکی سیاسی نییە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی گونجاو گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکاندا بکات**

●●●

●●●

**بۆ چەندین ساڵ پەکەکە داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە کە میانگیری لە نێوان ئەم رێکخراوە و حکومەتی تورکیادا بکات بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ناکۆکیەکە بدۆزرێتەوە. بە تێڕوانینی من کێشەکە پەکەکە نییە، بەڵکو نائامادەیی تورکیایە بۆ گفتوگۆ**

●●●

●●●


**پەیوەندی نێوان ئەنقەرە و هەولێر راستەوخۆ گرێدراوە بە کێشەی کوردەوە لە تورکیا**

●●●

# کەریم یەڵدز (سەرۆکی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی کورد لە لەندەن) بۆ گوڵان:

کەریم یەڵدز، ناوێکی نەناسراو نییە لە نێو سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانی کورد چ لە دەرەوە یان لە ناوەوەی کوردستان، لەبەر یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی کورد و هەروەها بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری پرۆژەی مافەکانی مرۆڤی کوردیشە (KHRR)، کە بارەگاکەی لە لەندەنە و ئەندامی بۆردی لیژنەی EUTCCیشە لە یەکێتی ئەورپا.
کەریم یەڵدز، لە میانەی پرۆژەی مافەکانی مرۆڤی کورد بایەخ بەرەوشی مافەکانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەدات و هەوڵێکی زۆریش دەدات بۆ ئەوەی پرۆسەی ریفۆرم لە تورکیا سەرکەوتوو بێت، هەربۆیە سەبارەت بە هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ کردنەوەی کەناڵێکی کوردی لە تورکیا دەنگۆی چارەسەری ئاشتییانەی ئەم کێشەیە لە تورکیا پەیوەندییمان بە بەڕێزی کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**ئێستا لە ناو سوپای تورکیادا دووبۆچوون دروستبووە، یەکەمیان گەیشتۆتە قەناعەت کێشەی کورد بەرێگای سەربازی چارەسەر ناکرێت بەڵام دووەمیان هێشتا ئومێدی بە چارەسەری سەربازی هەیە**



*** گفتوگۆییەکی زۆر دەکرێت لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، ئایا تا چ رادەیەك حکومەتی تورکیا ئامادەیی و توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی هەیە؟**

- چەند لایەنێك هەن لە تورکیادا لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی کورددان، بەڵام هێشتا چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نەبۆتە بەشێك لە ئەجێندای حکومەت و دەزگای سەربازی ئەو وڵاتە، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر حکومەت و دەزگای سەربازی تەرکیز لەسەر هەڵبژاردنە مەحەلییەکان دەکەنەوە. بەڵام گرتنەبەری ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بۆتە شتێکی حەتمی، بە گوزارشتێکی دیکە درك بەوە دەکەن کە ناتوانرێت ئەم کێشەیە بە بەکارهێنانی ڕێگاچارەی سەربازی یەکلابکرێتەوە.

*** بە پێی تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە تورکیا لە بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا نزیك دەکاتەوە؟**

- لە هیچ هەلومەرجێکدا تورکیا ناتوانێت ببێتە ئەندامێکی تەواو لە یەکێتی ئەوروپادا ئەگەر کێشەی کورد لە ڕێی گفتوگۆ و دانووستاندنەوە چارەسەر نەکات، واتە بێ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە بوونە ئەندام لەو یەکێتیەدا تەنیا وەك خەونێك دەمێنێتەوە. تورکیا چەند گۆڕانکارییەکی رواڵەتی و روکەشی ئەنجامداوە، بۆ نموونە هەڵدەستێت بە پەخشکردن بە زمانی کوردی لە دەزگاکانی راگەیاندنی دەوڵەتدا، یاخود چەند یاسایەکی ناوخۆی دەگۆڕێت، بەڵام ئەمانە بەس نین، دەبێت تورکیا لە دەستووری وڵاتەکەیدا بوونی کورد و مافەکانی کورد بچەسپێنێت.

*** تورکیا بە شێوەیەك لە شێوەکان ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، بە پێچەوانەی رابردووەوە کە ئەم کێشەیەی پشتگوێ خستبوو، ئایا ئەم گۆڕانە پەیوەندی بە گۆڕانە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە، یاخود بە سیاسەتی داد و گەشەپێدانەوە؟**

- ئەوەی شایستەی ئاماژەپێکردنە نزیك بونەوەیەك هەیە لە تورکیادا لە ئاست ئەم کێشەیەدا، یاخود دانپێدانانێك هەیە بە بوونی ئەم کێشەیە، ئەمەش تەنیا بۆ فشاری نێودەوڵەتی و دانووستدانەکانی بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا ناگەڕێتەوە بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ خەبات و تێکۆشانی کوردەکان و بەرەوپێشچوونەکانی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە، کە ئەم خەبات و تیکۆشانەش بۆتە هۆی راکێشانی پاڵپشتی و هاوسۆزی نێودەوڵەتی بۆ ئەم کێشەیە.

*** ئەگەر حکومەتی تورکیا خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد بێت لەو وڵاتەدا، ئایا دەزگای سەربازی**

**ئەو وڵاتە هەرەشە لە هەنگاوێكی لەم چەشنە ناكات، ئایا حكومەتی توركیا دەتوانێت دژی سوپای ئەم وڵاتە هەنگاو بنێت؟**

- ئەو مەسەلەیە لە گۆڕاندایە، حاڵی حازر دوو لایەن هەن لە ناو سوپای توركیادا، لایەنێكیان لەو ڕاستییە تێدەگات كە ناكرێت بەهۆی بەكارهێنانی هێزی سەربازییەوە سەركەوتن بەسەر پەكەكەدا بەدەست بهێنرێت، لایەنی دووەم هێشتا باوەڕی بە پەنابردنەبەر هێزی سەربازی هەیە ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆیاندا. بەڵام دەبێت ئەوان ئەوە لەبەرچاو بگرن كە دەبێت توركیا سیاسەتی دەرەكی خۆی بگۆڕێت، سیاسەتی لە ئاست مافەكانی مرۆڤ و مافی كەمینەكاندا بگۆڕێت، دەبێت بەرەوپێشچوونەكانی باشووری كوردستان لەبەرچاوبگرن و دان بەبوونی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بنێن. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا كەسانێك هەن لەناو سوپای توركیادا كە باوەڕیان بەوە هەیە دەبێت پەیوەندی بە حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بكرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشداربن لە سەركوتكردنی تێكۆشانی كوردەكانی توركیادا، واتە دەیانەوێت ناكۆكی لە نێوان سەركردە كوردەكان، یاخود كوردەكانی عێراق و توركیادا دروست بكەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەم لایەنە وەكو پێشو بەهێز و دەستڕۆیشتونین، هەروەها توانا و میسداقییەتی سوپای توركیا لەلای ڕای گشتی ئەو وڵاتە لاواز بووە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا.

*** كوردەكان چارەسەری ئاشتییانە بە جیددی وەردەگرن و فشاردەخەنە سەر پەكەكە بۆ ئەوەی دەست لە خەباتی چەكداری هەڵبگرێت و لەم ڕووەوە توركیا داوای هەنگاوی عەمەلی لە كوردەكان دەكات، ئایا چ زەمانەتێك هەیە بۆ چارەسەركردنی ئاشتیانەی كێشەی كورد لە لایەن حكومەتی توركیاوە ئەگەر پەكەكە ئەم كارەی كرد؟**

- دەبێت واقیعی بین، تاوەكو توركیا ڕازی نەبێت و ئامادەنەبێت لە ڕێی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە كێشەی كورد چارەسەربكات مومكین نیە پەكەكە دەست لە خەباتی چەكداری هەڵبگرێت.

*** لە ئەنجامی دەنگدانی كوردەكانەوە بۆ پارتی داد و گەشەپێدان، ئەم پارتە ڕێژەیەكی بەرزی لە هەڵبژاردنەكاندا بەدەست هێنا، ئەگەر ئەم جارە كوردەكان دەنگییان بۆ ئەم پارتە نەدا ئایا تا چ ڕاددەیەك ناسەقامگیری لە حكومڕانێتیدا دروست دەبێتەوە بە چەشنی نەوەتەكان؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن تەواو ڕاست و دروستە كە پێشتر كوردەكان دەنگیان بۆ پارتی داد و گەشەپێدان دا، لەبەر ئەوەی ئومێدیكیان بەدی دەكرد لەم پارتەدا، بەڵام لە ماوەی شەش بۆ حەوت ساڵی ڕابردوودا ئەو ڕاستییە دەركەوت كە ئەم پارتە ناتوانێت ئەم كێشەیە چارەسەر بكات، بەو پێیە من پێم وا نییە جارێكی دیكە كوردەكان دەرفەتێكی دیكە بدەنەوە بەم پارتە، ئەو هەوڵانەی حاڵی حازر ئەم پارتەیە خستویەتییەگەڕ وەك پەخشكردنی بەرنامە بە زمانی كورد و فراوانكردنی ئەوەی پێی دەڵێن ئازادی كولتووری و زمانەوانی بۆ كوردەكان بۆ ڕاكێشانی دەنگ و لایەنگیری كوردەكان من بە هەوڵگەلێكی درەنگ وەختییان لەقەڵەم دەدەم. ڕەنگە كوردەكان زیاتر دەنگ بۆ پارتە كوردییەكان بدەن، هەرچەندە ئەوە كارێكی زەحمەتە لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەكان تەواو ئازاد نابن تاوەكو چاودێری نێودەوڵەتی ئامادەی پرۆسەكە نەبن كە ئەگەری ئەوە نییە ئەمە ڕووبدات، بەڵام هەموو ئاماژەكان ئەوە دەخەنەڕوو كە كوردەكان دەنگ بۆ پارتە كوردییەكان دەدەن، من هیوادارم كە سەرەڕای ئەو هەموو پێشێلكارییەی مافەكانی مرۆڤ لە گرتن و زیندانی و ئەشكەنجەدانەوە هیوادارم هەڵبژاردنەكانی داهاتوو پەیامێكی ڕوون بدات بە توركیا و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كە پێویستە بە شێوەیەكی ئاشتییانە كێشەی كورد چارەسەربكرێت.

*** لەم هاوكێشەیەدا پەیوەندییەكانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر زۆر گرنگن و كاردانەوەی ئیجابییان دەبێت لەسەر چارەسەركردنی ئاشتییانەی كێشەی كورد لە توركیادا، تێڕوانین و لێكدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

-دەبێت توركیا دان بە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بنێت و دەست لە هەوڵەكانی هەڵبگرێت بۆ بەكارهێنانی ئەم حكومەتە لە دژی پەكەكە، واتە توركیا خوازیارە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان شەڕ لەگەڵ پەكەكەدا بكات، بەڵام سەركردە كوردەكان بە تایبەتی بەڕێز مەسعود بارزانی ئەوەی بە ڕوونی ڕاگەیاندووە كە جارێكی دیكە كورد دژی كورد بەكارناهێنرێت و ئەو لاپەڕەیە لە مێژووی كورددا داخراوە.

*** دوا وتەت چییە بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

من دەڵێم كاتی چارەسەركردنی كێشەی كورد هاتووە لە توركیا بەهۆی بەرەوپێشچوونەكانی باشووری كوردستان و بە هۆی خەبات و تێكۆشانی ناخۆی توركیا و دانپێدانانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەكێشەی كورد، بەڵام دەبێت ووریابین و ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت كە دوژمنمان هەیە و هەوڵی ئەوە دەدەن كوردەكان لە دژی یەكتر بەكاربهێنن و هێشتا ڕێگاییەكی دوورودرێژمان لەپێشە و كێشەی كوردەكان هەموویان پێكەوە پەیوەستن و بەرەوپێشچوونەكانی باشووری كوردستان كاریگەری دەبێت لەسەر چارەسەركردنی كێشەی كورد لە توركیادا.

**لە هیچ هەلومەرجێكدا توركیا ناتوانێت ببێتە ئەندامێكی تەواو لە یەكێتی ئەوروپادا ئەگەر كێشەی كورد لە ڕێی گفتوگۆ و دانووستاندنەوە چارەسەر نەكات**

**حاڵی حازر دوو لایەن هەن لە ناو سوپای توركیادا، لایەنێكیان لەو ڕاستییە تێدەگات كە ناكرێت بەهۆی بەكارهێنانی هێزی سەربازییەوە سەركەوتن بەسەر پەكەكەدا بەدەست بهێنرێت، لایەنی دووەم هێشتا باوەڕی بە پەنابردنەبەر هێزی سەربازی هەیە**

**هەموو ئاماژەكان ئەوە دەخەنەڕوو كە كوردەكان دەنگ بۆ پارتە كوردییەكان دەدەن، هیوادارم هەڵبژاردنەكانی داهاتوو پەیامێكی ڕوون بدات بە توركیا و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كە پێویستە بە شێوەیەكی ئاشتییانە كێشەی كورد چارەسەربكرێت**

**فاتیمە دیشلی (نووسەر و رۆژنامەنووسی تورك) بۆ گوڵان:**

# ئەردۆگان دەیەوێت ئەو هەڵانەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر کورد کردویەتی راستییان بکاتەوە

**خاتوو فاتیمە دیشلی، نووسەر و رۆژنامەنووسە لە رۆژنامەی زەمانی چاپی ئینگلیزی تورکیا و یەکێکە لە رۆژنامەنووسە تورکانەی کە لەسەر لاپەڕەکانی زەمان بایەخ بە کێشەی کورد دەدات و یەکەم رۆژنامەنووسی تورکیش بووە کە دوای بڵاو بوونەوەی راپۆرتەکەی سەنتەری دیراساتی ئابووری وکۆمەڵایەتی (TESEV) کە بە ناونیشانی ( نەخشەی ڕێگا بۆچارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا) لەسەر لاپەڕەکانی زەمان تودەی بۆچوونی خۆی دەربڕیووە و پێیوایە دەبێت دوای ئەم راپۆرتە جارێکی دیکە حکومەتی تورکیا بیر لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکاتەوە، سەبارەت بەم راپۆرتە و تێڕوانینی رۆژنامەنووسێکی تورك بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە تورکیا، پەیوەندییمان بە خاتوو فاتیمە دیشلی لە رۆژنامەی زەمان تودەی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** دوای بڵاوبونەوەی راپۆرتی " نەخشەی ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد" کە لەلایەن سەنتەری "TESEV" ەوە ئامادەکرابوو و تێدا ئێوە یەکەم کەس بوون لێدوانتان دابوو لەو راپۆرتەدا، کەواتە بە کورتی چۆن ئەم راپۆرتە لێکدەدیتەوە؟**

- بە تێڕوانینی من، راسپاردەکانی ئەم راپۆرتە بۆ حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، پەیوەستن بە پرۆسە دیموکراتییەکەی تورکیاوە. بۆ نموونە، راسپاردەی دەستورێکی مەدەنی کراوە لە راپۆرتەدا، کە دەستورێکی ئاوها پێویستە بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکانی تورکیا، لە نێویاندا کێشەی کورد. راپۆرتەکە چڕوپڕ بەڵام لە هەندێ بەشیدا کەموکورتی تێدایە لەبەر ئەوەی وەك پێویست رەخنەی لە پەکەکە نەگرتوو بۆ ئەو توندوتیژییانەی ئەنجامی داوە، هەروەها بەو شێوەیە مەسەلەکەی خستۆتەڕوو کە تەنیا دەبێت حکومەتی تورکیا هەنگاو هەڵبگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

*** ئێوە داوای دووبارە پێداچونەوە بە کێشەی کورددا دەکەن دوای بڵاوبونەوەی راپۆرتەکەی"TESEV"، ئایا مەبەستتان لە دووبارە بیرکردنەوە لەم کێشەیە چییە؟**

- مەبەستم ئەوەیە لە ژێر رۆشنایی ئەم راپۆرتەدا، دەبێت هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ ئەوەی تورکیا پتر دیموکراتی بێت، کە تێیدا نەك تەنیا تورك بەڵکو کوردەکانیش مومارەسەی ئازادییەکانی خۆیان بکەن.

*** کێشەی کورد لە تورکیادا کێشەی تیرۆر نییە، بەڵکو کێشەیەکە رەهەندی ئیتنی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە، کە ئەم کێشەیە لەپێش بوونی پەکەکەشدا هەبووە. بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی تورکیا هەوڵی تێکەڵکردنی کێشەی کورد و پەکەکە دەدات؟**

- لە رابردوودا، بەرپرسەکانی دەوڵەت نکۆڵییان لە بوونی کێشەی کورد دەکرد لە تورکیادا، بەڵام حاڵی حازر شتەکان دەستییان بە گۆڕان کردووە، بۆ نموونە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ دیاربەکر لە ساڵی ٢٠٠٥دا سەرۆك وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگان دانی بەوەدا کە دەوڵەتی تورکیا لە رابروودا هەڵەی بەرامبەر کوردەکان کردووە. دەبێت دەوڵەتی تورکیا ئەوە بزانێت کە کێشەی کورد جیاوازە لە کێشەی پەکەکە. هەرچەندە ناتوانین بڵێین هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا نییە و تورکیا هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، کە ئەم هەنگاوانەش رەهەندی ئیتنی، کەلتووری و دەروونییان هەیە. بۆ نموونە، کردنەوەی کەناڵێکی کوردی لە لایەن "TRT" ەوە یەکێکە لەو هەنگاوانە. لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە قسەکردن بە زمانی کوردی تا ساڵی ١٩٩١ لە تورکیادا قەدەغەبوو، ئەوا کردنەوەی کەناڵێکی کوردی لەلایەن دەوڵەتەوە ئامادەی دەوڵەت دەردەخات بۆ تێپەڕاندنی هەڵەکانی رابردوو و راستکردنەوەییان.

**کردنەوەی کەناڵێکی کوردی لەلایەن دەوڵەتەوە ئامادەی دەوڵەت دەردەخات بۆ تێپەڕاندنی هەڵەکانی رابردوو و راستکردنەوەییان**

ئەو دەوڵەتەی متمانەی بەخۆی هەیە بەهێزتردەبێت ئەگەر مافی زیاتر بدات لە هاوڵاتییەکانی و خۆشگوزەرانییان زیاتربکات

تورکیا دەستی بە چەند هەنگاوێک کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەگەرچی درەنگوەختیشن، ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت ئەوا ئەم پرۆسەیە رەوتێکی خێراتر وەردەگرێت




***سەرکەوتوترین رێگا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئیتنییەکان بریتییە لە گفتوگۆ و دانووستاندن، چۆن دەتوانین لایەنە ناکۆکەکان هان بدەین بۆ ئەوەی دەست بە پرۆسەی گفتوگۆ بکەن؟**

- من پێموایە دەبێت بە زووترین کات پەکەکە چەك دابنێت و دەست لە کوشتنی خەڵکە بێتاوانەکان هەڵبگرێت. لەبەر ئەوەی پەنابردنەبەر توندوتیژی هیچ دەرئەنجامێکی باشی لێناکەوێتەوە. لە بەرامبەردا، دەبێت تورکیا هەنگاوی یاسایی پێویست بنێت بۆ قەناعەت پێهێنانی ئەندامانی پەکەکە بۆ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵایەتی ببنەوە.

*** لە کاتێکدا هەوڵەکانی یەکێتی ئەوروپامان لەبەرچاو، بەڵام ئەوەش بەدی دەکەین کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەتی تورکیا و عێراق هەمیشە نیگەرانن لەوەی وڵاتەکانییان لەبەریەکهەڵبوەشێت و ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی کورد بەوەی کوردەکان هەوڵی جیابوونەوە دەدەن، کەواتە هۆکاری بوونی ئەم کێشانە چین لەم وڵاتانەدا بۆچی هەوڵی ئەوە نادەن بارودۆخەکە وەك کەنەدا لێبکەن کە تێیدا خەڵکی کیبوییك خۆیان جیابوونەوە رەتدەکەنەوە؟**

-هەر وڵاتێك پێکهاتە و جوگرافیا و مێژووی جیاوازی هەیە. ئەو کێشانەی لە رابردوودا رووبەرووی ئەم وڵاتانە بۆتەوە وای لێکردون نیگەران بن لە دابەشبوونی وڵاتەکانییان، لەبەر ئەوە رەنگە هەمووجارێك بەراوردکردنەکە گونجاو نەبێت. بەڵام نابێت مافەکان هیچ گرووپێك زەوت بکرێت بە بیانووی ترس و نیگەرانی لە دابەشبوون.

***ئایا هۆکاری ئەوە چییە تێکرای ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە مافی کوردەکان زەوت دەکەن؟ ئایا بە پێشێلکردنی مافی کوردەکان وڵاتەکەییان بەهێزتردەبێت؟ ئایا سەقامگیرتر دەبن؟**

- من پێموانییە کەمتەرخەمی لە بەخشینی مافەکان بە گرووپ و کۆمەڵگەیەکی دیاری کراو وڵاتەکە بەهێزتر دەکات. بە تێروانینی من ئەو دەوڵەتەی متمانەی بەخۆی هەیە بەهێزتردەبێت ئەگەر مافی زیاتر بدات لە هاوڵاتییەکانی و خۆشگوزەرانییان زیاتربکات.

*** ئەگەر پەکەکە دەستی لە خەباتی چەکداری هەڵگرت و دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد، ئایا تورکیا پێشوازی لەم هەنگاوە دەکات و هەنگاو دەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد؟**

- من پێموایە تورکیا بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەم هەنگاوە دەکات، لەبەر ئەوەی چەندین خێزان لە تورکیادا ئەندامانی خێزانەکییان بەهۆی تیرۆریزمی پەکەکەوە لەدەستداوە و خوازیارن شەرەکە کۆتای پێبێت. لەبەر ئەوەی هەموولایەك خوازیاری ئەوەیە لە ئاشتییدا بژێیت. تورکیا دەستی بە چەند هەنگاوێك کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەگەرچی درەنگوەختیشن، ئەگەر پەکەکە چەك دابنێت ئەوا ئەم پرۆسەیە رەوتێکی خێراتر وەردەگرێت.

چاوەڕێ دەکرێ ئەمساڵ زیاتر لە ٤٠٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان بکرێت

# بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی پێویستی بە ستراتیژێکی میللی هەیە



بۆ یەکەمجارە لەکوردستان کە چوار وەزارەت (کشتوکاڵ، سەرچاوەکانی ئاو، پیشەسازی و بازرگانی) بەیەکەوە پلان دادەنێین

## کشتوکاڵ.. بڕبڕەی پشتی داهات و بودجەی دەوڵەت

لە وڵاتە هەژار و گەشەسەندووەکاندا کشتوکاڵ شادەماری داهات و چالاکییە ئابوورییەکانی دەوڵەتە. بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی بەرنامەی حوکمڕانی (RTI) کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە رایگەیاند، لەهەرێمی کوردستاندا دوای نەوت و کانزاکان، کشتوکاڵ دەتوانێت زۆرترین بەشداری لەئابووری کوردستاندا بکات. ئەم ڕاپۆرتە، کە لەلایەن ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی خرایە ڕوو، کەرتی پیشەسازی دەرهێنانی نەوت و کانزا سروشتییەکان وەك بەهێزترین سێکتەر بۆ بەهێزکردنی ئابووری کوردستان ناوزەد دەکات. گرنگی ئەم ڕاپۆرتە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان لەوەدایە، کە تەگەرە و ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی ٦ کەرتی ئابووریی هەرێم وروژێنراوە و ڕاسپاردە و چارەسەریشیان دەستنیشانکردووە، کە یارمەتیدەرێکی گرنگ دەبێت بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و پلاندانان تا لە چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکان پشتی پێ ببەستن. بۆئەوەی کەرتی کشتوکاڵ بگەیەنرێتە ئاستێکی پێشکەتوو، بەشێوەیەك بتوانرێت لەداهاتوودا لەبری داهاتی نەوت و سامانە سروشتییەکانی دیکە، کە لەئێستادا بە سەرچاوەی سەرەکی سامانی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان دادەنرێت، پشت بە داهاتەکانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و سێکتەرە گرنگەکانی دیکەش ببەستێت و ببێتە پێشەنگ بۆ بوژاندنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە چەندین سیمای کشتوکاڵییەوە دەناسرێت، لەوانە فراوانی زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵکردن، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی (٦،٥) ملیۆن دۆنم کە نزیکەی ٣٠٪ی ڕووبەری هەرێمەکە پێکدەهێنێت، بێجگە لە زەوی و زاری قەزاکانی (خانەقین، مەندەلی، بەدرە، شارەبان و سنجار)، بەڵام بەشێوەیەکی ورد و زانستیانە بەکارنەهێنراوە و، زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی لەوڵاتانی دەرەوە پێدەگات و تائێستا نەیتوانیوە پشت بە بەرهەمە خۆماڵییەکان ببەستێت.

لەکاتێکدا هەر لە دێر زەمانەوە کوردستان لەبواری کشتوکاڵیدا ئەزموونێکی مێژوویی هەبووە، لەسەرەتای پرۆسەی بەمرۆڤبوون و گەشەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەرێمی کوردستان لانکەی پەیدابوونی کشتوکاڵ بووە بەهەردوو لقییەوە (ڕووەکی-ئاژەڵی)، یەکەم گەنم لەکوردستان دۆزراوەتەوە و بۆ وڵاتانی دیکە بڵاوبۆتەوە، شوێنەواری ١٠ هەزار ساڵەی چاندنی گەنم و جۆ لە گوندی (چەرمۆ) دۆزراوەتەوە. تەنانەت تا ٢٠٠ ساڵیش لەوەوبەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە کوردستانەوە بۆ وڵاتی دەرەوە هاوردە کراوە. بۆ نموونە، لەساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا بەرووبوومە خۆراکییەکان لە کوردستانەوە بەرهەم دەهات و پێداویستی سەرجەم بەشەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکە و وڵاتانی کەنداویشی دابین دەکرد. بەڵام بەهۆی سیما شەڕانگێزی و دیکتاتۆرییەکانی ڕژێمی سەددام کەرتی کشتوکاڵی کوردستانی بە تەواوی بەرەو داتەپین برد و، ئەو شەڕەی لەگەڵ پێشمەرگەی دەکرد، شان بەشانی ئەوە شەڕی لەگەڵ ژینگە و کشتوکاڵیش دەکرد و سەرەنجام ژێرخانی کشتوکاڵی لەهەرێمی کوردستان تووشی داڕووخان کرد. کاتێك هەڵسا بە وێرانکردنی گرنگترین سەرچاوەکانی ژێرخانی کشتوکاڵ، ئەویش سووتماك کردنی خاك و گوندەکان و سەرچاوەکانی ئاو و ڕەز و دارستانەکان بوو، تا وایلێهات دیمۆگرافیاکەشی گۆڕی. بەو مانایەی جوتیارانی بەرهەمهێنی بۆ بەکاربەر گۆڕی و هەموویانی لە جوغزی کۆمەڵگا زۆرملێ و شارەکاندا کۆکردەوە و، بەجۆرەها ئامراز هاووڵاتیانی کوردستانی هاندەدا و مووچەی بۆ دەبڕینەوە تا دەست لەبەرهەمهێنان هەڵبگرن. ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەو سیاستە وێرانکارییە وەك کولتوور و میراسێکی نەگریس لەبەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کەڵەکە بووە.

## پلانرێژی حکوومەت ئامانجە کورت و دوورمەوداکان

کەرتی کشتوکاڵ بەدووەم سێکتەر و گەورەترینیان دادەنرێت لەهەرێمی کوردستاندا، کە خاوەنی زۆرترین سەرمایەی مرۆیی چالاکە، دەتوانرێ بەم هۆیەوە جۆرە سەقامگیرییەك دروست بکات و هۆکارێك بێت بۆ ڕێگەگرتن لەهەژاری و دابینکردنی ئاسایشی خۆراك. هەر بۆیە زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەی کەرتی کشتوکاڵی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بوونی بازاڕ هەیە، کە دواتر لەم ڕێگەیەوە پێشکەوتنی کار و بازرگانی تایبەت و زیادبوونی هەلی کاری لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆیەك بۆ دابینکردنی ویست و ئارەزووەکانی هاووڵاتیانی کوردستان. سەبارەت بە کارنامە و پلانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بوژاندنەوەی ئەو بوارە گرنگ و ژیانییە، بەڕێز ئەنوەر عومەر قادر بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لەوەزارەتی کشتوکاڵ بەمشێوەیە بۆمان هاتە ئاخاوتن:

ئەو پلان و بەرنامەیەی بۆ بوژاندنەوەی ئەو کەرتە دامانناوە، پلانێکی درێژخایەن و ستراتیژییە، دید و ڕوئیامان لەو پلانەدا بەم تایتڵەیە: "پێشەنگی کەرتی کشتوکاڵ لە بوژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان". پەیامی ئێمە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بریتییە لەوەی کە تێراخۆ (الاکتفاء الذاتی) لە بەروبوومی خۆراك دابین بکەین و بتوانین لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا چیمان پێویست بێت بۆ کوردستان دابینی بکەین. ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە پلانرێژیمان کردووە، تواناشمان هەیە لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا بگەینە ئەو ئاستەی کە خۆمان بژێنین و بەچەشنێك وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ پێشەنگایەتی بوژاندنەوەی بوارەکانی دیکەش بکەین. لە قۆناخی دووەمیشدا، کە دوای ئەو پێنج ساڵەیە، هەوڵدەدەین بەرهەمەکانمان هەناردەی دەرەوە بکەین تاکو بەهۆی کشتوکاڵەوە تەکانێك بەئابووری کوردستان بدەین. بەڵام لە قۆناخی یەکەم، تەنها توانای ئەوەمان هەیە کە پشت بە بەرهەمە خۆماڵییەکان ببەستین و پێداویستییە خۆراکییەکانمان لەوڵاتانی دەرەوە نەهێنین.

## ئامانجە سەرەکییەکانی پلانی حکوومەت بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ

گرنگترین ئامانجەکانی پلانەکە ئەوەیە، کە بزانرێت لەماوەی ٥ ساڵی داهاتوودا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئاستی بژێوی و پێداویستەکانیان دەگاتە چ ڕێژەیەك. لەسەر ئەو بنەمایە نەخشەڕێژی کراوە. دوای ٥ ساڵی دیکە، ئینجا چەند لەو خۆراکە پێویستە دابینی بکرێت، هەروەك بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان زیاتر ڕوونیکردەوە:

لەوەزارەتی کشتوکاڵ ستانداردێکی جیهانیمان هەیە، چەند گەرمۆکە (کالۆری گەرمی) کە مرۆڤ ڕۆژانە پێویستییەتی دابین بکەین. ئێمە بەپێی ئەو ستانداردە جیهانییە کە پێشتر وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمریکی (USAID) لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك (بەپێی بڕیاری ٩٨٦ ی نەتەوە یەکگرتووەکان) تەوسیبیەی کردبوو، بەرنامەمان دانا. هەرچەندە کە UN لەسەر ئەو ستانداردە نەدەڕۆیشت، بەڵام ئێمە هەڵساین بە وەرگرتنی ئەو ستانداردە وەکو بنەمای سەرەکی پلانەکەمان. بۆ نموونە، ئەگەر لە بەرووبوومەکانەوە دەست پێبکەین:

**یەکەم/ گەنم:**

ئێستا ساڵانە ٣٠٠،٠٠٠ تەن گەنم بەرهەممان هەیە. بەڵام بۆ پێنج ساڵی داهاتوو بەرنامەمان ئەوەیە ئاستی بەرهەمهێنان بۆ ٥٠٠،٠٠٠ تەن گەنم بەرز بکەینەوە. ئێستا توانامان هەیە، کە ٦٨ کیلۆگرام گەنم بۆ هەر تاکێك دابین بکەین. بەڵام لە ساڵانی داهاتوو پلانمان هەیە کە بۆ هەر تاکێك ١٠٠ کگم گەنم دابین بکەین. جێی باسە، پێشتر عێراق بۆ دابینکردنی گەنم بەشێوەیەکی سەرەکی ٦٠٪ی گەنمی لەهەردوو وڵاتی ئوستڕالیا و ئەمریکا دەکڕی.


**دووەم/ گۆشت:**

**گۆشتی مریشك:** لە کوردستان ساڵانە پێویستمان بە ١٩،٦ کیلۆگرام هەیە بۆ هەر تاکێك بۆئەوەی بگەینە ستانداردی جیهانی پێویستیمان بە ٩٨،٠٠٠ تەن گۆشتی مریشك هەیە.

گۆشتی سوور: ساڵانە پێویستیمان بە ٤٠ کگم دەبێت بۆ هەر تاکێك.

**گۆشتی ماسی:** لەڕووی بەرهەمهێنانی گۆشتی ماسی ناتوانین بگەینە ستانداردی جیهانی. ئێستا بەرهەمی ساڵانەی گۆشتی ماسی لەکوردستانبریتییە لە ٠،١٥ کگم بۆ هەر تاکێك، بەڵام ئێمە بەنیازین لە پێنج ساڵی داهاتوودا ١،٣ کگم بۆ هەر تاکێك دابین بکەین.

**سێیەم/ نیسك و نۆك:**



**ئەنوەر عومەر قادر**
**بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان**
**لە وەزارەتی کشتوکاڵ**

**ئێمە لەکوردستان زۆر کێشەمان هەیە ڕادەستی هەندێ لە زانکۆکانی ئەمریکامان کردووە لەوانە (زانکۆی تەکساس) بۆئەوەی توێژینەوەمان بۆ بکەن تا چارەسەری کێشەکان بکەین**

ئێستا توانای دابینکردنی ٧ کیلۆگرام نیسك و نۆك-مان هەیە بۆ هەر تاکێك، بەڵام بۆ ٥ ساڵی داهاتوو دەتوانین ١٢ کگم بۆ هەر تاکێك دابین بکەین، کە بەو ڕێژەیە دەتوانین أکتفای زاتی خۆمان بکەین.

**چوارەم/ سەرچاوەی پرۆتینی:**

شەش جۆر سەرچاوەی پرۆتینی هەیە. لەکوردستان سەرچاوەی ڕۆنمان نییە و لەم ڕووەوە زۆر هەژارین. ئێمە بە نیازین ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆن بگەیینینە ٧٥،٠٠٠ تەن لە ساڵێکدا، کە ساڵانە بۆ هەر تاکێك ١٥ کگم ڕۆن پێویستە یان ١٥ لیتر زەیت. بۆ ئەمەش، ئێستا ئێمە پشت بە چەند بەروبوومێك دەبەستین. لەوانە: زەیتی زەیتوون، گوڵەبەڕۆژە، دەرە، فۆڵ سۆیە.

سەبارەت بە زەیتی زەیتوون، دوای ئەو ٥ ساڵە دەمانەوێ هەڵمەتێکی فراوانی بەرهەمهێنان دەست پێبکەین. هەرچەندە زەیتوون خۆی بەرهەمێکە دوا دەکەوێت، لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین لە قۆناخی ٥ ساڵەکە بگەینە بەرهەمی پێویست. ئێستا دەستمان پێکردووە و ساڵی ڕابردوو دوو هەزار دۆنم چاندراوە، ئەمساڵیش بە نیازین ٢ هەزار دۆنمی دیکە بچێنین. واتە ئێمە لەسەر بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ هەموو ساڵێك ٢ هەزار دۆنم زەوی بۆ جوتیاران دەچێنین، کە تا پێنجەمین ساڵ دەکاتە ١٢ هەزار دۆنم. ئێستاش ١٢ هەزار دۆنمی دیکەمان هەیە، کە جوتیاران چاندوویانە، بەمەش کۆی گشتی دەکاتە ٢٤ هەزار دۆنم. بەڵام ئەگەر بێتوو ئێمە تەواوی ڕۆنی پێویست لە زەیتوون دەربهێنین ئەوا پێویستیمان بە نزیکەی ١٢٠ – ١٥٠ هەزار دۆنم چاندنی زەیتوون هەیە. لەم ڕووەوە ئێمە هانی کەرتی تایبەتیش دەدەین و ئاسانکارییان بۆ دەکەین بۆئەوەی ئەوان ئەو پێوانە گەورەیە بچێنن. ئێستاش یەکێك لە کۆمپیانیا بەرهەمهێنەرەکان، کە کۆمپانیای GMS ی هیندییە، لەڕۆژانی ڕابردوودا دەستیکرد بە چاندنی ٢ هەزار دۆنم. هەروەها دەستکراوە بە چاندنی فستق.

(((جێی باسە، تائێستا لەبەرئەوەی لە کوردستان ڕێژەیەکی کەم لە زەیتوون بەرهەمهێنراوە و گوڵە بەڕۆژە و دەرە (گەنمەشامی) و فۆڵ سۆیە بەکارنەهاتووە. تەنها یەك کارگە لە ئاکرێ هەبوو، ئەویش بۆ ڕۆنی ڕووەکی "گوڵەبەڕۆژە"یە و دەکرێ بۆ زەیتیش بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەو کارگەیەش تەنها ساڵێك کاری کرد و وەستا. لەناوچەی بەعشیقەش لەبەرئەوەی زەیتوونی زۆر لێیە، لەسەر بودجەی وەزارەت کارگەیەك تەندەر کراوە و کۆمپانیای JAM وەریگرتووە، بەڵام لەبەرئەوەی لە بەعشیقە نەیانتوانی شوێنی بۆ دابین بکەن ئێستا گواستراوەتەوە بۆ شێخان. تائێستا لەوێ ڕۆنەکەیان بەئامێری دەستی دەرهێناوە. کارگەکەی ئاکرێش سەر بە وەزارەتی پیشەسازییە، کە گفتوگۆیان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵدا کردووە تا هەوڵبدرێت کەرتی تایبەت وەری بگرێت. واتە حکوومەت هیچ پرۆژەیەك بەڕێوە نەبات. تەنها وەك ئەوەی بەعشیقە حکومەت مساوەمەیەکی بچووکی لەناودا هەبێت. بۆ پلانە پێنج ساڵییەکەش، وەزارەتی پیشەسازییش بەشدارە. ئەوان کارگەیان بۆ ڕۆنی ڕووەکی و دۆشاوی تەماتە و شەربەت و وشککردنەوەی میوە و دەستەکردن و جیاکردنی سەوزە و بۆ زۆر شتی دیکەش داناوە. کارگەی هەریریش ئێستا لەلایەن کۆمپانیایەکی بەتوانای ئەمریکی بەڕێوە دەبرێت، کە بەنیازە بەم نزیکانە لەگەڵ جوتیاران گرێبەست بکات بۆئەوەی هاوین بەرهەمی تەماتەیان لێ بکڕێت. ئەمەش باشترین سەرچاوەیە بۆ هەزمکردنی بەرهەمەکانی کوردستان، کە تائێستا ئەو کێشەیە لەهەرێمدا هەبوو، بەرهەمێکی زۆر بە وەزارەتی کشتوکاڵ دەگەیشت بەڵام بازاڕ هەرزان بوو))).

**پێنجەم/ بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن:**

ئێستا توانای بەرهەمهێنانی ٣٣٠ ملیۆن هێلکەمان هەیە، دەمانەوێ بگاتە ٦٤٦ ملیۆن هێلکە، کە بەگشتی دەکاتە ١٢٩ هێلکە بۆ هەر تاکێك لەساڵێکدا.


**شەشەم/ شیر:**

ئێستا توانای بەرهەمهێنانی ٢٠٠،٠٠٠ تەن شیر هەیە، دەمانەوێ بکرێتە ٤٠٠،٠٠٠ تەن شیر. ئەمەش لەڕێگای گۆڕینی پرۆژەکانەوە، چونکە ئەو شێوەیەی ئێستای بەخێوکردنی ئاژەڵداری ڕەنگە وەکو پێویست بەرهەمی نەبێت. ئەگەر یەکێك ٢٠٠ یان ١٠٠٠ سەر مەڕی هەبێت بەڵام سەرنج دەدەین شیریان کەمە. بەڕەڵڵا کردنیان بەو شێوە داخراو و نازانستییەی ئێستا، زیانیشی بۆ دارستان و خاك و سەرچاوە ئاوییەکان هەیە. ناکرێ ئاژەڵدارێك مانگا بەخێو بکات ١٠ کیلۆگرام شیری هەبێت، بەڵام مانگا هەیە ٥٠ کیلۆگرام شیری هەیە (وەك لەوڵاتی هۆڵەندا). بۆیە زیاتر هانی ئاژەڵداران دەدەین و کارئاسانیان بۆ دەکەین تا سیستمی بەخێوکردنی ئاژەڵان بگۆڕن. یان ئەوەتا بزنی کوردستان کە زۆر هار و چەتوونن، کێشەیەکی زۆر بۆ زەوی و دارستان و لەوەڕگاکان پەیدا دەکەن. هەر پاوانێك بزن بیگاتێ ئەوا لەڕەگەوە

**ئێستا ساڵانە ٣٠٠،٠٠٠ تەن گەنم بەرهەممان هەیە. بەڵام بۆ پێنج ساڵی داهاتوو بەرنامەمان ئەوەیە ئاستی بەرهەمهێنان بۆ ٥٠٠،٠٠٠ تەن گەنم بەرز بکەینەوە. ئێستا توانامان هەیە، کە ٦٨ کیلۆگرام گەنم بۆ هەر تاکێك دابین بکەین. بەڵام لە ساڵانی داهاتوو پلانمان هەیە کە بۆ هەر تاکێك ١٠٠ کگم گەنم دابین بکەین**

**لە کوردستان ساڵانە پێویستمان بە ١٩،٦ کیلۆگرام هەیە بۆ هەر تاکێك بۆئەوەی بگەینە ستانداردی جیهانی پێویستیمان بە ٩٨،٠٠٠ تەن گۆشتی مریشك هەیە، پێویستیمان بە ٤٠ کگم دەبێت بۆ هەر تاکێك**

**ئێستا توانای دابینکردنی ٧ کیلۆگرام نیسك و نۆك-مان هەیە، بەڵام بۆ ٥ ساڵی داهاتوو دەتوانین ١٢ کگم بۆ هەر تاکێك دابین بکەین**





دەریدەهێنێت و تێکیدەدات. بۆیە ئەو جۆرە بەرەڵلاکردنە زیانی لەقازانجی زیاترە. لەبەرئەوە باشترین بزن لە کوردستان ٢ کگم شیری نییە.

**حەوتەم/ هەنگوین:**

ئێستا ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی ٦٠٠ تەن هەنگوینمان هەیە، بەڵام بەپێی ئەو پلانەی دامانناوە، بەنیازین ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکەینەوە بۆ ١٢٠٠ تەن هەنگوین. لەبەرئەوەی زەمینەسازی هەیە و ئاووهەواکە لەبارە و خەڵکیش حەز لە بەخێوکردنی هەنگ دەکات و ئێمەش دەتوانین نەخۆشییەکانیان کۆنترۆڵ بکەین. ئەمساڵ نزیکەی ١٥ تەن لەباشترین جۆری هەنگوین ڕەوانەی ئیمارات کرا.

**هەشتەم/ لەوەڕگا و دارستانەکان.**

**نۆیەم/ نوێکردنەوەی ئامێرە کشتوکاڵییەکان.**

**دەیەم/ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی.**

**یانزەهەم/ بوژانەوەی مرۆیی "تنمیە البشریە" لە نێو فەرمانبەران و جوتیاران.**

## بەبێ پرۆژەی ئاودێری ژێرخانی کشتوکاڵی دروست ناکرێت

ئەنوەر عومەر گوتیشی: "کاتێك ئێمە لەوەزارەتی کشتوکاڵ پیلانەکەمان دارشت، چەند ئامانجێکمان دانا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو. لەبەرئەوەی ئەگەر پرۆژەی ئاودێری نەبێت ئەوا ئێمە بەتەنها هیچمان پێ ناکرێت. هەروەك دەزانرێ، کە پارساڵ بەهۆی وشکەساڵی ئابووری کوردستان و لەنێویشیاندا کەرتی کشتوکاڵ ڕووبەڕووی نەهامەتییەکی گەورە بووەوە. بۆیە ئێمە بۆ دانانی ژێرخانی کشتوکاڵی دەبێت لەڕێی پرۆژە ئاودێرییەکان دەست پێبکەینەوە، گەر پرۆژەی ئاودێریشمان نەبێت ئەوا ژێرخانەکەمان پێ دروست ناکرێت. ئەمساڵ بۆ یەکەمجارە لەکوردستان کە چوار وەزارەت (کشتوکاڵ، سەرچاوەکانی ئاو، پیشەسازی و بازرگانی) بەیەکەوە پلان دادەنێین، لەبەرئەوەی ئەو چوار وەزارەتە میحوەرین. ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە لەگەڵ هیچ وەزارەتێکی دیکە پێویستیمان بە پلاندانان نییە. بەڵکو ئێمە پێویستیمان بەهەریەك لەوەزارەتەکانی (شارەوانی، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، کارەبا، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ژینگە) هەیە. لەبەرئەوەی پرۆسەکە گشتگیر و هەمەلایەنەیە. بۆ نموونە ئێمە لەکوردستان زۆر کێشەمان هەیە ڕادەستی هەندێ لە زانکۆکانی ئەمریکامان کردووە لەوانە (زانکۆی تەکساس) بۆئەوەی توێژینەوەمان بۆ بکەن تا چارەسەری کێشەکان بکەین.

**سەبارەت بە وەزارەتی بازرگانی:** ئێستا توانای ئەمبارکردنی بەرهەمی ٢٢٠،٠٠٠ تەنی هەیە، بەڵام ئەوان بەنیازن بیگەیێننە ملیۆنێك و ١٢٤ هەزار تەن بۆئەوەی خەزن بکرێت. لەبەرئەوە ئەگەر ئاستی بەرهەمی گەنم و جۆ بۆ نموونە بۆ ٥٠٠،٠٠٠ تەن بەرزبووەوە ئەوا بتوانرێت لە سایلۆکان ئەمباربکرێت.

هەروەها ئامادەسازی کراوە بۆ کردنەوەی کۆگای ساردخانە بۆئەوەی لەکاتی پێگەیشتنی بەروبوومەکان لەو کۆگایانە دابنرێت.

**سەبارەت بە وەزارەتی پیشەسازی:** تائێستا نزیکەی ٣٠ کارگەی داناوە بۆ شیرەمەنی ڕۆنی ڕووەکی (مرەبا، سرکە، شەربەت، دۆشاوی تەماتە، شەراب و کۆمەڵێك شتی دیکە). بەشێوەیەك لەهەر پارێزگایەکدا ٤- ٥ کارگە دادەنرێت، بۆئەوەی هانی خەڵکی دیکەش بدرێت کە لەمەودوا کارگەی بەرهەمهێنان بکەنەوە.

## دانانی دوو یاسا
## بۆ گۆڕینی فەلسەفەی کشتوکاڵی ساڵانی حەفتاکان

ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ ٢ یاسای نوێی ئامادەکردووە، یەکێك لەو یاسایانە بۆئەوەیە، ئەگەر هاتوو هەرێمی کوردستان تووشی بارودۆخێکی ئاوارتە (قوە قاهیرە) بووە، وەکو لافاو یان وشکەساڵی ئەوا حکوومەت هاریکاری جوتیاران بکات. هەروەها یاسایەکی دیکەش بەناوی "یاسای جێبەجێکردنی زەوی جوتیاران" دەرچووە، کە بەگرنگترین یاسای هاوچەرخ دادەنرێت لەکوردستاندا. لەبەرئەوەی ئەو فەلسەفەیەی پێشتر هەبوو، لەتوانایدا نەبوو گەشە بەکەرتی کشتوکاڵ بدات، چونکە ڕژێمی پێشوو بەهەوەسی خۆی لەساڵانی حەفتاکان داینابوو. بەڵام حکوومەت هەڵسا بە گۆڕینی ئەو دید و فەلسەفە ناڕۆشنە بە یاسایەکی تازە، کە ئێستا لەشارەکانی هەولێر، دهۆك و سلێمانی ٣ لیژنە و لەگەرمیانیش ٢ لیژنەی بۆ پێکهاتووە، بە مەبەستی جێبەجێکردنی.

## کڕینی هەلیکۆپتەر بۆ کاری ڕشاندن

سەبارەت بەدامەزراندنی فڕۆکەوانی کشتوکاڵی بۆ کاری ڕشاندن لەسلێمانی بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان گوتی:

ڕەنگە لە سلێمانی سوود لەو جۆرە وەربگیرێت، بەڵام ئێمە نامانەوێ فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی لەهەولێر و پارێزگاکانی دیکە دروست بکەین چونکە پێداویستی و خەرجییەکی زۆری دەوێت.

**سەرچاوەی ڕۆنمان نییە و لەم ڕووەوە زۆر هەژارین**

**سەبارەت بە زەیتی زەیتوون، ساڵی ڕابردوو دوو هەزار دۆنم چاندراوە، ئەمساڵیش بە نیازین ٢ هەزار دۆنمی دیکە بچێنین**

**ئێستا توانای بەرهەمهێنانی ٣٣٠ ملیۆن هێلکەمان هەیە، دەمانەوێ بیگاتە ٦٤٦ ملیۆن هێلکە، کە بەگشتی دەکاتە ١٢٩ هێلکە بۆ هەر تاکێك لەساڵێکدا**








بەڵکو دەمانەوێ هەلیکۆپتەر بکڕین کە تەنها شوێنی نیشتنەوەی هەبێت لەهەر جێگایەکدا بێت بۆ ئەو کاتانەی کە ڕشاندن دەکرێت. بۆیە ئێمە بەنیازین بۆ هەر پارێزگایەك دوو هەلیکۆپتەر بکڕین.

## دامەزراندنی بانکی کشتوکاڵی و پێدانی قەرز بە جوتیاران

بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لەوەزارەتی کشتوکاڵ بەخۆشحاڵییەوە باس لەوە دەکات، کە یەکێك لەئامانجە گرنگەکانیان بەدیهاتووە و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕەزامەندی دراوە بۆ کردنەوەی بانکی کشتوکاڵی لەهەرێمی کوردستان. لەمبارەیەوە گوتی: "ئێمەش هەر لەئێستاوە لە ئامادەسازی داین بۆ کاراکردنی بانکەکە تاکو بتوانێ پارە بەقەرز بداتە جوتیاران و بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکانیان لێی سوودمەندبن".

## ئەگەری وشکەساڵی و تێکچوونی پلانەکانی حکوومەت

ئەوەی بەلای شارەزایانی بواری کشتکوکاڵەوە مایەی ترس و نیگەرانییە، سەرهەڵدانەوەی مەترسیی وشکەساڵییە لە ٢٠٠٩ کە دەبێتە هۆی تێکچوونە پلانە پێنج ساڵییەکەی حکوومەتی هەرێم بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستاندا. لەمبارەیەوە ئەنوەر عومەر بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لەوەزارەتی کشتوکاڵ بەمشێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو:

لەڕاستیدا ئێمە شیمانەی ئەوەمان کردووە کە لەهەموو ساڵەکان وشکەساڵی ڕوبدات، ئێمە کە پلانە پێنج ساڵییەکەمان داناوە، ئەوا وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو و هەردوو وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بەشێکی زۆری پلانەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ. ئەمەش بۆئەوەی ژێرخانێك دابنێین ئەگەر وشکەساڵی ڕووی تێکردینەوە تا بتوانین بەرەنگاری ببینەوە. بەشێوەیەك جوتیاران سەرچاوەی ئاویان لەلا هەبێت و لەپلانی وەزارەتی کشتوکاڵ دامانناوە ئامێری دڵۆپاندن و (مرشات) دابەش بکەین.

## هاندانی جوتیاران بۆ چاندنی بەرهەمەکانیان

گوڵان بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە گیروگرفتەکانی جوتیاران، سەردانی چەند جوتیارێکی کرد کە ساڵی ڕابردوو بەهۆی وشکەساڵییەوە زیانمەندبوونە و لەم ڕووەوە گلەیی خۆیان ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ کرد. جوتیارێك (أ. ڕ) کە ساڵی ڕابردوو ٣ تەن گەنمی چاندبوو، بەڵام بەهۆی وشکەساڵییەوە هیچ بەرهەمی نەبووە، بە ئەسەفەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند کە وەزارەتی کشتوکاڵ وەکو پێویست نەیتوانیوە بە تەنگ داخوازییەکانی جوتیارانەوە بچێت و قەرەبوویان بکاتەوە. جوتیارەکە دەڵێت: "لەبەرامبەر ئەو زیانەی ساڵی ڕابردوودا، ئەمساڵ زەویەکانم نەچاندووە لەترسی دووبارەبوونەوەی وشکەساڵی، چونکە حکوومەت نەیتوانی قەرەبووم بکاتەوە، لەکاتێدا بایی ملیۆن و نیوێك تۆوی گەنمی باوەڕپێکراوم لەمەڵبەندی توێژینەوەی کشتوکاڵی کڕیوە. ئەوان تەنها هاوکارییەکی ڕەمزی و سادەیان کردووم کە بەشی هیچ ناکات".

هەروەها جوتیارێکی دیکە بەناوی (أ. س) لەدەشتی شەمامك بۆ گوڵانی ڕوونکردەوە کە چەند جارێك لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بەڵێنی وەرگرتنی خانووی پلاستیکی و مەوادی کیمیایی پێدراوە، بەڵام تائێستا هاوکارییەکان ناکام بوونە.

پەیوەست بەم مژارە، لەبارەی بێئومێدی جوتیاران و هاندانیان بۆ بەردەوامبوون، ئەنوەر عومەر بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لەوەزارەتی کشتوکاڵ گوتی:

ئەوەی ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی کردوومانە لەمێژووی عێراقدا شتی وا نەکراوە. ئەمساڵ لەوەزارەتی کشتوکاڵ ٣٠ هەزار تەن گەنم بۆ چاندن بەسەر جوتیاراندا دابەشکراوە. لەبەرئەوەی ئێمە کێشەی "تۆوی چاندن"مان هەبوو، چونکە زۆر بەکەمی گەنمەکە لەکوردستان بەدەستدەهات، ئێمە پێشبینی ٣٠٠ هەزار تەنمان دەکرد، بەڵام ڕەنگە هەر ٥٠ هەزار تەن هاتبێت. ئێمە توانیمان لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ٣٠ هەزار تەن تۆوی گەنمی باوەڕپێکراو پەیدا بکەین و بەسەر جوتیاراندا دابەشی بکەین، کە تەنها ٥ هەزار تەن جۆ بۆ چاندن بوو. هەروەها ئێمە **ئەمساڵ ١٣٣،٠٠٠ تەن عەلەف بە خاوەن ئاژەڵەکان دەدەین.** هەموو خاوەن ئاژەڵەکان لەبەر نەبوونی ئالیك دەترسان و ئامادەبوون ئاژەڵەکانیان بفرۆشن، بەڵام بەو ئالیکەی کە ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ دابینی کردووە لەڕێگای پارێزگاکانەوە دابەشدەکرێت. بۆیە هەموو ئاژەڵدارەکان بەم هەنگاوەی وەزارەتی کشتوکاڵ دڵخۆش بوون. هەروەها یەکەمجارە چاندنی سەوزە و میوەجات لەژێر خانووی پلاستیك (بیوت بلاستیکیە) تاقی بکرێتەوە، کە سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناوە. زۆربەی ئەو پرۆژانەش بەخۆڕایی دەدرێتە هاووڵاتیان، بەڵام بە مەرجێك پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بن.

## میوەی کوردستان تەنها بە پەینی ئاژەڵی بەخێو دەکرێت

ئێستا بەشێکی زۆری هاووڵاتیان بە ترس و نیگەرانی لە بەروبوومە خۆراکییەکان دەڕوانن، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی لەوڵاتانی دەرەوە دەهێنرێنە کوردستان، لەجیاتی بەکارهێنانی سەمادی بایۆلۆژی، بە زەبری سەمادی کیمیاوی بەرهەمەکان زیاد دەکرێن، کە ئەمەش مەترسی ژەهراوی بوونی لێدەکەوێتەوە لەپاشەڕۆژدا. لەمباریەوە بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان ڕوونیکردەوە کە ئێستا هەموو دنیا بۆ زیادکردنی بەرهەم ڕوویان لەبەکارهێنانی



●●●
**ئێستا توانای بەرهەمهێنانی ٢٠٠،٠٠٠ تەن شیر هەیە، دەمانەوێ بکرێتە ٤٠٠،٠٠٠ تەن شیر. ئەمەش لەڕێگای گۆڕینی پرۆژەکانەوە**
●●●

●●●
**ناکرێ ئاژەڵدارێک مانگا بەخێو بکات ١٠ کیلۆگرام شیری هەبێت، بەڵام مانگا هەیە ٥٠ کیلۆگرام شیری هەیە**
●●●

●●●
**بەنیازین بۆ هەر پارێزگایەک دوو هەلیکۆپتەر بکڕین**
●●●

ئۆرگانیــــك (پەینی ئاژەڵ)ی کردووە، کە هیچ جۆرە ماددەیەکی کیمیایی تێدا بەکارناهێنرێت، تەنانەت بە دەرمانیش نارِشـــێنرێت. هەرێمی کوردســـتانیش باشـــترین جۆری میوەی هەیە، کە بەبێ پەینی کیمیایی بەخێوکراون، رِەنگە سەوزە فرِوفێڵی تێدا بکرێت و بەئاوی پیس گەورە بکرێت، بەڵام میوەی کوردستان وەك (هەنار، قەیسی، سێو، خۆخ، ترێ و...تد) تەنها پەینی ئاژەڵی پێدەدرێت، کە ئەمەش لەرِووی تەندروستییەوە هیچ کاریگەری سلبی نییە.

## پێشنیارەکان
## بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان

گوڵان بۆ دەوڵەمەندکردنی رِاپۆرتەکەی بە چاکی زانی لەکۆتاییدا چەند پێشنیار و رِاسپاردەیەك بخاتە بەر دیدی لایەنە پێوەندیدارەکان، بۆ ئەمەش لە دیدی ئەندازیارە پێشکەوتووەکانی کشتوکاڵەوە چەند پێشـــنیارێکیان بۆ زیندووکردنەوەی کەرتی کشـــتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان خستەرِوو:

١- بە بەراوکردنی زەوییە کوشتوکاڵییەکان، ئەویش بەدابین کردنی ئامێری پرژاندنی تەوەری و ئامێرەکانی دڵۆپاندن و سوود وەرگرتن لەسەرچاوەکانی ئاو بەشـــێوەیەکی ئابووری، کە تائێستا نزیکەی ٦٧،٠٠٠ دۆنـــم بەراو هەیە، وەزارەتیش بەنیازە **٩٤٢** هەزار دۆنمی دیکە ئەمســـاڵ بەراو بکات بۆئەوەی بگاتـــە زیاتر لەملیۆنێك و نیو.

٢- زیاتر گرنگیدان بە زەوییە کشتوکاڵییەکان و نەکرێتە کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون بەتایبەت زەوییە بەپیتەکان.

٣- هاوکاری و پشـــتگیری جوتیاری لێهاتوو بکرێت و بەتایبەتی ئەو جوتیارانەی کە پرۆژەی گەورە و ستراتیژییان دامەزراندووە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە پرۆژەکەی بدات.

٤- هاندانی ئاژەڵداران بۆ چاندنی پەینی ســـەوز وەکو (وێنجە و سێ پەرِە)، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ بوژاندنەوەی کەرتی ئاژەڵداری و درێژەدان بە بەخێوکردنی ئاژەڵ.



٥- هاندانـــی کەرتـــی تایبەت بـــۆ دامەزراندنـــی کارگەکانی شیرەمەنی و ســـاردکەرەو کارگەی تایبەت بە گۆرِینی سەوزە و میوە ( بە قووتو بەندکردن) و ئاسانکاری و دابین کردنی زەوی بۆ دامەزراندنی پرۆژەی گەورەی پیشەسازی کشتوکاڵی.

٦- ئەولەویـــات بدرێتە چاندنی بەروبوومە ســـتراتیژییەکان وەکو (گەنم و برنج و پەتاتە)، کە لەهەموو دنیا بە بەرهەمی ستراتیژی دەژمێردرێن و هەروەها دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنان وکرِینەوەی بەروبوومی جوتیاران بەنرخێکی گونجاو.

٧- پشـــتگیریکردنی بەربوومـــی خۆماڵـــی و دانانی باجی زۆر لەسەر بەرهەمە بیانییەکان، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە بەرهەمی خۆماڵی لەبازارِەکان زۆرەو هاریکاری جوتیاران بۆ گواســـتنەوەی بەرهەمەکانیـــان و دابینکردنـــی کرێی گواســـتنەوە بۆ شـــوێنە دوورەکان.

٨- گرنگیـــدان بە خولی رێنمایی بۆ جوتیاران و ئافرەتانی لادێ بۆ راهێنانیان لەسەر سیستەمی تازەی چاندن.

٩- دابینکـــردن و هێنانی ئامێر و کەلوپەلی نوێ و تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ جوتیاران و بەنرخی پشتیوانیکراو (دعم) بەسەر جوتیاران دابەش بکرێت.

١٠- کردنـــەوەی بانکی کشـــتوکاڵی بۆ جوتیاران و بەخشـــینی قەرزی کشـــتوکاڵی بەبـــێ زیادە. بۆئەوەی ببێتـــە فاکتەرێك بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشـــتوکاڵی گەرِانەوەی جوتیاران بۆ ســـەر کێڵگە کشتوکاڵییەکانیان.

١١- هەمەهەنگـــی نێوان وەزارەتی کشـــتوکاڵ و مەڵبەندەکانی توێژینـــەوە وەکو (کۆلێـــژو پەیمانگا کشـــتوکاڵییەکان). دەکرێت کاری زانکۆکان و وەزارەتی کشـــتوکاڵ و کەرتی تایبەت بەیەکەوە ببەسترێتەوە و بابەتە بەسەرچووەکانی کۆلیژی کشتوکاڵ بۆ بابەتی نوێ و پراکتیکی بگۆرِدرێن و تاقیگە و ســـەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی بەرِەچاوکردنی پێویستییە هەنووکەییەکان و پێشکەوتنە جیهانییەکان بهێننە کایەوە.

١٢- دامەزراندنی دەزگایەکی بایۆ- تەکنۆلۆژی پێویســـتییەتی هەنووکەییە، بەمەبەستی پەرەپێدانی داوودەرمان و توێژینەوە لەسەر رِووەکەکان.

١٣- هەوڵدان بـــۆ پێگەیاندنی جوتیارانـــی گەنج کە دەرچووی ئامادەیی کشـــتوکاڵ و پەیمانگاو کۆلیژەکانی کشـــتوکاڵ بێت، بۆ ئەوەی کارەکان بەشـــێوەیەکی زانســـتی بەرِێوەبچن بەمەرجێك دانیشتووی گوندو لادێکان بن.

١٤- ســـوود وەرگرتـــن لە ئەزموونـــی وڵاتانی پێشـــکەوتوو بە کردنەوەی پرۆژەی گەورەی کشتوکاڵی، بەسوود وەرگرتن لەیاسای وەبەرهێنان. هەروەها بوونی هەماهەنگی بەردەوام لەنێوان حکوومەت و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت.

١٥- خستنەرِووی داتای بنەرِەتی و ئامار و زانیاری و شەفافیەت بۆئەوەی بوار بۆ پلانێکی سەرکەوتوو برِەخسێت و سەرمایەگوزاران لەبەگەرِخستنی سەرمایەکانیان بەرچاویان رِوون بێت.

١٦- فراوانکردنی بەکارهێنانی زەوییە کشـــتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردســـتان کە ئێســـتا زیاتر لە ٥٠٪ی زەوییە کشـــتوکاڵییەکان فەرامۆش کراون.

●●●
**ئێستا ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی ٦٠٠ تەن هەنگوینمان هەیە، بەڵام بەپێی ئەو پلانەی دامانناوە، بەنیازین ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکەینەوە بۆ ١٢٠٠ تەن هەنگوین**
●●●

●●●
**ئەمساڵ نزیکەی ١٥ تەن لەباشترین جۆری هەنگوین رِەوانەی ئیمارات کرا**
●●●


●●●
**جوتیارێک:**
**لەبەرامبەر ئەو زیانەی ساڵی رِابردوودا، ئەمساڵ زەویەکانم نەچاندووە لەترسی دووبارەبوونەوەی وشکەساڵی، چونکە حکوومەت نەیتوانی قەرەبووم بکاتەوە**
●●●

# بەم زستانە بەشێک لە خانووە تەجاوزەکانی هەردوو گەڕەکی هەرێم و کوردستان لە دارەتوو تێکدەدرێن

## جوان ڕەفیق، بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو بۆ گوڵان:

# ئامادەم دەست لەکار بکێشمەوە، گەر ئەو شوێنە بەبێ موزایەدەی ئاشکرا بدرێ بەهەر کەسێک

●●●
**هاووڵاتی عوسمان بەکر حەسەن: زەوییان بەهەندێکیان داوە، بەڵام تائێستا من لەقەرەبووکردنەوە بێبەشم، دەڵێن رووبەری خانووەکەت کەمە**
●●●



جوان رەفیق فەتحوڵڵا

دوای ئـــەوەی ناحیـــەی دارەتوو دەستیکرد بە تێکدانی ژمارەیـــەك خانوو لەگەڕەکی هەرێم-ی ناحیەکە، کە ساڵانێك بوو بە تەجاوز دروستکرابوون، بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیانی گەڕەکەکـــە نارەزایـــی خۆیـــان لەبەرامبـــەر تێکدانی خانووەکانیان لـــەوەرزی ســـەرما و سۆڵەی زستان نیشاندا و رایانگەیانـــد کـــە سەرگەردانکراون و وەکو پێویســـتیش نەتوانراوە قەرەبوو بکرێنـــەوە، هەروەها بـــەو دەنگۆیانەش قەڵس و نیگەرانـــن کـــە باس لـــەوە دەکـــەن دوای تێکدانی خانووەکان، شـــوێنەکەیان دراوەتە چەند سەرمایەدارێك بۆئەوەی بکرێتە پرۆژەیەکی بازرگانی.

گـــوڵان بـــۆ لەنزیکـــەوە ئاگاداربـــوون لەکێشـــەکە لـــە نزیکـــەوە هاووڵاتیانی گەڕەکـــە تێکدراوەکەی دواند و پاشـــانیش، رووی دەمـــی پرســـیاری ئاراســـتەی جوان رەفیق فەتحوڵڵا بەرێوەبەری ناحیەی دارەتوو کرد و ئەویش گوتی: تێکدانی ئەو خانووانە بەر پرۆژەی دروســـتکردنی شـــەقامەکانی ناوخۆیـــی گەڕەکی هەرێم و بەشـــێك لە گەڕەکی کوردســـتان دەکەون کە لەنێـــو دارەتوودایە. پرۆژەکە بۆئەوەیە کە ئەو کۆڵانانەی قیرتاو نەکراون و شۆســـتە و هیچ خزمەتگوزارییەکیان بۆ نەچووە، چاك بکرێنەوە. بەڵام هەندێ

●●●
**هاووڵاتییەکی دیکە: بەو زستانە سەرگەردانمان دەکەن و بە مەجبووری کەلاوەیەکی بچووکم بە ٢٥٠ هەزار دینار بە کرێ گرتووە**
●●●



خاوەنی ئەم خانووەی دەستە چەپ، پۆلیسی هاتووچۆیە، تائێستا ئامادە نییە خانووەکەی تێك بدات

دوكان و خانووی تەجاوز بەربەستن لەبەردەم جێبەجێكردنی پرۆژەكە. ئێمە لەسەر بنەمای ئەو خەریتەیەی لامانە، هەرچی لە پێش بێت دەبێت لاببرێت. كاتێكیش لادەبرێت، ئەو كەسانەی كە خانوویان لێ ڕووخێنراوە قەرەبوو دەكرێنەوە. لەم ڕووەوەش زەویان بۆ تەرخانكراوە و قەرەبوو دەكرێنەوە لەبەرامبەر ئەو كەرەسەیەی پێشتر بەكارهێناوە بۆ دروستكردنی. قەرەبووەكەش پارچە زەوییە كە هەمووی بە ڕەزامەندی خۆیانە. ئێمە هەموو خاوەن خانووە تەجاوزەكانمان بانگ كردووە و چەند جارێك لەگەڵیان دانیشتووین. ئەوانەی كە دەڵێن زەویمان وەرنەگرتووە، ڕاست ناكەن. ئەوەی كە خانووی هەبێت بە فیعلی، بەڵام ئەگەر كوڕێكی لەماڵەوە لەگەڵدا بژیت و بیەوێ ژنی بۆ بهێنێت، ئەوا ناكرێ قەرەبوو بكرێتەوە و زەوی پێبدرێت. ئێمە ناوچەكەمان ڕووپێو كردووە لەسەر بنەمای ئەوەی كێ ماڵ و خێزانی هەیە ئەوا ئەو كەسە زەوی وەردەگرێت.

سەبارەت بە شێوازی قەرەبووكردنەوەكەش، جوان ڕەفیق ڕایگەیاند: كاتێك قەرەبووی ئەو خانووە تەجاوزانە دەكەینەوە ئەوا وەكو هاوكارییەكی حكوومەتە بۆ هاووڵاتیان، لەبەرئەوەی دەزانین باری ژیانیان سەختە. كاتێكیش هەندێ خەڵك دەڵێت ئەو زەویانەی پێماندراوە، هیچ خزمەتگوزاری بۆ نەچووە، ئەمەش دوورە لە ڕاستییەوە. لەبەرئەوەی ئێمە لای خۆمانەوە هەموویانمان بانگ كردووە. ئەو كەسانەی خانوویان لێ دەڕووخێت تەنها ئەو چەند كەسە نین كە هاتوون لە هەفتەنامەی گوڵان سكاڵایان كردووە. بەڵكو ئێمە نزیكەی ٦٠ كەسی دیكەمان هەیە كە ئێستا خانووەكانیان تێكچووە و قەرەبوو وەردەگرنەوە. ئێمە یەك بە یەك بانگمان كردوون و پێمانگوتوون و ئیختیاراتمان داونەتە دەست. هەریەك لەو خێزانانە دوو ئیختیارمان لەبەردەست داناون، یان ئەوەتا لەگەڕەكی دارەتووی نوێ یانیش لە گەڕەكی ئیفرازی نوێ قەرەبوو بكرێنەوە. سەرپشك كراون كامیان هەڵدەبژێرن. ئەوان گوتوویانە ئێمە قەرەبوومان لەخوارەوە دەوێت. بەمشێوەیە كلێشەی بەڵێننامەمان بۆ ئامادەكردوون و پڕیان كردۆتەوە كە قەرەبوو لەو شوێنە وەربگرن. هەرچەندە حاڵی حازر ئەو شوێنە خزمەتگوزاری بۆ نەچووە، بەڵام لەوانەیە حكوومەت بەپێی ئیمكانیات لە ٢٠٠٩ هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەكیان بۆ ببات، هەروەكو گەڕەكی دارەتووی نوێ كە پارساڵ هیچ خزمەتگوزارییەكی تێدا نەبوو، بەڵام ئێستا تەواوی جادە و كۆڵانەكانی قیرتاو كراون، ئەمە جگە لەو تۆڕە كەهرۆئاوییەی كە ڕاستەوخۆ بۆی دابینكراوە.



گوڵان پرسیاری ئەوەی لە بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو كرد، دوای تێكدانی خانووە تەجاوزەكان كە ناوچەكە دەكەوێتە سێگۆشەیەكی بازرگانییەوە، ئایا ئەو شوێنە دەكرێتە چی؟ جوان ڕەفیق بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە:

ئەم شوێنە ڕوكن بێت یان نا، ئێمە پرۆژە و شۆڵدەری جادەمان هەیە، ناكرێ من خانوویەك بە تاقی تەنیا لە نێو گۆڕەپانێكدا بەجێبهێڵم كە تەنیشتەكانی بەر پرۆژەكە بكەوێت. ئەو شوێنە لەسەر دیزاینی خەریتەی ئەساسی هەرچی بۆ دانرابێت ئەوا پێشنیار دەكرێت بۆ ئەو شتە، ئیتر ئەو پرۆژەیە پارك یان باخچە یان بازاڕ و ئوتێل بێت. بۆیە لەسەر خەریتەكە چیمان پێ گونجاو بێت ئەوا بۆ ئەو پرۆژەیە دایدەنێین.

دەربارەی ئەو دەنگۆیانەی كە باس لەوە دەكەن، شوێنەكە لەبری موزایەدەی ئاشكرا بە تەخسیس دراوەتە كەسانێكی دیاریكراو بۆئەوەی بكرێتە مۆڵ و سوپەرماركێت، بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو بەهەر كلۆجێك ئەوەی ڕەتكردەوە شوێنەكە بۆ هیچ كەسێك تەرخان كرابێت و گوتی:

ئەو شوێنە قەتعیەن بەهیچ كەس نەدراوە. تائێستا هیچ شتێك بە تەخسیس بۆ هیچ كەسێك دانەندراوە. هەر كەسێك دەڵێت بە نهێنی دراوە بە خەڵك با بێت بۆمان بسەلمێنێت، ئەگەر ئێمە دابێتمان بە كەسێك بەبێ موزایەدە و بەبێ هیچ شتێك ئەوا ئێمە بەهەموو شتێك ڕازی دەبین. ئەگەر ئەو شوێنە بە تەخسیس و بەبێ موزایەدەی ئاشكرا بدرێتە هەر كەسێك ئەوا من ئامادەم دەست لەكار بكێشمەوە.. هەر كاتێكیش موزایەدە بكرێت، ئەوا موزایەدەكە ئاشكرا دەبێت. ئەگەر ئەو شوێنە بكرێتە هەر پرۆژەیەك ئەوا دەبێت لەڕێی موزایەدەی ڕەسمییەوە بێت. ئەگەر پرۆژەیەك بۆ بازرگانی و تاكەكەسی بێت ئەوا بە موزایەدەی عەلەنی دەبێ و بۆ ماوەی مانگێك لە ڕۆژنامە ئیعلان دەكرێت و شارەوانی لەچەند شوێنێك لافیتەی خۆی هەڵدەواسێت.

جوان ڕەفیق فەتحوڵڵا لە كۆتایی ئاخاوتنەكانیدا بۆ گوڵان گوتیشی: "بە ڕای ئێمە وا باشترە ئەو شوێنە بكرێتە بازاڕ و باخچە و پارك بە تێكەڵاوی، چونكە شوێنەكە دەكەوێتە سەر جادەیەكی تیجاری، بۆیە ناكرێت ئێمە بێین لەو شوێنە نەخۆشخانە و قوتابخانە دروستبكەین لەبەرئەوەی جادەكە بازرگانییە نەك خزمەتگوزاری. بۆیە دەبێ بكرێتە پرۆژەی بازاڕ، دەتوانین چێشتخانە و كافتریا و باخچەی لێ دروست بكەین، چونكە زیاتر بۆ ئەو جۆرە پرۆژانە گونجاوە".

**لەلای ئەرزەكانی ئەحمەدئاغا پارچە زەوییەكی ١٥٠ مەترییان پێداوم. ئەو شوێنەش وەك بیابانە و هیچ خزمەتگوزاریی بۆ نەچووە.**



**ئەو پیرەژنە دەڵێت كوڕ و كچم نییە، لەلایەن ئەو ماڵەوە لەڕاهی خوا بەخێو دەكرێت.. ئێستا بێ جێگەیە**

